حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
زانکۆی سلێمانی
فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان
سکوڵی زمان

# وشەی زمانی کوردی و ڕێگاکانی دەوڵەمەندکردنی

نامەیەکە خوێندکار
**عوسمان کەریم عەبدولڕەحیم**

پێشکەشی ئەنجومەنی سکوڵی زمان/ فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان لە زانکۆی سلێمانی کردووە،
وەك بەشێك لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی پلەی ماستەر لە زمانی کوردیدا.

بە سەرپەرشتی
**پرۆفیسۆر د. فاروق عومەر سدیق**

(2714)ی کوردی　　　(2014)ی زایینی

# پێشەکی

# یەکەم بەش

# فەرهەنگی زمان و ڕێگاکانی دەوڵەمەندکردنی

# دووەم بەش

# ڕۆڵی زاراوە لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی کوردیدا

# سێیەم بەش

## ڕۆڵی دیالێکت لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی کوردیدا

# ئه نجام

# سەرچاوەکان

## 0 / 1 ناونیشانی نامەکە :

ناونیشانی نامەکە ((وشەی زمانی کوردیو ڕێگاکانی دەوڵەمەندکردنی))، هەوڵێکە بۆ تیشکلێدانو خستنەڕووی ڕێگاکانی دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمان بەگشتیو دووان لەو ڕێگایانە بەتایبەتی، کە ڕۆڵیان لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی گشتیی زماندا هەیە.

## 0 / 2 هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە :

یەکێك لە ئامانجە هەرە گرنگەکانی لێکسیکۆلۆژی، لێکۆڵینەوەیە لەو ڕێگایانەی کە دەبنە هۆی دەوڵەمەندکردنو گەشەسەندنی فەرهەنگی زمان، هەرچەندە ناوبەناو باسی زانستی لە هەندێك لەو ڕێگایانە بە ناڕاستەوخۆو بەبێ ئەوەی ئامانجی باسە زانستێکانیان نیشاندانی ڕۆڵو نرخو بەهای ئەو ڕێگایانە بێت لە پەرەسەندنی فەرهەنگدا، بەرچاو دەکەون، بەڵام بەسەربەخۆییو بەتەنیاو بەدیاریکراوی زۆر بە کەمی لە چوارچێوەی نامەی ماجستێرو دوکتۆرادا لایان لێ کراوەتەوە، لەبەرئەوە ئێمە بەپەسەندمان زانی ئەم نامەیە تەرخان بکەین بۆ لێکۆڵینەوە لەدوو ڕێگا لەو ڕێگایانە کە ئەوانیش: زاراوەو دیالێکن.

## 0 / 3 کەرەستەو سەرچاوەی بەکارهاتووی ناو نامەکە :

لەم نامەیەدا ئەو وشەو زاراوانەی، کە لە دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاستی زمانی کوردی لە کاردان، خراونەتەڕوو. هەروەها سود لە زمانی ڕۆژانەی خەڵك وەرگیراوە بۆ نمونەکان، لەگەڵ سوود وەرگرتن لە سەرچاوەی نوسراو، بەزمانی کوردیو بیانی، وەك: ڕوسیو ئینگلیزیو عەرەبی.

## 0 / 4 ڕێبازی لێکۆڵینەوەی نامەکە و تەکنیکی کارەکە :

ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە، بریتییە لە ڕێبازی لێکۆڵینەوەی وەسفی شیکاری، لە ئێستای وشەو زاراوەکانی زمان دەکۆڵێتەوەو نمونەی لێکسیکی زمانەکەش بۆ پراکتیزەکردنی کارەکە هێنراونەتەوە.

## 0 / 5 گرفتی نامەکە :

لە نوسینی هەر نامەیەکی ئەکادیمیدا گیرگرفت هەیە، گیروگرفتە سەرەکێکانی ئێمە بریتییە لە دیاریکردنی سنووری نێوان وشەی ئاساییو پەرژینکراو (زاراوە)و ساغکردنەوەی لێکسیکی دیالێکتەکانی زمانی کوردی لەناو زمانە یەکگرتووەکەدا.

## 6 / 0 گرنگی و بایەخی نامەکە :

توێژینەوە لە هەر بوارێکی زانستی گرنگی‌و بایەخی خۆی هەیە، گرنگی ئەم توێژینەوەیەش، بریتییە لە خستنەڕووی زانستییانەی فەرهەنگی زمان‌و پێکهاتەکانی‌و پاشان ڕێگا جیهانییەکانی دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمان، کەوا بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ کاردەکەنە سەر فەرهەنگی زمانەکە لە ناو ئەو ڕێگایانەشدا کاریگەری زاراوەو دیالێکت لەسەر زمانی کوردی بە شێوەی تیۆری‌و پراکتیکی خراوەتەڕوو.

## 7 /0 ناوەرۆك بەشەکانی نامەکە :

نامەکە جگە لە پێشەکی‌و ئەنجام‌و لیستی سەرچاوەکان، پێکهاتووە لە:

**بەشی یەکەم:**

ئەم بەشە، لەژێر ناوی ((فەرهەنگی زمان‌و ڕێگاکانی دەوڵەمەندکردنی))، بەشێوەیەکی تیۆری فەرهەنگی زمان‌و پێکهاتنی لەڕووی چەسپاوی‌و نەچەسپاوی وشەکانییەوە، بەسەر فەرهەنگی بنەڕەتی‌و گشتی دابەشکراوە، لەگەڵ خستنەڕووی ڕێگاکانی دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمان، چەند باسێکی تریش لەخۆ دەگرێت، لەوانە: وشەو زاراوە، پەیوەندی نێوان ناوو ناولێنراو بەپێی تیۆرەکانی واتا، بەراوردکردنی وشەو زاراوەو پەیوەندییان بەپرۆسەکانی واتاوە، دیالێکت، پێداچوونەوەو هەڵسەنگاندنی ئەو کارانەی پێشتر لەبواری (زاراوە)و (دیالێکت)دا کراون.

**بەشی دووەم:**

لەژێر ناوی ((ڕۆڵی زاراوە لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی کوردیدا)) لەسەرەتادا بەشێوەکی گشتی باس لە زاراوەو ڕۆڵ و گرنگی زاراوە کراوە، دواتر بەشێوەیەکی پراکتیکی نموونەکان لە زمانی کوردیدا خراونەتەڕوو. چەند باسێکی تریش لەخۆ دەگرێت: زانستی زاراوە، چەمك‌و فۆرمی زاراوە، گرنگیی زاراوە، تایبەتمەندییەکانی زاراوەو لەدایکبوونی زاراوە، تێکەڵبوون‌و کارلێکی نێوان فەرهەنگی گشتی‌و فەرهەنگی تایبەتی، کێشەکانی زاراوەسازی کوردی‌و چارەسەرکردنیان، زاراوەو ڕێگاکانی دەوڵەمەندکردنی لە فەرهەنگی زمانی کوردیدا.

**بەشی سێیەم:**

ئەم بەشە، لەژێر ناوی ((ڕۆڵی دیالێکت لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی کوردیدا)) بەشێوەیەکی پراکتیکی باسی دیالێکتەکانی زمانی کوردی‌و ڕۆڵ‌و کاریگەرییان لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمانەکە خراوەتەڕوو. چەند باسێکی تریش لەخۆدەگرێت: پۆلێنکردنی زمانەکان، و پۆلێنکردنی لێکسیکی دیالێکتەکان، و زمانی یەکگرتوو، و دیالێکتەکانی زمانی کوردی، ڕۆڵی دیالێکتەکانی زمانی کوردی لە دەوڵەمەندکردنی زمانی یەکگرتوودا.

### 1/1 فەرهەنگی زمان:

فەرهەنگی زمان تێکڕای وشەی زمانێك (نوسراوو نەنوسراو گوتراوو نەگوتراو[1] ماوو لەناوچوو زاڵو ژێردەستەو سستەو چالاك) لەخۆ دەگرێت، لەبەرئەوەی جیهانی وشە فراوانە گەنجینەیەکی گەورەی زمانەکە پێکدەهێنێت، هەتا وشەکانی گەشەو نەشونما بکەن، ئەوا فەرهەنگەکەشی گەشە دەکاتو زمانەکەش لە فەوتانو لەناوچوون دەپارێزرێت.

کۆکردنەوەی وشە قۆناغی خۆ ئامادەکردنە، بۆ ئەوەی لەکاتی جێبەجێکردنی ئەرکەکانی زمان بەکاربهێنرێن، منداڵ لەقۆناغی پێش فێربوونی قسەکردندا هەوڵ دەدات لەڕێی گوێگرتنو لاساییکردنەوەوە وشەکان دەربڕێت، هەرچەندە لەسەرەتادا بەکەموکوڕی دەری دەبڕێت، بەڵام ئەمەش وەکو هەموو ڕەفتارەکانی تری زۆر بە ناسکیو نازداری ئەنجامی دەدات.

زانیاریی منداڵ بە وشە دیاری دەکرێت، بەشێوەیەکی سادە چەند دەنگێك دەدرکێنێت، نزیکە لە ناوی ئەو شتەی مەبەستێتیو کاتێ منداڵ وشەیەك دەدرکێنێ ئەوا چەند چەمکێك لە هزریدا کۆبونەتەوە، بۆ نمونە وشەی (دایە) یا دایکی دەوێت، یا شتێکی لێ داوا دەکات، یاخود سکاڵایەکی لا دەدرکێنێت.[2]

زانینی زمانێکی دیاریکراو، کەوا هەزاران وشە لەخۆ دەگرێت، (بەگەنجی مێشك) ناودەبرێت، کە بەرانبەر بە لیستی وشەو واتاکانی ناو فەرهەنگ دەوەستێتەوە، دەکرێ فەرهەنگی مێشك بە دەزگایەکی گەورەی سنوردار بچوێنرێت، کە هەرگیز بەجێگیری نامێنێتەوە بەڵکو بەردەوام وشەی نوێ فێردەبێتو وشەی سواویش لەبیردەکات.[3]

کەرەستەی سەرەکی فەرهەنگی زمان وشەیە، وشەش وەکو ڕەگەزی سەرەکی ئەم سێ تایبەتمەندییەی خوارەوەی هەیە[4]:-

1. هەمیشە یەکە فەرهەنگێکان (وشەکان) جێگیر نین.
2. وشەی نوێ لە هەموو کاتو بارودۆخێکدا دروست دەبێت.
3. وشە کۆنو سواوەکان ڕووبەڕووی ونبوونو لەناوچوون دەبنەوە.

هەر زمانێك توانای فریاکەوتنی سەرجەم بوارەکانی پێشکەوتنی کۆمەڵەکەی هەبێتو لە بەرانبەر هەر شتێك، بیرێك، چەمکێك، داهێنراوێکدا، وشە یا سیگناڵێکی زمانی هەبێت، ئەوا بەزمانێکی زیندوو دەوڵەمەند دادەنرێت، بەڵام ئەمە لە واقیعدا زۆر کەمو دەگمەنە، چونکە هیچ زمانێك لەسەدا سەد وشەکانی تەواو خۆماڵی نین، بەڵکو بەهۆی چەند ڕێگایەکی تری گونجاوو لەبار بۆ زمانەکە وەك قەرزکردنی وشە، یاخود وەرگرتنەوە ئەو کەلێنانەی پێ پڕ دەکاتەوە.

---

[1] مەبەست لە نەگوتراو ئەو وشانەیە کە شیاوی گوتن نین، یا قەدەغەکراون، کە لە زماندا بە (تابوو) ناودەبرێن.

[2] نبیل عبدالهادي واخرون : 2003 : 247.

[3] John I.Saeed : 2009 : 10.

[4] بە سود وەرگرتن لە پێگەی (Development of Vocabulary. The Basic Word-Stock of the English Language) 11/10/2013http://thinkingout.ru/lex-bilet4.php.

ئەو ڕێگایانەی بۆ سازکردنی وشەی نوێ بەهۆی کەرەستە زمانییەکانییەوە دەگیرێنە بەر، بریتین لە:-

1) ڕێگای ناوخۆیی بەپشت بەستن بەو یاساو ڕێسایانەی سەدان ساڵە وشەی نوێی پێ سازبووە، هەر وشەیەکی نامۆش کاتێ دروست دەبێت، بەئەستەم وەردەگیرێت، بەڵام ئەگەر ڕۆیشتو بەکارهات، ئەوا دەبێتە هۆی دەوڵەمەندبوونی فەرهەنگی زمانەکە. بۆ نمونە: زانکۆ ، گوێبیست ...

2) بەیارمەتی دەرەکی وەکو قەرزکردنو وەرگرتنی وشە لە زمانێکی دراوسێ، یا جیهانییەوە، ((لەگەڵ ئەوەشدا هەر وشەیەك لەهەر زمانێکدا وەربگیرێت واتای گشتیی ناو فەرهەنگ ناگەیەنێتو ئەو واتایەش ناگەیەنێت، کە لە دەوروبەری زمانێکدا بەکاردێت، چونکە وەرگێڕانو گواستنەوەی وشەیەك لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر دەبێت ڕەنگدانەوەی ئەو زمانەی پێوە دیاربێت، کەلێی وەردەگیرێت))[1]، بەشێوەیەکی گشتی ئەو وشەیەی وەردەگیرێت دەچێتە ناو فێڵدی واتایی، یا لێکسیکی خۆیەوە.

3) نیۆلۆگیزم، (ئەوڕەحمانی حاجی مارف)، دەڵێت: ((وشەی نوێباو (الكلمات المولدە Neologism)- ئەو وشانەن کەوا بۆ مانایەکی ناسراوی دانەیەك (وحدە) لە زمان بەکاردەهێنرێنو تازە هاتوونەتە زمانەوەو هێشتا نەچوونەتە ڕیزی وشەی چالاکی ئەو زمانەوە))[2]. بەهۆی پێشکەوتنی بوارەکانی هەردوو زانستی پەتیو مرۆیی، پێویستی لەدایکبوونو هاتنەئارای وشەی نوێ، بەهۆی پرۆسەی نیۆلۆگیزمەوە چەندین وشە بەرهەم هاتوون. بوداگۆڤیش لەم بارەیەوە دەڵێت: ((نیۆلۆگیزم وشەی نوێ، یا پێکهاتەی زمانیی تازەن، کە دێنە ئاراوەو پەیوەندییان بەبەرزبوونەوەی ڕادەی کلتورو تەکنیکەوە هەیەو بەگەشەسەندنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتێکانو هەلومەرجی ژیانی مرۆڤەوە بەستراونەتەوە))[3]. (جۆرج یوولە)ی ئینگلیزیش، بەم نمونەیە لەبارەی نیۆلۆگیزمەوە دەدەوێت: ((دەوروبەری ساڵی 1990، لەبەرلینی نوێ، لەئۆهایۆ، کارمەندێکی بەشی گەنجینە، بەناوی جەی موورای سپانگلەر (J.Murray Spangler) توانی ئامێری گسگی کارەبایی دروست بکات، ئەم ئامێرە لەناو خەڵکەوە پێشوازییەکی باشی لێکرا، هەر بەناوی داهێنەرەکەی سپانگلەر(spangler) ناسرا، خاڵی گرنگو سەرنج ڕاکێش ئەوەیە، کە چەندین وشەی نوێ بە فۆرمی نوێوە سازبوون، لەوانە ((spangler ناوی گسکەکە، spanglering گسك دەدات، spanglerish گسکدان، spanglered ..)) چەند وشەیەکی نوێ هاتنەکایەوە، بەمەش دەگوترێت دەستەواژەی نوێ (neologism).[4]

لەڕووی چالاکی بەکارهێنانی وشەکانەوە بەپێی پلەی چەسپاویو نەچەسپاوییان، فەرهەنگی زمان پێکدێت، لە فەرهەنگی گشتی (vocabulary) کە سەرجەمی ئەو وشانە دەگرێتەوە کە لە زمانێکدا بەکاردێن لەگەڵ فەرهەنگی بنەڕەتی زمان (basic word stock) کە بەشێکە لە گشتییەکە.[5]

---

[1] پەروین عوسمان مستەفا : 2009 : 98.


[2] ئەوڕەحمانی حاجی مارف : 1975 : 53.

[3] فاروق عومەر سدیق : 2013 : 118.


[4] George Yule : 2006 : 52.

[5] فاروق عومەر سدیق : 2013 : 150.

فەرهەنگی زمان پێکدێت لـە (فەرهـەنگی بنـەڕەتیو فەرهـەنگی گشـتی)، وەك لـەم دیاگرامـەی خـوارەوە خراوەتەڕوو:-




ئەگەر لەوشەوە دەست پێبکەین، ئەوا پێناسەی وشە لەلایەن (ستیپانۆف)ەوە بەم شـێوەیە کـراوە: ((وشـە بچوکترین خەلییەی فەرهەنگە))[1]. واتە بەهـەر شـێوەیەك بێـت، وشـە گرنـگترین کەرەسـتەی زمانە. وەك لەو فیگەرەی خوارەوە خراوەتە بەرچاو:




فەرهەنگی زمان لە وشەکانی پێکهاتووە، کە بەشێوەیەکی چڕو تێکئالاّو لەمێشکدا ڕیزکراون، ئەم جـۆرە ڕیزبەندییەش یارمەتیدەرە بۆ دۆزینەوەی وشەکان بەچەندین شێوە.[2] قسەکەری زمان بەپێی جیاوازیی تەمەنو پسپۆڕیو شارەزاییان، ڕێژەی وشەکان لە فەرهەنگی مێشکی هەر یەکێك لەمانە جیاوازییـان هەیـە. کەواتـە ناشێو ناکرێ ئەم وشانە بەجیاجیاو تێکەڵو پێکەڵ لە مێشکدا هەڵگیرابن، بـەڵکو بەشـێوەیەکی ڕێکوپێـكو گونجاو لەڕووی واتاو چەمکەوە هـەڵگیراون. زمـان دیـاردەو هۆیـەکی گرنگـی ژیـانی مرۆڤـەو بەشـێکە لـە شارستانییەتو شارستانییەت بەبێ زمان نابێتو پێش ناکەوێت، زمانیش بەبێ شارستانییەت هیچ گەشەیەکی نابێت، بەهۆی گۆڕانی لایەنەکانی ژیانەوە دەگۆڕێتو فەرهەنگی وشەکانی، بەم پێیە فراوان دەبێت.[3]

---

[1] فاروق عومەر سدیق : 2011 : 23.

[2] بڕوانە: تابان محەمەد سەعید : 2008 : 6.

[3] بڕوانە: ڕەفیق شوانی : 1998 : 19.

## 1-1/1 فەرهەنگی بنەڕەتی:

فەرهەنگی بنەڕەتی زمـان لـەو وشـانە پێکهـاتووە، کـە سـەدان سـاڵە (لـە زمـانێکی دیـاریکراودا) بەکارهاتوون، واتە ((کۆی ئەو وشانەیە کە لە زمانـدا هـەن و کۆمـەڵ بەگشـتی لەسـەری ڕێککـەوتوون))[1]، هەروەها گرنگترین بنەماشن بۆ جیاکردنەوەو دۆزینەوەی پەیوەندی خزمایەتی نێوان زمانەکان، بۆ نمونە لەسەر بنەمای بەراوردکردنی وشەکانی فەرهەنگی بنەڕەتی دەتوانرێ ئەوە بسەلمێنرێ، کە زمانی کـوردی هاوخێزانـە لەگەڵ زمانەکانی تری وەك فارسی و تاجیکی و بەلوچی و ئاسـی، تـاتی ..هتـد. ((لـە نێـوان خێزانـی زمانـە ئێرانێکاندا، لە هەموو ئاستەکاندا، خاڵی هاوبەش هەیە، بەتایبەتی لە فەرهەنگی بنەڕەتی زماندا، هۆکەشـی ئەوەیە کە ئەم زمانانە لە دایکە زمانێکەوە، داکەوتوون کە پێی دەوترێت، زمانی ئێرانـی کـۆن، لەبەرئـەوە، ئاساییە کە هاوبەشیی و نزیکیی لە فەرهەنگی ئەو زمانانەدا، بەتایبـەتی لـە فەرهـەنگی بنەڕەتیـدا، بـەدی، بکرێت))[2].

فەرهەنگی بنەڕەتی وشە ڕەسەنەکانی زمان دەگرێتەوە ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ، کـە ئـەو وشـانە تـەنیا موڵکی یەك زمان بن، چونکە هەر زمانێك خێزانە زمانی خۆی هەیەو ئەم زمانانـەش هـاوخێزانی یـەکترین و لەکۆمەڵێك وشەدا هاوبەشن.[3] بۆیە بەشی زۆری وشەی زمانی کوردیی بە وشەی کوردی ڕەسەن دادەنرێن.[4]

ئەو وشانە بە(ڕەسەن)و (ناوخۆ)یی و (پەتی)ش ناودەبرێن و لەباریاندا هەیە بەشداری سـازکردنی وشـەی نوێ بکەن، چونکە ((وشەی فەرهەنگی بنەڕەتی زۆرتر دەژی و چەسپاوترە، لەگەڵ ئەوەشدا لێـی هەڵـدەوەرێت و وشەی نوێشی دەچێتە ناو، لەکارکەوتنی وشە لەسەرخۆیە، خێرا ون نابێت، هەندێجار لەچوارچێوەی فرێزێکدا، وەك ئیدیۆم دەمێنێتەوە))[5]، بۆ نمونە: (شەوی <u>یەڵدا</u>)، (چاو<u>چنۆك</u>) ..هتد.

مناڵیش، لەسەرەتاوە، کە فێری زمان دەبێت هەر لەو وشانەوە دەستپێدەکات، چونکە ئەو وشـانە بـە چەندین قۆناغی مێژوویی و گۆڕانکاریدا ڕۆیشتوون بۆ ئەوەی ئاسـانتر بکەونـە سـەرزاری قسـەکەر، بەشـێکی زۆریان لە ئێستادا فۆرمێکی سادەن، لەبەرئەوەی ((کاتێـك ئـەو وشـانەی بـەکاردەهێنرێت ئیکۆنـۆمی تێـدا دەکرێت، ئەمە قورسایی لەسەر بیرو هۆش و مێشکی مرۆڤ کەمدەکاتەوە، چونکە ئەگـەر ئیکۆنـۆمی لەوشـەو ڕستە بەکارهاتووەکاندا نەکرێت، ئەو کاتە مێشکی مرۆڤ توانای وەرگرتنی پێکهاتـە نوێیـەکانی نابێـت))[6]. ئەم وشانە لەڕووی پێکهاتنی فۆنەتیکییەوە لەگەڵ بیرو هۆشی مرۆڤی کـورددا و لـەڕوی ژمـارەی برگەیشـەوە، بەشێکی زۆریان یەك برگەیین.

---

[1] ڕۆژان نوری عبدالله: 2007 : 10.

[2] فاروق عومەر سدیق: 2011 : 49.

[3] بڕوانە: تابان محەمەد سەعید : 2008 : 10.

[4] بڕوانە: ئەوڕەحمانی حاجی مارف : 1975 : 217.


[5] تابان محەمەد سەعید : 2008 : 10.

[6] دەرون عبدالرحمن سالح : 2012 : 99.

(ریفۆرمانتسکی) دەڵێت: لەناو ئەو گروپە گەورە لێکسیکیەشدا (مەبەست لەفەرهەنگی گشتییە)، ژمارەیەکی کەمی، بەڵام دیارو دەرکەوتوو لێیان کە هەموو وشە ڕەگێکانی زمانیان بەیەکەوە بەستۆتەوە بە ناوکی زمان دادەنرێن‌و بە فەرهەنگی بنەڕەتی ناودەبرێن[1]. واتە وشەکانی فەرهەنگی بنەڕەتی تەمەنیان زیاترە، لەبەر گرنگی زۆری ئەو وشانە وایکردووە لەکاتی قسەکردندا ڕۆژانە بەردەوام بەکاربهێنرێن.

(ئارنۆڵد) دەڵێت: ((نوسەران هەموویان کۆکن لەسەر ئەوەی کە نیشانە تایبەتێتی‌و جیاکەرەوەکانی وشەی بنەڕەتی بریتین لە: جێگیربوون‌و چەسپاویی، توانای سازکردنی وشەی نوێ، ئاشکرایی‌و زانراویی لای گشت))[2].

ئەو نیشانەو مەرجانەی کە پێویستن لە وشەیەکدا هەبن، دەبێت وەڵامی هەرسێ پرسیاری (کەی؟و بۆکێ؟و لەچ بارودۆخێکدا؟) بدەنەوە، وەك لەم دیاگرامەی خوارەوەوە ڕوونکراوەتەوە.[3]




گرنگترین نیشانەو مەرج، کە پێویستە لە وشەیەکی فەرهەنگی بنەڕەتیدا هەبن:-

1) جێگیری‌و چەسپاوێکەیەتی: بەڵگەش بۆ ئەمە ئەوەیە هەندێ لەو وشانە بەدرێژایی چەندین سەدەو بێ هیچ گۆڕانکارییەك، بە هەمان فۆرم بۆ ماوەیەکی زۆر ماونەتەوە، هەر لەبەر ئەمەشە ئەو وشانە بە مولّکی زمانەکە دادەنرێن‌و زمانەکەشیان لە فەوتان‌و لەناوچوون پاراستووە. وەکو وشەکانی ((سەر، مل، پشت، قاچ، سك، دەم،..هتد)).

---

[1] بڕوانە: فاروق عومەر سدیق : 2013 : 150.

[2] فاروق عومەر سدیق : 2013: 151.

[3] بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو : 152.

2) توانای سازکردنی وشەی نوێی هەبێت: وشەکانی فەرهەنگی بنەڕەتی بزوێنەری زمانەکەن، بوونەتە بنەمایەك بۆ سازکردنی وشەی نوێ، واتە ((لە کاتی هەڵبژاردنی وشەیەك، یا سازکردنی زاراوەیەك، پەنا بۆ وشەکانی فەرهەنگی بنەڕەتی دەبرێت، واتە دەبێتە بناغەیەك بۆ دروستکردنو سازکردنی وشەی تر لە زماندا))[1]. بۆ نمونە:- نوسەر، بیسەر، بینەر، چێنەر، ..هتد.

3) ئاشکراییو زانراوی لە لای هەموو تاکەکانی ناو کۆمەڵ، لەڕووی بەکارهێنانیشەوە چالاكو ئەکتیڤن، چونکە هەر ئەوەشە وادەکات وشەی (فە.ب) بۆ ماوەیەکی زۆر لەناو زمانەکەدا زاڵبن، تا ئەو کاتەی دەکەوێتە کێبڕکێ لەگەڵ هاوواتای تازە سازبوو، یا وەرگیراو، کە ئەمەش زۆر ئەستەمە، چونکە بەدەگمەن وارێکدەکەوێت وشەیەکی (فە.ب) جێی پێ لەق کرابێ.

گرنگترین ئەو سێ پرسیارەی ڕووبەڕووی وشەکانی (فە.ب) دەبنەوە، بێن بە وەڵامی هەرسێ پرسیاری ((کەی؟، بۆکێ؟، لەچ بارودۆخێکدا؟)) کە لە دیاگرامەکەی پێشوودا خرابووەڕوو:-

1) لەوەڵامی پرسیاری (کەی؟)دا بۆ هەموو تاکەکانی ناو کۆمەڵ هەمیشەیی بن، واتە بەدرێژایی هەموو کاتو ساتێك، بەکاربێن.[2] هەروەها هەندێ وشەش هەیە، تایبەتە بەکاتێکی دیاریکراو بەدرێژایی ساڵ تەنیا لە ماوەیەکی کەمدا، یاخود لە دەستپێکی بۆنەیەکدا بەکاردەهێنرێت، یا ((بەپێی کاتێکی دیاریکراو ئەکتیڤن بۆ نمونە: سەرفیترە، ڕەمەزان، پارشێو، ...))[3]

2) (بۆکێ؟) بۆ هەموو ئەوانەی سەر بەو زمانەن، لە هەر شوێنو پلەو پایەکدا بن.

3) لەچ بارودۆخێکدا؟ ئەو وشانەی (فە.ب) لەگشت بارودۆخێکداو لەلایەن گشت تاکەکانی ناو کۆمەڵەوە، بەکاردێن، چونکە ئەو وشانە بە کۆدی سەرەکی ئەو زمانە دادەنرێن.

وشەکانی (فەرهەنگی بنەڕەتی)[4] لەسەر بنەمای فیلدە لێکسیکییەکان بەم شێوەیەی خوارەوە، ڕیزکراون[5]:-

1) جێناوە سەربەخۆکان(کەس، پرس) وەك: (من، تۆ، ئەو، ئێوە، کێ، بۆکێ ...)
2) پریپۆزیشنەکان، وەك: (لە، بۆ، بە، ...)
3) ژمارە، وەك: (یەك، دوو، سێ، چوار، ...)
4) ئامرازەکانی بەستن، وەك: (بەڵام، بەڵکو، تا، ...)
5) ئەندامەکانی لەشی مرۆڤ، وەك: (سەر، دەست، پشت، قاچ...)
6) ئەندامانی خێزان، وەك: (باوك، دایك، خوشك، برا، کوڕ، ژن، مێرد، ...)
7) دیاردەی سروشتیو گەردوون، وەك: (بەفر، باران، لافاو، با، تەرزە، خۆر، مانگ، زەوی، دەریا، ...)
8) ئاژەڵی ماڵیو کێوی، وەك: (ئەسپ، مانگا، مەڕ، بزن، پشیلە، ...)

---

(1) ڕێژنە مەعروف: 2007: 20.

(2) فاروق عومەر سدیق : 2013 : 151.

(3) تابان محەمەد سەعید: 2008: 10.

(4) لێرە بەدواوە فەرهەنگی بنەڕەتی بە کورتکراوەیی (فە.ب) دەنوسرێت.

(5) بەسوود وەرگرتن لە((Etymology of the English Word-stock ally.ru/mil/files/etymology_1.ppt 2013/9/8)).

9) ئاوەڵناوەکان، وەك: (کۆن، تازە، سارد، گەرم، قورس، سووك، سپی، درێژ، کورت، ...)
10)ناوی ڕووداو، وەك: (کردن، بردن، ڕۆیشتن، هاتن، بینین، بیستن، خواردن، ...)
11)وەرزەکانی ساڵ، وەك: (بەهار، هاوین، پایز، زستان)
12)ڕووەکو میوەکان، وەك: (سەوزە، هەنار، سێو، شوتی، ترێ، ...)

جگە لەمانەش چەند فیلدێکی تریش لەخۆ دەگرێت، وەك: خواردنو جلوبەرگو کاسەوکەوچكو کەرەستەی کارکردنو ..هتد، کە لە ژیانی مرۆڤدا گرنگیو بایەخی خۆیان هەیە.

زۆربەی وشەکانی فەرهەنگی بنەڕەتی، بەشداریان لە سازکردنی وشەی نوێ کردووە، بەهۆی داڕشتنو لێکدانەوە. بۆ نمونە وشەی (دار) چەندین وشەی تری لێ سازبووە. وەك (دارستان) ، (داربڕین)، (دارسێو)،..هتد.

وشەکانی فەرهەنگی بنەڕەتی تایبەت نین بە زانستێك، یا نوسەرێك، یا بابەتێکی دیاریکراو، بەڵکو موڵکی سەرجەم قسەکەرانی زمانەکەن. واتە ئەو وشانە دەگرێتەوە کە ((لە ناو ئەندامانی کۆمەڵێکی دیاریکراودا ناسراون، بەدەر لەو دیالێکتەی قسەی پێدەکەنو بەدەر لەو چینە کۆمەڵایەتییەی کە بەشێکن لێی، واتە تایبەت نییە بە ناوچەیەکی دیاریکراو، یا پیشەیەکی دیایکراو، بەڵکو مۆرکێکی نیشتمانیان هەیە))[1]. لە پێکهێنانی وشەی نوێدا، ئەو وشانەی، بەهۆی ڕێگاکانی وشەسازییەوە هاتونەتە کایەوە ڕەنگو ڕووی نەتەوایەتیو چەشنی بیروباوەڕو هەستکردن بەدەوروپشتو تێڕوانین بۆ سروشت، زیاتر، بەم وشانەوە دیارن.[2]

فەرهەنگی بنەڕەتی بەشێکە لە فەرهەنگی گشتی، ئەگەرچی ژمارەیەکی کەمی زمانەکە پێکدەهێنن، بەڵام لە بەکارهێنانـدا زۆر چالاکن، چونکە بەسەر دەمی هەموو قسەپێکەرانی زمانەوەن، پێویستییە گرنگەکانی ڕۆژانەی زمان پڕ دەکەنەوە بۆیە ئەم وشانە لەباریاندا هەیە فرەواتاییان لێبکەوێتەوە، تەنانەت بۆ سازکردنی وشەی نوێ پشت بە (فە.ب) دەبەسترێت وەك لە فەرهەنگی گشتی. چونکە جێگیرو چەسپاوترنو مۆرکێکی نەتەوەییان وەرگرتووە. لەگەڵ ((پێویستییە بەردەوامەکانی کۆمەڵ، زیادبوونی بەرهەم، کلتور، تەکنیك، زانست، گەشە دەکاتو پەرە دەسێنێتو نەشونما دەکات))[3].


لێرەوە بۆمان ڕووندەبێتەوە کە دوو ڕێگای سەرەکی بۆ دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمان هەن، یەکێکیان ڕاستەوخۆیە، ئەویش لەڕێی سازکردنی وشەی نوێ بەهۆی ڕێگاکانی سازکردنی وشە بەپشت بەستن بەداڕشتنو لێکدانو ..هتد. ئەویتریشیان ناڕاستەوخۆ لەڕێی وەرگرتن، یا وەرگێڕانەوە، دەچنە ناو فەرهەنگی گشتی زمانەکەوە، دەکرێت ئەم دوو ڕێگایە لەو دیاگرامەی خوارەوە ڕوونتر ببنەوە:-

---

[1] http://ecmd.nju.edu.cn (Zhang Yunfei. 1999. *An introduction to modern English lexicology*. Beijing Normal University Press) 22/8/2012.

[2] فاروق عومەر سدیق : 2011 : 49.

[3] فاروق عومەر سدیق : 2013 : 151.




## 2-1/1 فەرهەنگی گشتی:

سەرجەمی وشەکانی زمانێك لەخۆ دەگرێت، کەوا لە هەموو قۆناغەکاغی مێژووی ئەو زمانەدا بوونی هەبووە، جگە لە فەرهەنگی بنەڕەتی، کە بە کاکڵ و مەغزای زمان دادەنرێت. ئەوانەشی لە ئەنجامی پێویستی کۆمەڵ لەسەر بنەمای وشەکانی (فە.ب) هاتونەتە کایەوە.[1] هەروەها جیهانی زاراوەش لەخۆ دەگرێت، کە هەرچەندە لە چوارچێوەیەکی سنورداردا بەکاردێت، بەڵام بە یەکێك لەڕێگاکانی دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمان دادەنرێت. فەرهەنگی گشتی لەڕووی ژمارەوە بێ سنور وشە لەخۆدەگرێت، هۆیەکانی دەوڵەمەندبوونیشی بەستراوە بەگەشەسەندنی ژیانی مرۆڤەوە لە هەموو بوارەکانی ژیانیدا. هەندێ جاریش بەپێی بنەمای وەرگێڕانی بیرەکان (کالکە) واتە بیرەکەی وەردەگێڕرێت، کە ئەمەش بە یەکێك لەڕێگاکانی دەوڵەمەندکردنی وشەکانی زمان دادەنرێت. بۆ نمونە: (پێشگر Prefix، پاشگر Suffix، ...).

هەندێ جاریش شتەکە نوێیەو تازە داهێنراوە ڕاستەوخۆ بە فۆرمەکەیەوە پێشوازی لێدەکرێت، وەکو (کۆمپیوتەر، تەلەفزیۆن، ڕادیۆ، سپلیت، کۆندیشن ...هتد)، جاری واش هەیە لەڕێی خۆ سەپاندنی زمانێکی بێگانەوە بەهۆی داگیرکارییەوە وشە دەڕژێتە ناو زمانە ژێردەستەکەوە. بەتایبەت ئەو وشانەی پەیوەندییان بە بواری سەربازییەوە هەیە ... وەکو: (زابت، نەجمە، روتبە، مەنسەب،...). بەپێچەوانەشەوە زمانی ژێر دەستەش کار دەکاتە سەر زمانی باڵادەست، نمونەش بۆ ئەمە (کاریگەری یۆنانییەکان بۆ سەر زمانی لاتینی)[2].

[1] تابان محەمەد سەعید : 2008 : 10.

[2] یۆنانییەکان شارستانێتییەکی مەزنیان بۆ خۆیان تۆمارکرد، ئەو فەلسەفەیەی ئەوان بووە سەرچاوەی زانست بۆ سەدەکانی دواتر، کە هەتا ئێستاش گرنگی خۆیان لەدەست نەداوەو پەنجەیان بۆ ڕادەکێشرێت، بەڵام ڕۆمانییەکان توانییان یۆنان داگیربکەن، کە جگە لە بواری سەربازی هیچ پێشکەوتنێکی تریان نەبوو، هەربۆیە دوای ماوەیەك بۆیان دەرکەوت ئەوان زۆر لە دوای یۆنانییەکانەوەن، بۆیە دیلە یۆنانییەکان کرد بە مامۆستای خۆیان.

ناکرێ زمان لەکۆمەڵ دابڕێت، چونکە گەشەسەندنو پێشکەوتنی کۆمەڵ لەڕووی سیاسیو تەکنەلۆجیو ..هتد، لە وشەکانی زمانەکەدا ڕەنگدەدەنەوە. ئەم گەشەسەندنەش، وادەکات وشەی نوێ جێ بەوشەی کۆن لەق بکاتو واتای نوێ بەبەر وشەکاندا بکات، واتا کۆنو سواوەکانیش بەرەو نەمان بچن.[1] چونکە فەرهەنگی زمان هەمیشە لە شڵەقاندایەو بەردەوام وشەی تێدەڕژێو وشەش دەفەوتێت[2]، هەربۆیە ئەم دیاردەیە بەدوو گۆڕانکاری گرنگی (فە.گ) دادەنرێت، چونکە وشەکانی ئەم فەرهەنگە بەتەواوەتی نەچەسپاون.

گرنگترین ئەو دوو گۆڕانکارییەی بەسەر وشەکانی فەرهەنگی زماندا دێن، بریتین لە[3]:-

1) لەناوچوونی وشەکان. ئەم پرۆسەیەش لە ئەنجامی دوو هۆکارەوە ڕوودەدەن:-

أ. کۆن بوونی چەمکی هێما بەهۆی هەندێ وشەوە. بۆ نمونە: (قۆمیسەر، بانچاوەش، حەسحەس، ...هتد).

ب. سەرکەوتنی هەندێ وشەی وەرگیراو، تەنانەت بەسەر هاوواتاکانیشی لە وشەی (فە.ب)دا. بۆ نمونە:(قۆڵ، باجی،...هتد).

2) دەرکەوتنی وشەی نوێ. ئەم پرۆسەیەش چەند لایەنێکی هەیە:-

أ. دەرکەوتنی وشەی نوێ بە چەمکی نوێوە. بۆ نمونە: (کۆمپیوتەر، ئینتەرنێت، نانۆ، ...هتد)

ب. سەرکەوتنو دروستبوونی وشە بەهۆی ئەو وشە وەرگیراوانەی کە پێشتر توانیویانە هاوواتاکانیان لە زمانەکەدا ببەزێنن.

پ. قەرزکردنی وشە لە زمانێکی ترەوە.

وشەکانی (فەرهەنگی گشتی)[4] ڕەگەزی بنەڕەتی پەیوەندییەکانی مرۆڤ پێکدەهێنن، دەوڵەمەندیی فەرهەنگیش بەردی بناغەی سەرکەوتنی قسەکەرە لەهەر حاڵەتێکدا.[5] تێکڕای گەنجی وشە لای قسەکەرێکی پێگەیشتووی زمانێك لەنێوان (45000 – 60000) وشە دەبێت، دیارە ئەم وشانەش لەشوێنێکی تایبەتی مێشکدا هەڵگیراون، بە فەرهەنگی ناومێشك (Mental Lexicon) ناودەبرێت.[6] وشەکانی مێشکی مرۆڤ دەچنە فەرهەنگی زمانەوە، بۆیە لەکاتی ئاخاوتندا، کە دەمانەوێت بیر بکەین بەدەربڕین، پەنا بۆ گەنجینەی وشەکان دەبەین.[7] مرۆڤ لە سەرەتای تەمەنییەوە ئەو وشانەی لە مێشکیدایە لەڕێی لاساییکردنەوەوە فێری بووە، تێکڕای گەنجی وشەی منداڵێکی، یا قوتابییەکی قۆناغی ناوەندی نزیکەی (10000) وشە دەبێت، تێکڕای گەنجی وشەی دەرچوویەکی زانکۆ نزیکەی (20000) وشە دەبێت.[8]

هەروەها بۆ فێربوونی زمانی دووەمیش پێویستی فێربوونی وشەکانی (فە.گ)یە، چەند ئەم وشانەی لا ئاشنا

---

(1) http://www.ciil-ebooks.net/html/lexico/link4.htm.10/8/2013

(2) فاروق عومەر سدیق : وانەکانی خوێندنی باڵا – لێکسیکۆلۆجی : 2012.

(3) http://thinkingout.ru/lex-bilet4.php. Development of Vocabulary. The Basic Word-Stock of the English Language 11/10/2013.

(4) لێرە بەدواوە فەرهەنگی گشتی بە کورتکراوەیی (فە.گ) دەنوسرێت.

(5) http://www.vocabulary.co.il/ vocabulary-words-html/, Vocabulary Word Usage & Development.1/10/2013.

(6) Ingo Plag : 2003 : 4.

(7) تابان محەمەد سەعید : 2008 :7.

(8) http://www.vocabulary.co.il/ vocabulary-words-html/, Vocabulary Word Usage & Development.1/10/2013.

ببێت، ئەوا فێربوونی زمانەکەشی لا ئاسانتر دەبێت، چونکە قسەکەری هەر زمانێك، پێویستی بە فێربوونی وشەکانی فەرهەنگی زمانەکەو یاسا ڕێزمانییەکانێتی، وەکو چۆن منالێك لەسەرەتای قسەکردندا بە وشەیەك زۆرترین واتا دەردەبڕێت، لەگەڵ تەمەنەکەیدا دەڕواتو وشەی نوێتر فێر دەبێت، هەروەها وەکو هۆکارێکی گرنگی پەیوەندیکردنو بەدەستهێنانی زانیاریش دادەنرێت، ((چونکە بەدەستهێنانی زۆرترین وشە، کاری فێربوونی زمانەکە زۆر ئاسانتر دەکات))[1].

(پاتریك بۆنین) لەبارەی فەرهەنگی مێشك، دەڵێت: ((ڕاستییەکی سەلمێنراو هەیە، ئەویش ئەوەیە گەنجینەی زانیاری وشە، کە بە(فەرهەنگی مێشك) ناودەبرێت، ڕەگەزێکی زۆر گرنگە بۆ پرۆسەکانی ئاخاوتنو زمان))[2]. هەروەها لەلایەن (ئۆڵدفیلد) (Old field 1966) یشەوە، گەشە بەبیرۆکەی فەرهەنگ درا، بەیەکەم کەسیش دادەنرێت کە پێشنیازی فەرهەنگی مێشکی کردو دواتر باسی چۆنێتی بەدەستهێنانی زانیاری دەربارەی وشە ورووژاند.[3] واتە فەرهەنگی زمان لەناو مێشکی مرۆڤدا هەڵگیراوەو هەموو ئەو زانیاریانەی ڕێزمانیش لەپاڵ فەرهەنگەکە لە مێشکدا هەڵگیراون، واتە ((مێشك گەنجینەی ئەو ئینسترۆمێنتانەیە کە لەمێشکدا هەڵگیراون، بەهۆی گەنجینەی دەنگیشەوە دەتوانرێ بەمۆسیقاو تۆن دەربڕێت))[4].

## 2/1 ڕێگاکانی دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمان:

هەموو زمانێك پێویستی بە پاشخانێکی گەورەی وشە هەیە، بۆ ئەوەی لەکاتی دەربڕین (قسەکردنو نوسین) دا سودیان لێوەربگیرێت، بەر لەوەی ڕێگاکان بخەینەڕوو، چەمکی دەوڵەمەندی لە هەردوو زانستی ئابوریو زماندا، ڕوون دەکەینەوە:-

### 1-2/1 چەمکی دەوڵەمەندی:

### 1-1-2/1 دەوڵەمەندیی لە زانستی ئابوریدا:

چەمکی سەروەتو سامان لە گرنگترین بوارەکانی زانستی ئابورییە، زۆری سەروەتو بەهای شتومەكو کەلوپەل دەگەیەنێت. ئادەم سمیس (Adam Smith) "((باوکی ئابوری نوێ))" لەکتێبە بەناوبانگەکەیدا ((سەروەتی نەتەوە)) (Wealth of Nation)، دەڵێت: ((ئابوری ئەو زانستەیە، کە بەردەوام هەوڵی بەدەستهێنانو دابینکردنی خۆشگوزەرانی گەلو وڵات دەدات))[5].

---

(1) http://en.wikipedia.org/wiki/Vocabulary ((کلارنس لویس بارنهارت)) 6/9/2013.

(2) Patrick Bonin : 2004 : 188.

(3) سەرچاوەی پێشووتر : 188.

(4) فاروق عومەر سدیق : وانەکانی خوێندنی باڵا – لێکسیکۆگرافیا : 2012/10/7.

(5) سحر خیاط : محاضرات في مبادىء الاقتصاد الجزئي (www.kau.edu.saFiles...محاضرات في الإقتصاد الجزئي 2013/8/3.

زانستی ئابوری لقێکی زانسته کۆمەڵایەتییەکانە، لە چۆنێتی بەکارهێنانی شتومەكو كاڵا سنوردارەکان دەکۆڵێتەوە بۆ ئەوەی پێویستییە فرەیی‌و بێ سنورەکانی مرۆڤ تێر بکات. بەڵام ئایا دەکرێت تێرکردنی ئەم پێداویستیانە بە یەکجار بێت؟ بێگومان نەخێر. چونکە ئێمە لەجیهانێکی واقعیدا دەژین نەك لە خەیاڵدا پەنگ بخۆینەوە، ئەم واقیعەش دەمانخاتە نێوان دوو ڕاستی زۆر گرنگەوە، ئەوانیش بریتین لە[1]:-

1. ئەو پێویستییە مرۆییانەی کە پێویستە تێر بکرێن، فرەچەشن‌و بێ سنورن.
2. ئەو بەروبومانەی بۆ تێرکردنی پێویستییە مرۆییەکان هەن، سنوردارن.

ئەو شتانەی توانای تێرکردنی پێداویستی مرۆڤیان هەیە، پێیان دەوترێت "كاڵا" بەروبوومی خۆراكو جلوبەرگ‌و ئامێرەکان ...هتد، هەندێکی تریشیان نا بەرجەستەن، واتە ماددی نین، پێیان دەوترێت "خزمەتگوزاری Services"جیاواز وەکو فێرکردن‌و تەندروستی‌و گەشت..هتد. سەروەت‌و سامانیش بریتییە لە زۆری داهات.

بەهەمان شێوە دەوڵەمەندیش لە زانستی ئابوریدا زۆری سەروەت‌و سامانە، هەر چەندە دیارینەکراوە، (چونکە ژمارە کۆتایی نایەت)، بەڵام بەکەسێك دەوترێت دەوڵەمەند کە خاوەنی سامانێك بێت، کە بەشی هەموو پێداویستییەکانی بکات.

## 2-1-2/1 دەوڵەمەندی لەزماندا:

وشە کەرەسەیەکی زمانییەو دوو دیوی هەیە ئەوانیش (فۆرم‌و واتا)ن، هەر وشەیەکیش وێنە، یا واتایەکی لە مێشکدا هەیە. هەندێ وشە وێنەکەی‌و فۆرم‌و واتاکەی جێگیر بووەو سەدان ساڵە بەکاردەهێنرێت‌و کاری ڕۆژانەی پێ دەکرێت، هەندێکیشیان نوێیە، چ لەڕووی فۆرمەوە بێت، یاخود لەڕووی واتاوە. دەوڵەمەندیی زمانیش، لە هەردوو ڕووەکەوەیە. دەوڵەمەندی لەڕوی فۆرمەوە واتە فۆرم زۆری، لەزماندا دیاردەی هاوواتایی ((synonymy)) لێدەکەوێتەوە.[2] لەگەڵ ئەوەشدا ((هەر زمانێك یەکەی سینۆنیمی زۆربێت، نیشانەی ئەوەیە فەرهەنگی ئەم زمانە دەوڵەمەندە))[3]، زۆربەی هەرە زۆری ئەو فەرهەنگە نوسراوانەی لەبەردەستدان، لەسەر بنەمای فۆرم زۆری دانراون. ((لەسەر ئاستی تاکەکەسیشدا هەر کەسێك، کە سینۆنیمی زۆر بزانێت، ئەوە بەڵگەیە بۆ دەوڵەمەندیی فەرهەنگی ئەو کەسە))[4].

دەوڵەمەندی لەڕوی واتاوە، واتە فۆرمێك لە واتایەك زیاتر بگەیەنێت، کە لە زماندا بە یەکێك لە دیاردەکانی هاوبێژی‌و فرەواتایی دادەنرێت.[5] دیاردەی هاوبێژی‌و فرەواتایی، ئابوریکردنە لە فۆرم، بەو

---

[1] سحر خياط : محاضرات في مبادىء الاقتصاد الجزئي (www.kau.edu.saFiles...محاضرات في الإقتصاد الجزئي 2013/8/3.

[2] بڕوانە: عبدالعزيز بن حميد : 2009 : ملخّص بحث الترادف والاشتراك مظهران من مظاهر ثراء العربيّة.

[3] شێروان حوسێن خۆشناو : 2011 : 75.

[4] سەرچاوەی پێشو : 75.

[5] عبدالعزيز بن حميد : 2009 : ملخّص بحث الترادف والاشتراك مظهران من مظاهر ثراء العربيّة.

شێوەیەی زمان بەرەو ئەو ئاراستەیە دەبات، کە فۆرمێك چەندین واتا بگەیەنێت بە مەرجێگ واتاکانیان لەیەکترییەوە نزیکبن، وەك فرەواتایی، دەکرێت واتاکانیان لەیەکترییەوە دووربن، وەك دیاردەی هاوبێژی، کە بریتییە لە ((دوو، یا زیاتر لەوشەیەك، کە هەمان ڕێنوس، یا دەنگیان هەبێ، بەڵام لە واتاکانیاندا جیاوازبن))[1].

فۆرم بەرانبەر (کاڵا)یە لە زانستی ئابوریدا، ئەو کەرەستانە دەگرێتەوە کە لەبەردەستدان، دەکرێت بەهۆیانەوە کەرەستەی نوێ دروست بکرێت. واتایش بەرانبەر (خزمەتگوزاری Services) دەوەستێت، کە بە ئەبستراکتکراوی لە مێشکی قسەکەراندا هەڵگیراون، بەردەوامیش پێویستیان بە فۆرمێکە بۆ ئەوەی بەرجەستەیان بکات.

## 2-2/1 ڕێگاکانی دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمان بەگشتی:

چەند ڕێگایەکی گرنگ بۆ دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمان هەن، کە زۆر گشتگیرو هەمەلایەنن. ئەمانەی خوارەوە، چەند ڕێگایەکن، یاخود چەند میتۆدێکن بۆ دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمان دەگیرێنەبەر:-

**1) وشەی تاك واتاییو فرەواتایی**

**2) هاوبێژی ( Homonymy)**

3) **هاوواتایی (Synonymy)**

4) **وشەی خاوەن دوو یا زیاتر لەفۆرمێك**

5) **ئەنتۆنیم (Antonymy)**

6) **ئیدیۆم (Idioms)**

7) **زاراوە (Term)**

8) **لەسەر بناغەی وشەی وەرگیراو لە زمانی تر**

9) **لەسەر بناغەی دیالێکتیزم**


10) **لەسەر بناغەی سازکردنی وشەی نوێ بە ڕێگاکانی مۆرفۆلۆجی**

11) **وشەسازی بەڕێگای سینتاکسی**

---

[1] A.P.Cowie: 2013: 25.

سەرجەم ڕێگاکان لەم دیاگرامەی خوارەوە خراونەتەڕوو[1]:-




هەریەك لەو ڕێگایانەی سەرەوە ڕۆڵێکی دیاریان لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زماندا هەیە، چونکە کاریگەریی دیاریان لە سەر فەرهەنگی زمان بەگشتی‌و زمانی کوردی بەتایبەتی داناوە.

---

[1] فاروق عومەر سدیق: 2013 : 120.

### 3/1 وشەو زاراوە:

### 1-3/1 وشە:

### 1-1-3/1 فۆرمو واتای وشە:

وشە، یا لێکسیك گرنگترین کەرەستەی زمانە، بەشێوەیەك هەوڵی پاراستنو دەوڵەمەندکردنی دەدرێت، تا زمانەکە پێشبکەوێت، چونکە بە یەکەیەکی گرنگی واتاداری زمان دادەنرێت. پاش ئەو پرسیارانەی دەربارەی وشە کراون ((کامیل بەسیر)) دەگاتە ئەو بۆچونەی، دەڵێت: ((وشە ژمارەیەکی وشكو نیشانەیەکی مردوو بۆ واتایەك نییە، بەڵکو تومێکی زیندووەو بەژیانی ئەو میللەتەی کە بەکاری ئەهێنێ ئەژیو بەئەرکی سەرشانی خۆی هەڵئەستێ))[1]. کەوابوو دەتوانرێ بگوترێ ((وشە وەکو زیندەوەر وایە، لەدایك دەبێو دەمرێ، پێویستی ژیانو بیری مرۆڤ وادەکات وشە لەدایك ببێ، نەمانی پێویستیەکەش وادەکات وشە کەی بەکارنەیەتو وردە وردە لەبیر بچێتەوە))[2].

وشە لەڕووی لۆجیكو فۆرمەوە ((کەرەستەی زمانەو لەدەنگێ وەیا چەند دەنگێ دروست ئەکرێ))[3]، زمانیش بەردەوام لە گۆڕاندایە ((وشە یەکەم بەشە لە زمان کە دەکەوێتە نێو پرۆسەی گۆڕانکاری، بۆیە زمانەوانان بەشێوەیەکی شیاو دەتوانن لەگۆڕانکاری واتایی وشە بۆ وشەڕۆنان کەڵك وەربگرن))[4]، بەهای وشەش ((لەوەدایە کە لەدایکبووی ئەمڕۆ نییە، بەڵکو بنجێکی پتەوو قوڵی هەیەو بە درێژایی مێژوودا، دەچێتە خوارێو زادەی بەرهەمی کەڵەکەبووی تاقیکردنەوە یەك لەدوای یەکی عەقڵو هۆشو بیری مرۆڤەو بەلایەنی سایکۆلۆژی ئەوەوە، توند گرێدراوە))[5]، بەشێکی زۆری زمانەوانەکان کۆکن لەسەر ئەوەی کەوشە بەگرنگترین یەکەی واتایی دابنرێت.

زمانەوانی ئەمریکی ((نیدا Nida)) پێی وایە دەستپێکردنی قسەکردن لەئاستی مۆرفیمو خوارتریشو سەروی وشە، هەتا دەگاتە گوتەی دەربڕراو، هەموو ئەمانە دەکرێ لەدوو لایەنەوە قسەیان لەسەر بکرێت: وەك یەکەیەکی لێکسیکی ((Lexical Unit))، یا وەك یەکەیەکی واتایی ((Semantic Unit)).[6] دەکرێ بۆچونی نیداش لەچوارچێوەی وشەدا چڕبکرێتەوە، کە وشەی بە چەق داناوە. (پالمەر) پێی وایە وشە یەکێکە لەدانە بنەڕەتییەکانی زانستی واتاسازیی.[7] لەبەر ئەوەی واتاسازی پەیوەندییەکی دانەبڕاوی بە وشەوە

---

[1] کامیل بەسیر : 1974 : 753.

[2] مستەفا زەنگەنە: 2003: 248.

[3] نوری عەلی ئەمین : 1960 : 22.

[4] کامەران ڕەحیمی : 2007 : 15.

[5] فاروق عومەر سدیق: 2011 : 12.

[6] بڕوانە: أحمد مختار عمر : 1998 : 32.

[7] بڕوانە: ف.بالمر : 1985 : 40.

هەیە، لە دانە فەرهەنگییەکان دەکۆڵێتەوە. واتا لە بچوکترین دانەوە دەست پێدەکات، کە مۆرفیمە تا دەگاتە ڕستەو سەرووی ڕستە (دەق)، کە گەورەترین دانەی زمان پێکدێنن.

وشە لەزماندا بچوکترین ئیلیمێنتە، کە بەشێوەیەکی سەربەخۆو جیا دەدرکێنرێو واتاداریشە، بێگومان سادەترین وشەی زمانی کوردی لە مۆرفیمێکی سەربەخۆ پێکدێت، بەگشتی لەوشەی هەر زمانێك وردبینەوە، ئاماژە بەشتێکی گوتراو، یا نوسراو دەدات، (فۆرمو واتا)[1] هەردوو دیوی دەرەوەو ناوەوەی وشە پێکدێنن. فۆرم( شێوە، ڕوخسار، دیوی دەرەوەی وشە)، یا قاوغی فۆنەتیکی وشە پێکدێنێت. واتایش دیوی ناوەوەو کرۆکی وشەیە. واتای وشە بەشێکە لەو پەیوەندییانەی، لەگەڵ وشەکانی تری زماندا هەیەتی.[2]

فۆرم: قاوغی فۆنەتیکی وشەکە پێکدێنێ، یا بیرێکی ماددی کۆنکرێتکراو لە چوارچێوەی قسەکردن یا نوسیندا خۆی دەنوێنێ، ((قاوغە فۆنەتیکییەکە لەناو زماندا بریتییە لەلایەنە کۆنکرێتەکە لایەنە فیزیکییەکەی شتەکەو لەڕێگەی ئەو قاوغە فۆنەتیکییەوە دەتوانین بیرەکە، یاخود لایەنە ئەبستراکتو نادیارەکەی ناو مێشکمان بهێنینە دەرەوەو کۆنکرێتی بکەین، چونکە بیرەکە هیچ بەهاو نرخێکی نابێت ئەگەر هەر لەمێشکدا بمێنێتەوەو بە وشە دەرنەبڕێتو نەکرێت بە بەری دەنگداو کۆنکرێت نەکرێت))[3].

واتا کرۆکی وشەیەو بیرێکی هزری ئەبستراکتە، بەگرنگترین بەشی وشە دادەنرێت، هەر لەبەر ئەمەشە زانایان زۆر لێی دەدوێن. ((واتای وشە: بریتییە لە چەمکێك/ کۆزانیارییەك، دەربارەی شتێك یا دیاردەیەك، کە لەڕێی پەیوەندییەکی لەخۆوەییەوە هێمایەکی زمانی دەیگەیەنێت؛ واتە وشەکان یاخود مۆرفیمە سەربەخۆکان ئەو واتایەی دەیگەیەنن، چەمکێك یاخود کۆمەڵێك زانیارییە دەربارەی شتەکانو دیاردەکانو جۆرو خاسیەتەکانیان))[4]. واتا هەر تایبەت نییە بە هێمای زمانییەوە، بەڵکو زۆر شتی تریش هەیە بێ ئەوەی وشەیەك بدرکێنرێ واتاکەی دەگاتە بەرانبەری، بۆ نمونە تورەبوونو هەڵچوونەکان بەگشتی، بیرکردنەوە، کار، ئاماژە، تەنانەت ئەو شتە سروشتیانەی کە پەیوەندییان بە مرۆڤیشەوە نییە، وەك ئەڵقەی گەشەکردنی درەخت، هەور، ..هتد.[5]

واتا لە ناو هەموو زمانەکانی جیهاندا بەهۆی کرانەوەی کۆمەڵ بەڕووی جیهانو گەشەسەندنی تەکنۆلۆجیاو بازرگانیو هاتوچۆو ئاسانی پەیوەندی کردنو سەرجەم کایەکانی تری کۆمەڵەوە هاوبەشن. دیارە پەیوەندی نێوان (فۆرمو واتا) بەدرێژایی مێژوو، لە سەرەتای پەیدابوونی شارستانێتییەوە بیری لێکراوەتەوەو بیرمەندانی بەخۆیەوە خەریك کردووە:-

- یۆنانییەکان: ئەفلاتون پەیوەندی نێوان فۆرمو واتا بە پەیوەندییەکی سروشتیی خودیی دادەنێت، واتە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ (وێنەیەکی تایبەتی) لە هزردا دەورووژێنێت، لەگەڵ ئەوەشدا

---

[1] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: «JOHN LYONS : LINGUISTIC SEMANTICS : 1995: pages (22-23)».
[2] John I. Saeed, 2009 : 53.
[3] مستەفا ڕەزا مستەفا : 2013 : 21.
[4] فەرهاد تۆفیق حەسەن : 2010 : 17–18.
[5] Steven Davis and Brendan S.Gillon: 2004 : 4.

لەئەنجامی سووانو کۆنبوونی پەیوەندییەکەی نێوانیــان نامێنێــت. بــەڵام ئەرســتۆ بــە پێچــەوانەی ئەفلاتونەوە، پێی وابوو ئەو پەیوەندییە عورفییــە لــە کۆمــەڵێکی دیــاریکراودا خــەڵکی لەســەری ڕێکدەکەون، دوای بەکارهێنانو دوبارەبوونەوەیان لە ناو خەڵکەکەدا دەچەسپێت.[1]

- سوسێر: دیارترین کەس بوو، دژی بۆچوونی ئەوانەی پەیوەندی نێوان فۆرمو واتایان کردبووە بنەما، وەستایەوە، پێی وابوو ئەو بۆچوونە بەسەر ژمارەیەکی زۆر کەمی وشەکان دەچەسپێت، وەك لاسایی کردنەوەی دەنگە سروشتییەکان.
- ستیفن ئۆڵمان: پەیوەندیی سروشتیی، یا خودیی نێــوان فــۆرمو واتــای ڕەتکــردەوە، لــە پێناســەی واتاشدا دەڵێت، پەیوەندییەکی ئاڵوگۆڕ لــەنێوان فــۆرمو شــتدا هەیــە، لەســادەترین هەڵوێستیشــدا (کاتێك وشە خاوەنی یەك فۆرمو یەك واتا بێت)، پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لە نێوانیاندا هەیە.[2]

## 2-1-3/1 **فیلدە لێکسییەکان** ( Lexical fields )[3]:-

وشەکانی زمان بەپێی ئەو واتایەی دەیبەخشن، دەبن بە ئەنــدام لــە فیلــدێکی لێکســیکی (واتــایی) دیاریکراو کە لە مێشــکدا هــەڵگیراون، فیلــدەکانیش جگــە لــەو وشــانەی فەرهــەنگی بنــەڕەتی، وشــەکانی فەرهەنگی گشتیش لەخۆدەگرن، فیلدەکانی زمان لەگەڵ وشەکانی زمانەکە بەردەوام گەشەدەکەن.

چەمکی فێلدەلێکسییەکان:

کەرەستە لێکسیکێکان، شێوەی گروپ لەگەڵ وشەکانیان پێکدەهێنن، بۆ نمونە وشە بەرانبەر واتاکانی وەکو دایكو باوك، گەورەو بچووك، یا کۆمەڵە وشەی ڕۆژەکانی هەفتە، ڕەنگەکان، ژمارەکان، یاخود پارچــەی کەلوپەلەکانی ناوماڵ هەموویان دەچنە ناو کەتیگۆرییەکی تایبەت بەخۆیان.

کەرەستە فەرهەنگییەکانیش کۆمەڵە لێکسیمێکن دەبێ ئەم مەرجانەی خوارەوەیان تێدابێت:-

1. سەر بەهەمان پۆلبن.
2. واتاکانیان شتێکی هاوبەش بگەیەنێت.
3. بەهۆی پەیوەندییە واتاییەکانیانەوە پێکەوە گرێدرابن، لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێ سنووریشیان بــۆ دیــاری بکرێت.
4. گروپێکی تەواون لەڕووی نزیکی پەیوەندیی واتاییانەوە.

---

[1] کاظم عظیمی : ٢٠١٠ العلاقة بین اللفظ والمعنی من السقراط حتّی علم الهرمینوطیقا ((http://www.diwanalarab.com/spip.php?)).


[2] ستیفن أولمان : 1986 : 89.

[3] Sebastian Löbner : 2002 : 94.

ئەم دابەشکردنانەش لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر، یا لەزمانێکەوە بۆ زمانێکی تر جیاوازییان هەیە، بۆ نمونە لەزمانی عەرەبیدا چەندین ناو بۆ جۆرەکانی حوشتر هەن، بۆ نمونە (جمل، ناقە، ...).[1] لە زمانی کوردیشدا لەبەر گرنگیو سوود لێوەرگرتنی ئاژەڵە ماڵییەکانی وەکو (مەڕو بزنو مانگاو پەلەوەر) بە پێی تەمەنە جیاوازەکانیان چەندین ناویان هەن. جگە لەمانەش لەڕووی پۆلکردنی شتەکانیشەوە جیاوازی هەیە، بۆ نمونە لە زمانی ئەڵمانیدا پەتاتە سەر بە فیلڵدی سەوزەیە، بەڵام لە زمانی کوردیدا لە سەوزە (کەوەرو کەرەوز، ..هتد.) جیاکراوەتەوە.

## 1-2-1-3/1 فیلڵدی بچووك (Small fields):

هەندێ لە فیلڵدەکان تەواو بچووکن، (بەرانبەر واتاییەکان) بە فیلڵدی بچووك دادەنرێن، بۆ نمونە ئەگەر لەنێوان خێزانێکدا ژنو مێرد کە هەردووکیان سیما واتاییەکانیان هەراشو گەورەییان تێدایە، نەوەکانیان کچو کوڕ، کە ئەمانیش دەچنە فیلڵدی مناڵەوە.
دەکرێت لەم دیاگرامەی[2] خوارەوە ڕوونتر بێتەوە:-





## 2-2-1-3/1 پۆلکردن (Taxonomies):

پۆلی ئاژەڵو ڕووەكو خواردنو کەرەستەکانی ناومالْ، ئۆتۆمبێلو جلوبەرگو ئامێرە مۆسیقییەکان..هتد، دەگرێتەوە. فیلڵدی لێکسیکی گەورەتر پێکدێنن چونکە پۆلکردن پرۆسەیەکە بیرو شتەکان تیایاندا ڕووندەبنەوە، یاخود پۆلکردن کۆکردنەوەی زیندەوەرەکانە، یا شتەکانە بۆ چەند دەستەو تاقمێك.

---

[1] Jean Aitchison : 1992 : 82.
[2] Sebastian Löbner : 2002 : 95.


پۆلکردن شتێکی بنەڕەتییە لە زماندا، هەروەها تەنانەت لە پرۆگرامەکانی کۆمپیوتەریشدا پـۆلکردن ڕۆڵی گەورە دەبینێت.[1] ئەم سیستەمە جۆرێکی تایبەت لە هەرەمی یەك بە دوایەکداهاتوو پێکـدەهێنن، بـۆ نمونە[2]




هەریەك لەم ژێرگیرانەش، دەبنە گشـتگیرو کـەتیگۆری نـوێتر بـەپێی کۆمـەڵو شـوێنە جیاوازەکـان پێکدەهێنن. بەم شێوەیە زانستێك هاتە ئاراوە بە ناوی زانستی پۆلکردن (دابەشکاری) Taxonomy، کـە بریتییە لەو زانستەی بایەخ بە دیاریکردنو ناونانی گیانلەبەرەکانو دابەشکردنیان بۆ سەر چەند گروپێـك. وەك زاراوەش (Taxonomy) لە ﴿(Taxis) بە واتای ڕێکخستنو Nomos بە واتای یاسا﴾ بە هەردووکیان (یاسای ڕێکخەری) یان پێدەوترێت[3].

## 3-2-1-3/1 میرۆنیمی (Meronymies):

لە نێوان کەرەستە فەرهەنگییەکانـدا، میرۆنیمـی زاراوەیەکـە بـۆ پەسـنکردنی پەیوەنـدی بەشـە بـە گشتەوە.[4] میرۆنیمی ئەو زاراوەیە کە بەشێکی بچووك لە گشت پێکدێنێت، بـۆ نمونـە پەنجـەکان میرۆنیمـی دەستن، هەروەها ئەندامەکانی لەشی مرۆڤ میرۆنیمی لەشـی مـرۆڤن. میرۆنیمـی لـە زمانـدا جۆرێکـە لـەو پەیوەندییانەی کە چەمك هەیەتی. دەتوانرێت لەو دایەگرامەی خوارەوە[5] لەشی مرۆڤو ئەندامـەکانی بخرێنـە بەرچاو:-




میرۆنیمی پەیوەندی (چاو) بە (دەموچاو) دەگەیەنێ، (دەموچاو)یش میرۆنیمی (سەر)ە، کە بەشـێکە لێی، هەروەها (مەچەك) میرۆنیمی (قۆڵ)ە...هتد.

---

(1) http://en.wikipedia.org/wiki/Categorization 12/11/2013.
(2) Sebastian Löbner : 2002 : 96.
(3) بڕوانە ﴿م.عفاف خیری https:www.google.iq#q= 6/9/2013﴾ و ﴿جون رای http;//ar.wikipedia.org/wiki John Ray 6/9/2013﴾
(4) John I.Saeed : 2009 : 70.
(5) Sebastian Löbner : 2002 : 97.

## 2-3/1 زاراوە ((Term))

زاراوە بریتییە لەو وشـەیەی کـە سـنورێکی (واتـایی) بـەدەوردا کێشـراوەو پـەرژینێکیش بـەدەوری زاراوەکەو تەنانەت نوسەرەکەیشیدا کێشراوە[1]و لە بواری نوسیندا بەکاردەهێنرێت.

مەبەست لە زاراوە ((هەر وشـەیەك (**كلمـة** Word)، یـا دەسـتەواژەیەك، یـا دەربڕینێـك (**تعـبير** expression) کە مانایەکی وردو دەستنیشانکراوی هەبێت، ئەگینا دەبێتە وشەیەکی زمانەوانیی ئاساییو هەموو کەسێك تێی دەگات، کۆمەڵێك لە کەسان، یا نەتەوەیەك، یا جیهان بڕیاری لەسەر دابێتو لە هەندێك مەیدانی زانستی (Scientific)، یا هونەریو کارپێکردن (**تقني** - technical)، یـا پیشـەیی (**مهنـة** profession)، یا بابەتی یاساییدا (قانونی، شرعی legal) بەکاربهێنرێت))[2].

زاراوە بەندە بەڕادەی پێشکەوتنی گەلانەوە بەشێوەیەك لە هەر زمانێکدا تـا زاراوە لـە گەشـەکردندا بێت ئەوا ئەو زمانە لە پێشکەوتنی بەردەوامدا دەبێت. چونکە زاراوە ڕۆڵێکـی دیـاری لـە دەوڵەمەنـدکردنی فەرهەنگی زماندا هەیە.

هەندێ جار زاراوە وشەیەکی ئاسایی زمانەکەیەو واتاکەی فراوان کراوەو لە چاوچێوەیەکی تەسکدا بـۆ واتایـەکی دیـاریکراو بـەکارهاتووە، بۆیـە جیاکردنـەوەی وشـەو زاراوە گرفتێکـی گەورەیـە، چـونکە زاراوە پسپۆڕێتییەو لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ وشە لە چوارچێوەی زاراوەو وشەیشدا کاردەکەن.

(کامیل بەسیر) دەڵێت: هەموو وشەیەك زاراوە نییە، بەڵام هەموو زاراوەیەك وشەیە، ئەم وشەیەش سـنورێکی تەنگەبەری (تەسکی) هەیە کە لەلایەن تاقمێك لەخەڵکییەوە بەکاردەهێنرێن.[3]

هەر لەم بارەیـەوە (ئیـدریس بـن حسـن)، دەڵێـت: ((کۆمـەڵێك وشـەی تایبەتـە کـە لـە قسـەی ئاسـاییدا بەکارناهێنرێت))[4].

زاراوە لە زمانی ڕوسیدا تێـرمین (termin)و لـە زمـانی ئینگلیـزی تێـرم (term)و لـە زمـانی فەرەنسیدا (terme)، لە زمانی لاتینی (terminus) بە واتای سـنوور، یـاخود نیشـانەیەکی سـنووردار دێت، لە زمانی عەرەبیشدا (**المصطلح**)ی پێدەوترێت ..

ڕۆزانتاڵ دەڵێت: ((تێرمن وشەیەکی سادە، یا لێکدراوە، کە بە تـەواوەتی دەربـڕی چـەمکێك بێـت، لەزانست، تەکنیك، هونەردا))[5].

زاراوە هەڵگری تاکە چەمکێك، یا واتایەکە، لە سنوری یەك واتاییدا کاردەکات، هەر ئەمەشە وایکـردووە لـە وشەی ئاسایی ناو زمان جیابکرێتەوە، چونکە زۆربەی وشەکانی زمان هەڵگری پتر لەواتایەکن.

---

[1] فاروق عومەر سدیق : وانەکانی خوێندنی باڵا – ماجستێر (زاراوەسازی): 2012/9/18.

[2] کەمال جەلال غەریب : 2012 : 11.

[3] کامیل بەسیر : 1978 : 10.

[4] ادريس بن الحسن العلمي : 2002 : 14.

[5] فاروق عومەر سدیق : وانەکانی خوێندنی باڵا – ماجستێر (زاراوەسازی): 2012/9/18.


گەشەسەندنی زاراوە، بەندە بە پێشکەوتنی زانستیو تەکنیکیو شارستانێتی سەردەم، سەرەڕای ئەو پاڵنەرانەی کە لە ناسنامەی نەتەوەییەوە سەرچاوەیان گرتووە.[1] زاراوە لەگەڵ پێشکەوتنو پەرەسەندنی ژیانی سیاسیو ئابوریو زانستیدا گەشە دەکات، بۆیە پێویستی بەوەکرد گرنگی پێ بدریو لێی بکۆڵرێتەوەو وشەی جوانو ڕاستو گونجاو و لەبارو ڕەسەنی کوردی بدۆزرێتەوەو دابنریو دابڕێژریو دابتاشری.[2]

گرنگ نییە زمان چەند دیالێکت یا نیمچە دیالێکتی هەبێت، بەڵکو پێویستە یەك شێوازی نوسینی هەبێت، واتە خاوەنی نوسینێکی یەکگرتووبێت، چونکە نوسینی یەکگرتوو بەردەوام بەهۆی زاراوەو دیالێکتو سەرجەم ڕێگاکانی تر گەشەدەکات. بەهۆی پێشکەوتنی شارستانیو تەکنەلۆجییەوە چەندین زاراوەی نوێ پەیدا دەبن، چەمكو بۆچوونە نوێیە زانستێکانیش بەهۆی زاراوەوە گەشە دەکەن، هەر لەبەر ئەمەش بوو بابەتی زاراوە زاناکانی زمانی بەخۆوە سەرقاڵکرد بۆ ئەوەی ڕەسەنایەتی زمانەکە لە داهێنانی زانستیی زاراوەدا بپارێزرێت، پەسنکردنی زاراوەش یەکێکە لە پرۆسەکانی بە یەك گەیشتنی بیرو شارستانییەت لەناو شارستانییەتی نەوەی نوێدا.[3] هەندێ لەو چەمكو داهێنانانە بەهۆی وەرگێڕانەوە هاتونەتە ناو زمانەکەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆڵێکی باشیان لە پێشخستنی ژیانی کۆمەڵدا هەبووە.

هەر زمانێك وشەی پەرژینکراوی زۆربێت (واتە زاراوەی زۆربێت) ئەوا لای ئەو میللەتە زانست بەرەوپێش چووە، بۆیە بە زمانێکی پێشکەوتوو دادەنرێت، چونکە زانست بە زاراوە دەنوسرێتو دەچێتە مێشکی گروپێکی دیاریکراوی زمانەکەوە.[4]

## 1-2-3/1 سازکردنی وشەو زاراوەی کوردی

بەهۆی بوونی کەرەستەکانی زمانەوە دەکرێت بەپێی ویستی زمانەکە بۆ دەربڕینی چەمکێکی نوێ زاراوە بەم شێوەیەی خوارەوە سازبکرێت:-




---

(1) أحمد بن محمد : 2000 : 352.

(2) لیستەی چوارەمی زاراوەکانی کۆڕ : 1975 : 500.

(3) مها خيربك ناصر : 2010 : 35.

(4) فاروق عومەر سدیق : وانەکانی خوێندنی باڵا – ماستەر (تێرمینۆلۆجی) : 2013/9/10.

- مەبەست لە (ئامادەکراو) بوونی ژمارەیەکی زۆری وشەی زمانەکەیە، وشە گەورە دەکرێتو لە زانستێکی تایبەتیدا واتایەکی تایبەتی پێ دەبەخشرێتو وەك زاراوەیەك لە زمانی نوسیندا بەکاردەهێنرێتو پەرژینێکی بە دەوردا دەکێشرێتو لە چوارچێوەیەکی تەسکدا دەمێنێتەوە. بۆ نمونە:

(وشەیە)
ئاو
H2O (زاراوەیە)

(وشەیە)
خوێ
NaCl ((کلۆریدی سۆدیۆم)) (زاراوەیە)

## 2-2-3/1 دروستبوونی وشەو پرۆسەکانی پێکهێنانی[1]:

پێکهێنانو ڕۆنانی وشە زۆر بەرێکوپێکی لە زماندا ڕوودەدات، هەمان ئەم پرۆسانەش بۆ سازکردنی زاراوەی کوردی گونجاوو لەبارن:

### 1) لێکدان (Compounding):

لێکدان لە دوو ڕەگ، یا دوو بناغە کەمتر دروست نابێت، ئەمەش یەکێکە لەو پرۆسە گرنگانەی بۆ دروستبوونی وشەیەکی نوێ پشتی پێ دەبەسرێت، ((ئەم ڕێگەیەش بەبەرهەمە لە زۆربەی زمانەکانی جیهانی وەکو ئینگلیزیو ئەڵمانی))[2]، لە زمانی کوردیدا بە گرنگترین ڕێگای دەوڵەمەندبونی فەرهەنگی زمان دادەنرێت. کە ((دووان، یا زیاتر لەوشەیەك، یەك دەگرنو وشەیەکی نوێ پێکدێنن، زۆرجاریش لێکدانەکەیان ئەوەندە بەهێزە کە ناتوانرێ لێك جیابکرێنەوە، هەندێ جاریش لێکدانەکەیان لاوازە بەئاسانی هەستی پێ دەکرێت))[3]. بەدوو شێوە دروست دەبێت، هەندێکیان بە یارمەتی مۆرفیمی لێکدەر (کۆنجێکشن) ئەوانی تر بەبێ ئامرازی لێکدەر ئەنجام دەدرێت[4]، بۆ نمونە :

بڕیار + دان > بڕیاردان

---

(1) پشت بەم سەرچاوانە بەستراوە: ﴿Stageberg: 1981: 120-127.& George Yule: 2006 : 53-58 & Razmjoo: 2004 : 17﴾ (تەنیا ئەو پرۆسانە خراونەتەڕوو، کە لەگەڵ زمانی کوردیدا دەگونجێنو نمونەیان لەبەرچاوە).

(2) George Yule: 2006: 54.

(3) stageberg: 1981 :121.

(4) عەبدولواحید موشیر دزەیی: 2013 : 89–90.

بەد + ڕەفتار > بەدڕەفتار

پیت + (-بە-) پیت > پیت بەپیت

گران+ (-ە-) + تا > گرانەتا

## 2) تێکەڵکردن (Blending):

زاراوەیەکی زمانەوانییە، لە تێکەڵبوونی دوو پارچەی بچووکی وشەوە، دروست دەبێت، یا ((کۆکردنەوەی دوو فۆرمی جیاکراوە، بۆ بەرهەمهێنانی وشەیەکی نوێ، بەم پرۆسەیش دەگوترێ تێکەڵکردن))[1]. ئەم پرۆسەیە لە زمانی کوردیو زۆربەی زمانەکانی دیکەدا، لە زمانی میدیاکانو زاراوە زانستییەکاندا بڵاوو بەبەرهەمە.[2] بۆ نموونە:

(( (چێشت تەنگاو) brunch > (نانی نیوەڕۆ) lunch/ (نانی بەیانی)breakfast))

(( ڕۆژنامە + گۆڤار > (ڕۆ) + (ڤار) > ڕۆڤار ))، ((ماتۆڕ + سکیل/ پاسکیل> ماتۆڕسکیل))

(( کۆمپیوتەر + ئینتەرنێت > کۆمپیونێت ))، لەسەر بنەمای ئەم پرۆسەیە، لەزمانی کوردیدا چەندین وشەی نوێ دروست کراوە، بەڵام بەشی یەکەمی وشە نوێیەکە فۆرمێکی سەربەخۆیە نەك بەشێکی، وەکو: زانکۆ + ئینتەرنێت > زانکۆنێت، تیشك نێت، .. .

## 3) پارچەکردن[3] (Clipping):

پارچەکردن، بریتییە ((لەو پرۆسەیەی، کە پارچەیەك، لەپێش، یا لە کۆتایی وشەوە وەردەگیرێتو لە جیاتی فۆڕمە گشتییەکە بەکاردەهێنرێت، لە ئەنجامدا فۆرمێکی سەربەست، دروست دەبێتو هەندێ جاریش، دەبێتە بناغە، بۆ پێکهێنانی وشەی نوێ))[4]، پارچەکردن لەگەڵ تێکەڵکردن بەوە جیادەکرێتەوە، کە پارچەکردن تەنیا لە یەك وشە، یا فرێزێکدا دروست دەبێت، بەتایبەتی ئەو وشانەی لەڕووی ستراکچەرەوە درێژن، بەهۆی ئیکۆنۆمییەوە کورت دەکرێنەوە. بەڵام تێکەڵکردن لە نێوان دوو وشەدا ڕوودەدات، واتە بە دوو وشە وشەیەکی نوێ دادەتاشرێت.

((بە پارچەکردنی وشەکان بۆ فۆرمێکی بچووکتر لەخۆی وەکو (facsimile) کە بووە بە(fax)، واتە پێکهاتەکەشی لەخودی وشە سەرەکیەکەوە وەردەگیرێت))[5]، لەزمانی کوردیدا زۆر جار فرێزەکانیش کورت دەکرێنەوە، بۆ نموونە:

دۆشاو : (دۆشاوی تەماتە، یا ترێ)

---

(1) George Yule: 2006 : 55.

(2) نەرمین عومەر ئەحمەد : 2010 : 31.

(3) زاراوەکە لە (شێرکۆ حەمەئەمین قادر: 2002 : 14) وەرگیراوە.

(4) شێرکۆ حەمەئەمین قادر: 2002 : 14.

(5) S. A. Razmjoo: 2004 : 17.

شەهیدان: (شەهیدانی ئازادی، زەرگەتە...)

هەندێ جاریش ناوی مرۆڤ کورتدەکرێتەوە، جا بۆ خۆشەویستی، یا توانج بێت، بۆ نمونە:- ((ڕەشید > ڕەشە ، محمد > حەمە ، نیان > نونە، لەناریا > لەنە ، ...)). شێوازی کورتکردنەوەی ناوی مرۆڤ، تەنیا لەکوردیدا نییە، بەڵکو لەزمانەکانی تریشدا هەیە، بۆ نمونە لەئینگلیزیدا:

((Michael → Mike ،James → Jim))[1].

## 4) ئەکرۆنیم (**Acronyms**):

وەرگرتنی پیتی یەکەمی وشەکانی فرێزێك، پاش خستنەسەریەكو لێکدانی ئەو پیتانە، وشەیەکی نوێی لێ پێکدەهێنرێت. بەواتای ((کورتکردنەوەی وشەکانو وەرگرتنی پیتی یەکەمی ئەو وشانەو پێکهێنانی وشەیەکی نوێ، ئەو پیتانەش بەشێوەیەکی سەربەست دەردەبڕێن))[2]، ئەم پرۆسەیە لە زمانی کوردیدا، زیاتر لە بوارەکانی ڕامیاریو سەربازیو پزیشکیو ڕاگەیاندن بەتایبەتی بۆ نوسینی هەواڵی تەلەفزیۆن، ڕۆڵێکی دیاری هەیە، چونکە دەبێتە هۆی گێڕانەوەی کاتو ئاسانتر گەیاندنی ناوەکان، بەتایبەتیش ناوە درێژەکان.[3]

بۆ نمونە:

پ.د.: پرۆفیسۆر دکتۆر

پ.ی.د.: پرۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆر

م.ی.: مامۆستای یاریدەدەر

م. : مامۆستا

ژ.ك: ژیانەوەی کوردستان

پ.ز : پێش زایین

د.ز : دوای زانیین

پ.ن : پێش نیوەڕۆ

د.ن : دوای نیوەڕۆ

"لێزەر ((LASER - Light amplification by the stimulated emission of radiation.))

یونیسێف : ((UNICEF - The United Nations Children's Fund))

ناسا : NASA - National Aeronautics and Space Administratio "[4]

---

(1) ئەم نمونەیە لەپەراوێزی لاپەڕە 57 ی نامەی ماجستێری ﴿سازان زاهیر سەعید: 2009 : 57﴾ وەرگیراوە.

(2) George Yule: 2006 : 57.

(3) چۆلی ئەسعەد جراد : 2013 : 106.

(4) ئەکرۆنیمەکە وەك خۆی وەرگیراوە.

## 5) داڕشتن (بەرهەمهێنان) (Derivation):

پێکهێنانی وشەیەکی نوێ، لەسەر بنەمای وشەکانی فەرهەنگی بنەڕەتی. بەهۆی زیادکردنی یەکێك لە ئەفێکسەکان بۆ سەر ڕەگێك، یا بناغەیەك وشەیەکی نوێ بە واتایەکی نوێوە دروست دەبێتو ئەمەش ڕێگایەکی زۆر چالاکی دەوڵەمەندکردنی وشەیە، لە زمانی کوردیشدا نمونەی بەربلاو هەیە، کە لەم خشتەیەی خوارەوە خراوەتەڕوو:-

| ڕەگ | بە یارمەتی پاشگر | بەیارمەتی پێشگر |
|---|---|---|
| نوس | نوسەر | پێنوس |
| خوێن | خوێنەوار | --- |
| چوون | پێچوون، تێچوون ... | ڕۆچوون، هەڵچوون ... |
| بێژ | بێژەر | --- |
| وێر | --- | بوێر |
| زان | زانا، زانیار ... | لێزان |

ئەفێکسەکان (پێشگر، ناوگر، پاشگر) دەگرێتەوەو پێشگرو پاشگر لە زمانی کوردیو زمانە ئێرانیێکاندا، چالاکنو نمونەی باشیان هەیە، بەڵام ناوگر لەزمانی کوردیدا چالاك نییە، بەڵکو لە زمانە سامیو حامییەکاندا زۆر چالاکە، بۆ نمونە لە زمانی عەربیدا چەندین نمونەی وشەی سازکراو بەهۆی ناوگرەوە دروستبوون، وەکو: (کتب، کاتب، کتاب، ...)).

## 6) گواستنەوە (پۆلگۆڕین) (Conversion) :

گۆڕانی وشەیە لەڕووی ئەرکەوە، وەکو گۆڕینی پۆلی ناو بۆ کردار.[1] هەموو وشەکان لە بەکارهێناندا وەك بەشە ئاخاوتنێك دەردەکەونو ئەمەش کارە گرنگەکەی زمانو فەرهەنگەکەیەتی، (وشەکان بەشێوەی (وشە بەوشە)، دەنگەکانیش بە برگەی جیاجیا دەرنابڕدرێن، بەڵکو هەمووی بەسەریەکەوە لە ڕستەیەکدا ئەرك دەبینن، پاشان واتاو مەبەستی تەواو بەگوێگر، یا خوێنەر دەگات). بۆ نمونە:-

- کتێبێکی دزی. (کردار)
- دزەکە گیرا. (ناو)

لە زمانی کوردیدا، گۆڕینی ئاوەڵناو بۆ ناو بەبەرهەمەو زۆربەی کات پەیڕەو دەکرێت.[2] بۆنمونە:

---

[1] George Yule: 2006 : 56. & S. A. Razmjoo: 2004 : 18.


[2] نەرمین عومەر ئەحمەد: 2010: 64.

جوانەکان
بالآبەرزەکان } هاتن.
نازدارەکان ..هتد.

دەوڵەمەندەکان پارەکانیان لە بانکەکان کێشایەوە. (ناو)

### 3-2-3/1 وەرگرتن:

وەرگرتنیش وەك لەم دیاگرامەی خوارەوە ڕوونکراوەتەوە، بە دوو شێوەیە:-




1) هەندێ جار ئەو وشەیەی یاخود ئەو زاراوەیە ڕاستەوڕاست دوای ئەوەی بە لەبراتۆری زمانەکـەدا دەڕوات، وەردەگیرێت. بۆ نمونە:

سەعات : **الساعة**

سپڵیت : split

قەمیس: **قميص**

سەماعە : **السماعة**

2) وەرگرتنی بیرو واتای زاراوەکەو داڕشتنەوەی یاخود وەرگێڕانی بیرەکەیو نوسینەوەی بـە پێـی یاسـاکانی زمانی دووەم. بۆ نمونە:


ڕۆژی دوایی : **يوم القيامة**

ددان چەرموو : **الناب الأبيض** : white fang

### 3-3/1 وشەو زاراوەو پەیوەندییان بە زمانەوە:

گرنگی وشە لەکاتی قسەکردنو بـەکارهێنانی لـە دەوروبـەردا بـە ئـەرکێکی هـەرە گـەورەی زمـان دادەنرێت، ئەگەر ئەمە ئەرکی وشە بێت، ئەوا زاراوەش بەشێکە لە وشە، بەڵام نەکەوتۆتـە سـەر زاری گشـت قسەپێکەرانی زمان، بەڵکو تایبەتێتی وەرگرتووە لەبواری زانستێکی دیاریکراودا کاردەکـات، کـە بـە هـۆی کەسانی پسپۆڕو شارەزاوە لەسەر دانانی زاراوەیەك بۆ چەمکێکی دیاریکراو ڕێکدەکەون. کەواتـە زاراوەدانـان

بەواتای دانانو ڕێککەوتن دێت. وشە لە زماندا گشتیە بۆ هەموانە، بەڵام زاراوە تایبەتە بە بوارێکی زانستی، لەم فیگەرەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە[1]:-




زمان وشەیەکی زۆری هەیە لە نێوان سەرجەم قسەپێکەرانییەوە بەکاردێت، بەڵام زاراوە لە چوارچێوەیەکی تەسکداو لەلایەن دەستەیەکی دیاریکراو لە بوارێکی زانستیدا بەکاردەهێنرێت.

هەرچەندە هەندێ زاراوەش ئەو چوارچێوە تەسکەی خۆیان بڕیوەو چونەتە خوارەوەو زۆربەی قسەپێکەران لێی تێدەگەنو هەندێ جاریش بەکاریدەهێنن. بۆ نمونە: بەنزین، پیترۆل، ڤیتامین، هۆرمۆن، بەدخۆراکیو هێڵکاری ئابوریو وزەی ئەتۆمو ..هتد.[2]

زاراوە دەچێتە فەرهەنگی تایبەتییەوە، کە بەشێکە لە فەرهەنگی گشتی زمان، بەردەوام لە گەشەسەندنو بوژاندنەوەدایە بە شێوەیەك هەتا ئەو زانستەی زاراوەکەی تێدایە پێشبکەوێت ئەوا فەرهەنگەکەشی گەشە دەکات.

زاراوە ڕۆڵی لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زماندا هەیە، لەگەڵ بەرەو پێشچوونی زانستەکان زاراوەکانیشیان بەردەوام گەشە دەکەن، ئەمەش بەندە بەو پێشکەوتنە خێرایانەی شارستانێتی میللەتانی جیهانەوە. چەندین فەرهەنگی زاراوەی تۆمارکراو لەبوارە جیاجیاکانی زانست جگە لەکاری بەکۆمەڵ، کاری تایبەتی پسپۆڕانیش ڕۆڵی خۆی لەم بوارەدا بینیوە.

چەسپاندنی زاراوەش بەندە بە ((هۆیەکانی بلاوکردنەوە، ڕۆژنامەو گۆڤارو ڕاگەیاندنی بینراوو بیستراو ڕۆڵێکی گرنگیان لە بلاوکردنەوەی زاراوەدا هەیە، پێویستە لەسەر کۆڕە زمانەوانیو زانستییەکان پەیوەندییان لەگەڵ ئەم دەزگایانەدا پتەوبێت))[3].

---

[1] أعضاء شبكة تعريب العلوم الصحية : 2005 : 23.

[2] أحمد بن محمد : 2000 : 348.

[3] جميل عيسى الملائكة : 1995 : 137 .


## 4/1 پەیوەندیی نێوان ناوو ناولێنراو بە پێی تیۆرەکانی واتا:

چەندین تیۆر لەگەڵ پەیدابوونی زانستی زمان، سەریان هەڵداوەو بیر لەو پەیوەندییەی نێوان وشەو واتا، شت، بیر، چەمك.. کراوەتەوەو، سەرنجی زۆری زانایانی بەلا خۆیدا ڕاکێشاوە:

### 1-4/1 تیۆری ناونان (تیۆری ئەفلاتون):

ئەم تیۆرە، لەلایەن فەیلەسوفی یۆنانی (ئەفلاتون)ەوە خراوەتە ڕوو، هەرچەندە تیۆرەکەی بەناوی (ناونان)ە بەڵام زیاتر بەتیۆری (ئەفلاتون) ناوی هاتووە، بەپێی ئەم تیۆرە ئەو هێمایەی کە لەزمانەکەدا هەیە (وشە)، ئاماژە بۆ شتێك (هێمابۆکراوێك) لەدەرەوە (واقع) (real) دەکات.

(ئەفلاتون) دەڵێت: هێما (signifier) وشەی زمانە، هێمابۆکراویش (signified) ئەو شتەیە کە لە واقیعدایە، وشەکە دەینوێنێ، یا ئاماژەی پێ دەکات، یا دەستنیشانی دەکات، وشەکانیش ناون، یاخود ئاماژەن بۆ شتەکان.[1] دەکرێت لەم نمونەیەی خوارەوە زیاتر بە تیۆرەکە ئاشنابین.




منداڵ بە زۆری وشەکان لەڕێی ناونانەوە فێردەبێت، لەڕێی لاساییکردنەوەی دایك و باوك و دەوروبەریەوە پرۆسەکە بەڕێوە دەچێت، هەوڵە سەرەتاییەکانیشی هەر بەهۆی دەربڕینی وشەی (باوکە)وە دەبێت، لە ڕێی دەربڕینی ناوی شەمەندەفەر، یا ئۆتۆمبیل، یا پشیلە ..هتد.[2]

ئەم تیۆرە هەرچەندە بۆ لێکۆڵینەوە لەو پەیوەندییەی نێوان (وشەو شت)، تیۆرییەکی واتاییە، لەنێوان ئەو پەیوەندییەی هێماو هێمابۆکراودا واتایەك هەیە، بەڵام ئەگەر گەشتێك بەناو وشەکانی زمان بکرێت ئەوا دەبینرێت مەرج نییە هەموو وشەیەك شتێکی لە بەرانبەردا هەبێت و بەرجەستە بێت، بەڵکو لەناو مێشکدا شتێك لە بیروباوەڕدا ڕەنگی دابێتەوەو کاری تێکردبێت بۆیە شوێنێکی بۆ دانراوە، یا لە فیلدێکدا هەڵگیراوە، هەموو وشەکان بەشێوەیەکی سیستماتیکی لەژێر ڕکێفی فیلدێکی وشەیی (لێکسیکی) شوێنی خۆی گرتووە.

(1) ف.بالمر : 1985 : 23.

(2) سەرچاوەی پێشوو : 24.

## 2-4/1 تیۆری هۆشەکی (وێنەیی) (Ideational theory)، یا (Image theory):

سەرهەڵدانی ئەم تیۆرییە بۆ سەدەی حەڤدەیەم دەگەڕێتەوە، لە لایەن فەیلەسوفی ئینگلیزی (جۆن لۆکJohn Locke)ەوە سەریهەڵداوە.

(جۆن لۆك) دەڵێت: ((دەبێت بەکارهێنانی وشەکان ئاماژەیەکی ڕاستەوخۆی بیرەکان بن))[1]. (ستیفن ئۆڵمان)یش پێی وایە ((واتا بریتییە لەو پەیوەندییە دوو سەرەی کە لەنێوان وێنەی هۆشەکیو وشەدا هەیە))[2]. ئەم تیۆرییە زمان ((وەکو هۆکارێك بۆ گەیاندنی بیر))[3] دادەنێت، لێرەدا فۆرم لەگەڵ بیر هەردووکیان لەناو مێشکدان، واتە کاریگەری ناوەوەن، بۆیە بەم بۆچوونە دەگوترێت هۆشەکی.


ئەم بۆچوونە واتا وەك (چەمك، وێنە، بۆچوون)، لێکدەداتەوە، جا لەبەر ئەوەی (چەمك) ناپێوریو بەپێی کەس دەگۆڕێت، پڕ بەپێستی وشە نییە، واتە، یا کەمترە، یا زیاترە.[4]

هەردوو تیۆری هۆشەکیو تیۆری ناونان، وەك هەموو تیۆرییەکانی تر ڕووبەڕوی ڕەخنە بوونەتەوە ئەویش ئەوەیە، ئامرازەکانی ((بەستن، پەیوەندی، لێکدان))،کە بەوشەی ئەرکی دادەنرێن هیچ ((وێنەیەك، بیرێك، بۆچونێك ..)) لە بەرانبەریان نییە.

**3-4/1 تیۆری ئاماژەیی (هێمایی):** ڕابەرانی ئەم تیۆرییە (ئۆگدنو ڕیچاردز)ن، بە تیۆری ئاماژەیی (Referential theory)، یا (Denotational)، کە لەم سێگۆشەیەی خوارەوەدا خراوەتەبەرچاو[5]:-

چەمك(واتا) - ئاماژە- بیر

thought - reference - sense



هێما - وشە - ناو　　　　شتی دەرەوە - ئاماژەبۆکراو

name – word – symbol　　　　referent - thing

هێما: زنجیرە دەنگێکی ڕێکخراوە کەوشە پێکدێنێ (فۆرم).

چەمك: ناوەڕۆك، وێنە، بۆچوون (واتا).

شتی دەرەوە: واتە: تەن، کەس، شت ، ڕوداو.

---

[1] أحمد مختار عمر : 1998 : 57.

[2] کوروش سەفەوی : 2006: 1.

[3] أحمد مختار عمر : 1998 : 57.

[4] سەرچاوەی پێشوو : 57.

[5] سەرچاوەی پێشوو : 54.

خاڵی سەرەکی لەم سێگۆشەیەدا ئەوەیە، پەیوەندیی ڕاستەوخۆ لەنێوان وشەو شتدا نییە.[1] پێچەوانەکەشی هەر ڕاستە، بەڵام پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لە نێوان چەمكو شتدا هەیە، هەروەها پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆش لەنێوان چەمكو وشەدا بەدیدەکرێت.

### 4-4/1 تیۆری دی سوسێر (De Saussure theory):

سوسێر بەدامەزرێنەری قوتابخانەی کۆمەڵایەتیبوونی زمان دادەنرێت، واتە زمانی وەك دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی لێکدانەبڕاو خستۆتەڕوو.[2] لە سەر ئەم بنەمایە سوسێر سێ ڕوانگەی گرنگی نوسیوە[3]، ئەوانیش بریتین لە:.

أ) ڕوانگەی یەکەم Le Langage "زمان" کە زمان لە ئەوپەڕی فراوانیی واتایی دەبینێتەوە، واتە زمان وەك دیاردەیەکی مرۆیی گشتی سەیر دەکات.

ب) ڕوانگەی دووەم La Langue ((تایبەتە بەزمانێکی دیاریکراو، وەکو زمانی کوردی، عەرەبی، ئینگلیزی ...))، بەتایبەتی (یاسای وشە فەرهەنگییەکانو ڕستەسازی) لەسەردەمێکی دیاریکراودا، دەگرێتەوە. سوسێر پێی وایە تێکڕای (یاسا)و (وشە)کان لەگەڵ واتاکانیانو هەروەها پۆلو دابەشکردنەکان بەشێوەیەکی (سەربەخۆ) لە مێشکی قسەکەردا هەڵگیراونو تەنانەت ناشتوانرێ گۆڕانیان بەسەردابێنێت، واتە بە شێوەیەکی چەسپاو لە مێشکدا هەڵگیراون.[4]

پ) ڕوانگەی سێیەم La Parole (=قسەکردن) بەواتای (خستنەڕوو)ی زمانێکی دیاریکراو La Langue لەلایەن تاکی قسەکەرەوە بۆ (بەدەستهێنانی ئامانجەکانی) لەڕێی دەربڕینەوە (دەنگ). بەمەش دەگوترێت La Parole (قسەکردن).[5] سوسێر لە لێکچەرەکانیدا پێشنیازی ئەوەی کردووە، کە پێویستە زمانەوان خۆی بۆ هێما کۆمەڵایەتییە هاوبەشەکانو سیستەمی ئەبستراکت تەرخان بکات، کە بە (زمان Langue) ناوی بردووە، لەگەڵ چالاکییە دیاریکراوەکانی قسەکەر (Parole)[6].

هەروەها سوسێر دەڵێت: هێمای زمانی ناوو شت کۆ ناکاتەوە، بەڵکو واتاو وێنەی دەنگی (فۆرم) کۆدەکاتەوە، وشەیش دوو ڕووی هەیە کە لە یەکتری جیانابنەوە، ئەوانیش فۆرمو واتان.[7]

---

(1) ستيفن أولمان : 1986 : 77.

(2) محمود السعران : 2008 : 301.

(3) سەرچاوەی پێشو: 301.

(4) سەرچاوەی پێشو، 302.

(5) سەرچاوەی پێشو: 302.

(6) H.G.Widdowson: 2009 :21.

(7) ماجدة توماس حانە: 2008: 72.

### 5-4/1 تیـۆری فیلـدە واتاییـەکان: فیلـدی لێکسـیکی (lexical fields)، یـا فیلـدی واتـایی (semantic field):

فیلدی لێکسیکی کۆمەڵە وشەیەکن سیمایەك پێکەوە دەیان دەبەستێتەوە.[1] بۆ نمونە، ئـەو وشـانەی تایبەتن بە ئاوەڵناوی ڕەنگەکانەوە، هەموویان لەژێر چـەتری فیلـدێکی لێکسـیکی، یـا واتـایی دەبینرێنـەوە (سەوز، زەرد، شین، مۆر، سوور، پرتەقاڵی ...). ئەم تیۆرە داهێنانێکی ڕۆنانکارەکان بوو، هەوڵیاندا واتاکـان بەهەمان پەیڕەوی دەنگسازی پۆلین بکەن.[2] ((کۆکردنەوەو داڕشتنی بیرەکان بە شێوەیەکی پتەو بـۆ (جوسـت تریر jost trier)ی ئەڵمانی دەگەڕێتەوە کە گریمانەکەی لە سەردەمی خۆی (نزیکەی 1930) سـەرکەوتنی بەدەست هێنابوو))[3].

((بەپێی ئەم پەیوەندییەی نێوان وشەکان، وشەکانی هەموو زمانێك لە چەند بوارێك کۆدەبنەوە، بەڵام بوارەکان داخراونین‌و زیادوکەم دەکەن‌و پێوەندییان پێکەوە هەیە))[4]، گرنگـی ئـەم تیـۆرە لەوەدایـە وشـەکان بەپێی پسپۆڕی‌و تایبەتمەندی دەبنە ئەندامی فیلدێکی گشتگیر، کە خزمایـەتی‌و هاوڕێیـەتی نێـوان وشـەکان دیاریدەکات، بۆنمونە (فیلدی خواردن تەنیا ئەو شتانە دەگرێتەوە بۆ خواردن بشـێن، وەك: نـان ، ئـاو ، شـیر، سەمون، سەوزەوات ...هتد).

### 6-4/1 تیۆری بەکارهێنان (Context theory):

(فێرس) (firth) وەك پێشەوای ئەم تیۆرییە سەیر دەکرێت، دواتر هالیدای‌و ئینتۆش، سـینکلەیرو میشێل کاریان لەسەر کرد، بەڵام لیۆنز بە یەکەم کەس دادەنرێت، کە گەشەی بەم تیۆرە دابێت. واتای وشە لای ئەمان شێوازی بەکارهێنانێتی لەزماندا.[5] وشەکانیش هەندێکیان لێڵن، لە بەکارهێناندا ڕوون دەبنەوە.

(ئۆڵمان) دەڵێت: دانەری فەرهەنگ دەبێت تێبینی واتای وشەکان بکات بە گوێرەی ئـەو دەوروبـەرەی تێیدا بەکار دەهێنرێت، لە کاتی قسەکردن، یا نوسیندا، پاشـان ئـەتوانێت لـە فەرهەنگـدا تۆماریـان بکـات بەگوێرەی ئەو واتایانەی کە لە ژیانی ڕۆژانەدا بەکارهاتوون.[6] چونکە وشە واتایەکی شاراوەی هەیەو لـەکاتی بەکارهێناندا بەدیاردەکەوێت.[7] واتە وشە واتای تەواوی دەرناکەوێت، تا وەکو نەچێتە بواری بەکارهێنانـەوە، دەرورو‌بەر واتای یەکە واتاییەکان دەستنیشان دەکات.[8]

---

[1] أحمد مختار : 1998 : 79.
[2] عەبدولواحید موشیر دزەیی : 2010 : 62.
[3] کلۆد جێرمان‌و ڕیمۆ لۆبلان : 2006 : 38.
[4] شێروان حوسێن : 2011 : 47.
[5] أحمد مختار : 1998 : 68.
[6] سەرچاوەی پێشوو : 68.
[7] عەبدولواحید موشیر دزەیی : 2004 : 12.
[8] شێروان حوسێن : 2011 : 46.

بەم شێوەیە قسەکەر کاتێك نرخی وشەی بۆ دەردەکەوێ، کە ئەرکەکانی پێ ئەنجام بـدات، دیسـانەوە بەکارهێنانی وشە چ لە گفتوگۆ، یا نوسین ڕۆڵی لە دەوڵەمەندکردنی فەرهـەنگی زمانـدا هەیـە، واتـە بـەپێی ئەرك‌و ڕۆڵ دەتوانرێ وشە هەڵبژێردرێن.

## 7-4/1 تێڕوانینێکی نوێ لەسەر پرۆسەی ناونان:

هەر لەسەرەتاوە پرۆسەی دانـانی ناوێـك بـۆ ناولێنراوێـك بۆتـە جێـی تێڕامـانی زانـاو فەیلەسـوفە یۆنانییەکان، واتە لەسەر بنەمایەکی فەلسەفی ئەو پەیوەندیانـە لێکدراونەتـەوە. قسـەکردن لەسـەر پرۆسـەی ناونان‌و ئەو پەیوەندییەی لەنێوان وشەو شت، ماوەیەکی زۆری خایانـد، لەسـەردەمی یۆنانییەکانـدا، هەنـدێك بۆچوون بۆ پرۆتاگۆراس Protagoras (480-410 پ.ز) دەگەڕێتەوە، هەندێ بۆچوونی تریش پێی وایـە بۆ پیساگۆراس Pythagoras (572-497 پ.ز) دەگەڕێتەوە.

یۆنانییەکان پێیـان وابـوو پەیوەندییـەکی لـۆجیکی ڕاسـتەوخۆ لـەنێوان ئـەو واتایـەی بـە وشـەکان دەردەبڕێت،و لەگەڵ شێوە دەنگییەکانی، یاخود پەیوەندییەکە ڕێککەوتنەو بەهۆی ڕێکەوتەوە دروسـتبووە.[1] یەکێك لەو ڕەخنانەی ڕووبەڕووی تیۆری ناونان بۆتەوە ئەویش ئەوەیە لەسەر هەموو ناوێـك جێبـەجێ نابێـت، بەڵکو تەنیا لەسەر هەندێك ناو جێبەجێ دەبێت، چونکە هەندێ ناو بوونێکی سروشتیان نییە تەنیا لە خەیاڵ‌و مێشکی کەسەکەدایەو شتێکی بەرجەستەی لە بەرانبەردا نییە، وەکـو خێـوو جنۆکـەو مۆتەکـە ...هتـد.[2] هەروەها هەندێك شت (چەمك) لەبەر گرنگی‌و دووبارەبوونەوەیان لەژیانی کۆمـەڵێك چەند ناوێکیان هەیە، بـۆ نمونە لەزمانی (ئەسکیمۆ)دا چوار وشەی بۆ بەفر هەیە وەك بەفری سەر زەوی‌و ئەو بەفرەی دەبارێت‌و کلۆبەفرو بەفری بەستوو.. بەپێچەوانەشەوە لە زمانی (هۆپی)دا Hopi تەنیا وشەیەك بۆ نمونـە (باڵـدار) بـۆ هەرسـێ فڕۆکەو مێش‌و باڵندە بەکاردێت.[3] بەپێی لۆجیك‌و بیرکردنەوەی ئەم سەردەمە، ئەستەمە لە نـاو کۆمـەڵێکـدا لە سەر دانانی ناوێك بۆ ناولێنراوێك ڕێك کەوتن، بگوترێ با هەمـوو بەو شتە بڵێین (خانوو، درەخت ..هتد.)، لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێ گریمانەی ئەوە بکرێت، کە ئەو وشەیە لەدەمی کەسێکەوە داکەوتبێت‌و وردە وردە لەناو کۆمـەڵدا بەکارهێنرابێت‌و دواتر چەسپابێت (واتە ئەمەیە ڕێککەوتنەکـە)، بـەڵام بـەهیچ شـێوەیەك نازانرێـت لەدەمی کێ‌و چۆن پەیدا بووە؟ چونکە وشە کاتێکی زۆری دەوێت تا دەچەسپێت. واتە وشە نە کۆبونـەوەی بـۆ کراوە، نەکۆبونەوەی بۆ دەکرێت بەڵکو تـەنیا بـۆ دانـانی زاراوە کۆبوونـەوە دەکرێـت، چـونکە زاراوە بـەپێی ڕێککەوتنی کەسانی پسپۆڕ بەرهەم دێت.

سوسێر زمانی مرۆڤی بە پەیڕەوێکی هێمـایی تاریـك‌و لـەخۆوە دانـاوە، کـە ئەمـەش بـە گـرنگترین بۆچـوونەکانی دادەنرێـت.[4] وشـەی ڕوون، ئـەو وشـانەن کـە زیادەیـەك چـۆتە سـەریان‌و وشـەیەکی نوێیـان

---

[1] میلکا افیتش : 1996 : 10.

[2] ف.بالمر : 1985 : 25.

[3] سەرچاوەی پێشو : 28.

[4] بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە ((محمد معروف فتاح : 1984 : 41–43)).

دروستکردووه وەکو: کوردستان، شەکردان، نێرگزەجاڕ، بێکەس ..، یا ئەو وشانەی بەهۆی لێکدانەوە دروستبوون وەکو چاوساغ ، بالاَبەرز، شەوچەرە .. هەندێ وشەش هەن لەزمانێکی دیاریکراودا بەهۆی لاساییکردنەوەی دەنگەکانیانەوە ڕوونن وەکو: گڤەگڤ، هاژەهاژ، کوکووختی... هەروەها ئیدیۆمەکانیش کە لە شێوەی فرێزو ڕستەدا خۆیان دەنوێنن هەر یەك بیر، واتا، چەمك بەدەستەوە دەدەن. وەکو:

- دانی مار (زیرەك)
- مووی لووت (بێزارکەر)
- سەری خۆی نییە. (لاسارە)
- بارە شوشەی پێیە. (دووگیانە)

وشە تاریکەکانیش لەڕووی پێکهاتنەوە لە یەك مۆرفیم پێکهاتوون، هیچ پەیوەندییەك لەنێوان فۆرمو واتاکانیاندا بەدی ناکرێن، بەو پێیەی نازانرێت چۆن ئەو پەیوەندییە دروست بووە.

بەهۆی گەشەسەندنو سەرهەڵدانی زانستی ئیتمۆلۆژییەوە، تا ڕادەیەك پەردە لەسەر ئەو تاریکیەی وشەشدا هەڵدراوەتەوە، زۆرێك لەو وشە تاك مۆرفیمانەی ئەمڕۆ، پێشتر لە مۆرفیمێك زیاتر بوون واتە لە ئەنجامی لکاندنی سۆفێکسێك بۆ سەر ڕەگ، یا بناغەی وشە، کە بەهۆی تێپەڕبوونی کاتەوە بوونەتە بەشێك لێی وەکو: (مر+یش+ك = مریشك، جوچك - جوچکە = جوچ + /-کە/ (سۆفێکسی بچووککردنەوە) ...).

بەو پێیەی زانستی ئەسڵی وشە (ئیتمۆلۆژی)، هەندێ جار پەنجە دەخاتە سەر وشەکەو بە بەڵگە (Document)ەوە فۆنیمە سەرەکێکانی دەخاتەڕوو، بەم شێوەیە بەپێی ئەم زانستە بێت وشەی سادەو یەك مۆرفیمی لەزماندا کەمن، بۆ نمونە:- مەرگ: فۆنیمی سەرەکی (م)یە، (-ەر)یش وەك پاشگرێکی وشە داڕێژە، چەندین وشەی تری لەزمانەکەدا پێ سازکراوە، (م) فۆنیمە سەرەکێکەیە، مەبەست لەو کەسەیە لەتاو ئێشوئازارو نەخۆشی (ئەمئمێتی)و لەحاڵەتی سەرەمەرگدایە.[1]

ژن: (ژ-) + (-ن) ، سۆفێکسی (-ن) لە زمانە ئێرانیە کۆنەکاندا دەچوونە سەر ڕەگەزی مێینە.[2]

خودی وشەی (ژن) پەیوەندی بە (زان و ژیانو ژینو گیان)دا هەیە، ڕەگی (ژ) دەچێتەوە سەر بیرو چەمکی (ژیان). بەپێی ئەم زانستە ئەو وشانەو هەڵبژاردنی فۆنیمە سەرەکێکانی مۆرفیمەکە هەر لەخۆوەو بێ بنەما نییە، بەڵکو پەیوەندییەکی لۆجیکی لە دانانی ئەو مۆرفیمە، یا فۆنیمە سەرەکێکانی ئەو وشانەدا هەیە، بەلاَم ئەو پەیوەندییەی نێوان (ناوو ناولێنراو)دا هەیە پەیوەندییەکی لەخۆوەیە، نەك بە ڕێککەوتنی چەند کەسێك، بەڵکو ڕێککەوتن تەنیا لە زاراوەداناندا ڕۆڵی هەیە، کە لە نێوان چەند کەسێکی پسپۆڕەوە دادەنرێتو لەسەری ڕێکدەکەون.

---


[1] بڕوانە: فاروق عومەر سدیق : 2011 : 78-95.

[2] سەرچاوەی پێشو: 158-171.

## 5/1 بەراوردکردنی وشەو زاراوەو پەیوەندییان بە پرۆسەکانی واتاوە:


1) وشە (هێماو هێمابۆکراوە):

وشە لە هێماو هێمابۆکراوێك پێکدێت.[1]




وێنە دەنگییەکە لە (م ، ر ، ۆ ، ڤ) پێکهاتوە، وێنەیەکی هزری لە ئاوەزدا دروستکردووە، ئاماژەکردنە بۆ شتێکی زیندووی ناسراو (مرۆڤ).

زاراوە بەرهەمی لکاندنی ناوێکە بۆ چەمکێکی دیاریکراو، کە لەم وێنەیەی خوارەوەدا ڕونکراوەتەوە[2]:-




لەلایەن چەند کەسێکی پسپۆڕو شارەزاوە ڕێککەوتوون لەسەر پێکهێنانی ناوێك بۆ چەمکێکی دیاریکراو.

2) هەریەك لە وشەکان دەچنە ناو فیلدێکی لێکسیکییەوە:

وشەکانی زمان دەچنە ناو فیلدێکی لێکسیکی کە لەگەڵ وشەکانی تری ناو فیلدەکە لە سیما بنەڕەتیەکانیاندا هاوبەشن.[3]

ئەگەر فیلدی ڕەنگ وەربگرین، سورو سەوزو شینو ..هتد. هەموویان لەیەك سیمای واتایی هاوبەشن ئەویش ڕەنگە. فیلدی واتایی (Semantic Field) یا فیلدی لێکسیکی (Lexical Field) کۆمەڵێك

[1] أعضاء شبكة تعريب العلوم الصحية : 2005 :30.
[2] سەرچاوەی پێشوو :30.
[3] سەرچاوەی پێشوو: 35.

وشەن واتاكانیان لەیەكەوە نزیكن‌و فۆرمێكی گشتی پێكدەهێنن، كە هەموویان لە دەوری خۆی كۆ دەكاتەوە.[1]

بەڵام زاراوە دەچێتە ناو فیلدی چەمكەوە:

هەریەك لە زاراوەكان سەر بە فیلدێكی چەمكین، كە تەنیا لە ناو فیلدە چەمكێكەی خۆیدا دیاری دەكرێت، لەنێوان چەمكی زاراوەكاندا پەیوەندییەكی سنوردار هەیە، ناشكرێت بەدەر لە بوارە زانستێكەی باس لەزاراوە بكرێت.[2] واتە ((وشە دەكەوێتە ناو كێڵگەی واتایی بەڵام زاراوە دەكەوێتە ناو كێڵگەی چەمكی))[3]، چونكە زاراوە بە چەمكەوە گرێدراوە.

3) لە زانستی زاراوەدا پێوانە هەیە كە زاراوەكەی تێدا دیاری دەكرێت، واتە زانستێكە نرخی پێكهاتە زاراوەییەكانی تێدا دیاری دەكرێت، كەواتە پێوانەیەك هەیەو بەبێ ئەوانە زاراوە سازناكرێت.[4] وشەسازی كوردی بەپێی یاساكانی زمانی كوردی‌و ئەنالۆژیاكەی، وشەی نوێ دروست دەبێت، بۆ نمونە:

براژن

ئامۆژن / مامۆژن

كچەزا

كوڕەزا

ژنبرا

ژنخوشك ..هتد

هەندێ جار زاراوە لەسەر بنەمای وەرگێڕانی بیری زاراوەكەوە (كاڵكە) فرێزەكان وەردەگێڕدرێن، بۆ نمونە:

مانگی دەستكرد : **القمر الصناعي**

شاری یاری: **مدينة الالعاب**

سیاسەتی فەرهەنگی : **السياسة الثقافية**[5]

((گورچیلەیی شێوە : **كلوي الشكل** : Nephroid

كیسەكردنی گورچیلە : **تكيس الكلية** : Nephrocystosis

بەردی گورچیلە : **حصاة الكلية** : Nephrolith))[6]

((ئەوینی ئەفلاتوونی: Platonic love))[7]

---

(1) فائق خلف سليمان : 2009 : 115.

(2) أعضاء شبكة تعريب العلوم الصحية : 2005 :35.

(3) قەیس كاكل و دانا تەحسین : 2013 : 107.

(4) فاروق عومەر سدیق : وانەكانی خوێندنی باڵا–ماجستێر (تێرمینۆلۆژی) : 2012/12/4.

(5) فەرهاد شاكەلی : 2011 : 52.

(6) ئەورەحمان عبدالله : 2009 : 221.

(7) بەختیار سەجادی و محەمەد مەحمودی: 2004 : 38.

چرای ئەفسوناوی : الفانوس السحری : Majic Lantet[1]

((مۆڵەتی ساڵانە : الاجازة السنوية : Permission annuelle: Annual leave

مۆڵەتی نەخۆشی : الاجازة المرضية : Congé de maladie: Sick leave

کۆبوونەوەی پەلە : الاجتماع العاجل : Réunion urgente: Emergency meeting))[2]

4) لە جیهانی وشەدا ململانێو خەباتێکی بەردەوام هەیە، وشەکان بەپێی پێکهاتەی فۆنەتیکیان ئەوانەی لەڕووی ژمارەی برگەوە کە لە یەك برگە پێکهاتوون زیاتر دەچەسپێنو بەپێی نوێبونەوەی زمانەکە بەهۆی گۆڕانکارییەوە ڕوو دەدەن، جێ بە وشەکانی تری هەمان فیلدیان لەقدەکەنو شوێنیان دەگرنەوە.

بەلاّم لەبەرئەوەی زاراوە زیاتر لە نوسیندا بەکاردەهێنرێت ململانێ هەیە، بەلاّم کەمترە. بۆ نمونە: (کردار، فرمان، فیعل..).

5) هەندێ وشە لە بنەڕەتدا زاراوەبوون بەتایبەتی ئەو زاراوانەی لەزمانی دراوسێ یا جیهانییەوە وەرگیراون. بۆ نمونە:

ئەنفال / زاراوەیەو وشەیشە

شەهید / زاراوەیەو وشەیشە

هەرچەندە ئەم زاراوانە لەبنەڕەتداو لەزمانی لێوەرگیراو (عەرەبی)دا پێشتر تایبەت بوون، بۆ نمونە (ئەنفال)[3] کە ناوی سورەتی هەشتەمی قورئانی پیرۆزەو بەهۆی کاریگەربونی کورد بە ئایینی پیرۆزی ئیسلامەوە وەك فۆرمێکی وەرگیراو بووەتە دەربڕی چەمکێك بۆ ونبوونو بێ سەروشوێن بوونی سەدان هەزاری خەڵکی کورد لە گەرمیانو دۆڵی جافایەتیو بارزانو ..هتد.

واتە لێرەدا فۆرمەکە پێش وشەکە کەوتووە، بەلاّم لە زاراوەدا چەمك لە پێشترە، واتە چەمکەکە دیاری دەکرێتو دواتر بەپێی ڕێککەوتنی کەسانی پسپۆڕ زاراوەیەکی بۆ دادەنرێت.

6) واتای وشە بەپێی ئەو دەوروبەرە زمانییەی تێیدا دەردەکەوێت دەگۆڕێت، بەلاّم زاراوە لەبەر ئەوەی لە بوارێکی زانستیی دیاریکراودا چەمکێکی دیاریکراو دەردەبڕێت، واتاکەی ناگۆڕێت، بەلاّم ئەگەر بوارە زانستێکەی گۆڕا، ئەوا واتای زاراوەکەش دەگۆڕێت.[4]

---

(1) کاردۆ : 2006 : 92.

(2) نوری تاڵەبانی : 2006 : 29.

(3) ((Πیَسْئَلُونَكَ عَنِ الأنفَالِ قُلِ الأنفَالُ لِلَّهِ وَالرَّسُولِ فَاتَّقُواْ اللَّهَ وَأَصْلِحُواْ ذَاتَ بَيْنِكُمْ وَأَطِيعُوا اللَّهَ وَرَسُولَهُ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِين ω)) بڕوانە ﴿قورئانی پیرۆز ئایەتی یەك سورەتی الانفال: لاپەڕە 177﴾. زاراوەی ئەنفال بەواتای دەستکەوتەکان (الغنائم) دوای جەنگی (بەدر) ئەم ئایەتە بۆ پێغەمبەری موسڵمانان موحەمەد (د.خ)، پاش سەرکەوتنی موسڵمانان لەو جەنگەدا چەند کەلوپەلێك ماونەتەوە هێناویانە بۆ پێغەمبەر (د.خ)، ئەویش پێی فەرموون کەلوپەلەکان بخەنە ناو (نفل)ەوە، بەواتای ئەو کەلوپەلانەی کە لەدوای جەنگدا دەستیان دەکەوت، دواتر لەلایەن پێغەمبەری مەزنەوە بەسەریان دابەشدەکرا. بڕوانە ﴿إسماعيل بن كثير (2000) تفسير القران العظيم، المجلد السابع ص9–13﴾.

(4) قەیس کاکل و دانا تەحسین : 2013 : 107.

## 6/1 دیالێکت

دیالێکت Dialect، زاراوەیەکی لاتینییە، کە ئەوانیش لە گریکەکانەوە وەریانگرتووە، لەزۆربەی زمانەکانی جیهاندا بەکاردەهێنرێت، لە زمانی عەرەبیدا (لهجە)ی پێ دەگوترێ. لە زمانی کوردیدا، چەند زاراوەیەکی لە بەرانبەردا بەکارهێنراوە، وەك: ((زار ، زاراو، زاراوە، شێوە، بەش، بن، خوار، نیمچە، بێچوو، بۆ دیالێکت، بەشو لقەکانی داتاشراوە))[1].

دیالێکت، کۆمەڵێك سیمای زمانەوانی سەر بە ژینگەیەکی تایبەتییە، هەموو تاکەکانی ناو کۆمەڵ هاوبەشن لەم سیمایانە، ژینگەی دیالێکتیش بەشێکە لەو ژینگە گشتییەی کە زمانێك پێکیدەهێنێت. دیالێکت لە زاراوە زانستییە نوێیەکاندا بریتییە لە کۆمەڵێك تایبەتمەندی زمانەوانی سەر بە ژینگەیەکی تایبەتن، تێکرای تاکەکانی ئەم ژینگەیە لەم تایبەتمەندیانەدا هاوبەشن.[2]

(رۆبنز) (R.H.Robins)، بەم شێوەیە پێناسەی دیالێکت دەکات: دیالێکت خوو، یا نەریتە قسەییەکانی کۆمەڵێکە لەڕووی ژمارەوە کەمترن لە کۆمەڵێکی گەورەتر کە بە یەك زمان دەدوێن.[3] دەکرێت وردتر شیبکرێتەوە بەوەی ((دیالێکت شێوەی جیاوازی ئاخاوتنە لە چوارچێوەی یەك زماندا، کە دەبێتە تایبەتمەندییەكو بەهۆیەوە ئاخێوەرەکانی ناوچە جیاوازەکانی تاکە زمانێك لە یەکتر جیادەکرێتەوە))[4].

بۆ یەکەم جاریش یۆنانییەکان بە شێوەی (Dialektos) بەکاریان هێناوە، ئەم زاراوەیان بۆ جیاکردنەوەی زمانی نووسین لە زمانی چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵ بەکارهێناوە.[5]

زمان چەند دیالێکتێك لەخۆ دەگرێت کە هەر یەکەیان جیاوازە لەوی تریان، ئەم کۆمەڵە دیالێکتەش لە تایبەتمەندییە زمانەوانیو نەریتە قسەییەکان هاوبەشن. دیالێکت لە زاراوە زانستییە نوێکاندا: بریتییە لە کۆمەڵێك تایبەتمەندی زمانەوانی سەر بە ژینگەیەکی تایبەتینو لەم تایبەتمەندیانەش هەموو تاکەکانی ئەم ژینگەیە تیایدا بەشدارن.[6] دیالێکت بەشێکە لە زمان، سەرجەم دیالێکتو نیمچە دیالێکتەکانی زمانێك لەژێر سێبەری ئەو زمانەدا کۆدەبنەوە.

---

(1) حوسێن محەمەد عەزیز : 2005 : 330.

(2) محمود عكاشة : 2007 : 150.

(3) مخلصين : 2008 : 17.

(4) نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو : 2013 : 41.

(5) عەبدولمەناف رەمەزان ئەحمەد : 2009 : 10.

(6) محمود جاسم الدرويش : 2004 : 3. (( http://www.omu.edu.ly/Moktar_MG1/Mag.aspx?View=2 ))

### 1-6/1 جیاوازی نێوان زمانو دیالێکت:

چەند جیاوازییەك لەنێوان زمانو دیالێکتدا هەن، لەوانە:-

1) ئەگەر جیاوازی نێوان دوو زمان لەڕووی لێك تێنەگەیشتنیانەوە بێت ئەوا دوو زمانی جیاوازن، بەڵام ئەگەر تێگەیشتن لە نێوان دوو کەسی دیالێکت جیاواز هەبوو، جیاوازییەکەش لەڕووی دەنگ (فۆنۆلۆژی)، لێکسیکۆلۆجی، ڕێزمانییەوە بوو ئەوا ئاسایی بە دوو دیالێکتی هەمان زمان دادەنرێن.[1] بۆ نمونە دیالێکتی گۆران لە ڕووی فۆنەتیکو لێکسیکۆلۆجییەوە نزیکە لە دیالێکتەکانی تری زمانی کوردی.

2) مەبەست لە زمان زمانی گشتیە، هەموو ئەو دیالێکتو نیمچە دیالێکتانەی زمانێکی تایبەتە، کە هاوزمانان قسەی پێ دەکەن.[2] بەڵام دیالێکت تایبەتە بە کۆمەڵێکی بچووکتر تەنیا بۆ قسەکردن بەکاردێت.

3) ((دیالێکت شێوە زمانی ئاخاوتنی گروپێکی لاوەکی جیاوازی خەڵکە. وەك نەریتێکی باو زمانەوانەکان زاراوەی (دیالێکت)یان بۆ جیاوازیی زمانی ناوچە جوگرافیە جیاوازەکان بەکارهێناوە، بەڵام لە بەکارهێنانی ئێستایدا دەکرێ ئەو زاراوەیە تایبەتمەندی جیاوازیی گوتاری گروپە کۆمەڵایەتیە لەیەك نەچووەکانیش بگرێتەوە))[3].

4) پەیوەندی نێوان زمانو دیالێکت پەیوەندی گشتو بەشە، زمان هەموو دیالێکتەکان لەخۆ دەگرێت، چەند جیاوازییەك لەنێوان دیالێکتەکانی زمانێك بەدی دەکرێتو هەمووشیان لە کۆمەڵێك تایبەتمەندی زمانەوانیدا هاوبەشن.[4]

5) زمان بەپێی ڕەگەزی ئەندامانی کۆمەڵ ناگۆڕێت (مەبەست لە لێکسیکی زمانەکەیە)، بەڵام دیالێکت بەپێی ڕەگەزو جوگرافیاو دابەشبوونی چینە کۆمەڵایەتییەکان دەگۆڕێت.[5]

### 2-6/1 هۆکارەکانی دروستبوونی جیاوازی لە زماندا (دیالێکت):

#### 1-2-6/1 هۆکاری سیاسی:

هۆکاری سیاسی ڕۆڵێکی کاریگەری لەسەر زمان هەیە، چونکە دەست نیشانکردنی زمانێکی فەرمی بۆ وڵات بە بەهێزترین هۆکاری کاریگەری زمان دادەنرێت، ئەو سیستەمە زمانەی لەلایەن حکومەت، یاخود دەوڵەتەوە دەسەپێنرێت وەك زمانێکی فەرمی بۆ ئەوەی لە بوارەکانی ڕۆشنبیریو زانستو ئەدەب کاری پێ بکرێت، لە کاتێکدا ئەو سیستەمە زمانییە لە ژیانی ڕۆژانەدا وەك دیالێکتێك، یا زمانێکی ڕەشۆکی ناو

---

[1] بڕوانە : بێرنارد کەمریو هیتر : 2007 : 23.
[2] ڕێژنە مەعروف حوسێن : 2010 : 10.
[3] بێرنارد کەمریو هیتر : 2007 : 23.
[4] ابراهیم انیس : 1995 : 16.
[5] بڕوانە: بەکر عومەرو شێرکۆ حەمە ئەمین: 2006: 14..

خەڵك بەکاردەهێنرێت.[1] بۆیە پێویستە زۆر وردبینانەو دووربینانە لە لایەن دەسەڵاتی جێبەجێکردنەوە دەستنیشان بکرێت، ئەگەر ئەم کارە نەکرێت ئەوا زمانی ناوچەیی پەرە دەسێنێت. ئەم دیاردەیە لە ڕاگەیاندنەکانی ئەمڕۆو گۆڕەپانی سیاسیدا بەرچاو دەکەوێت، وایکردووە هەر ناوچەیەك بە زمانی ناوچەیی خۆی بنووسێتو پەیڕەوی زمانە یەکگرتووەکە نەکات.

## 2-2-6/1 هۆکاری جوگرافی :

قسەکەرانی زمانێکی دیاریکراو لە ژینگەیەکی جوگرافی بەر فراوانـدان، سروشتی ئەو ناوچانە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر دەگۆڕێت، بەهۆی بوونی چیاو دۆڵەوە لە یەکتری دادەبڕێن، ئەمەش دەبێتە هۆی گۆشەگیربوونی گروپێك لەقسەکەران، بە تێپەڕبونی کات جیاوازی دروست دەبێت پێی دەگوترێت دیالێکت، یان نیمچە دیالێکت.[2] بێگومان لە نێوان ژینگەی شارو گوندەکاندا جیاوازی هەیە، ئەو ناوچانەی کراوەن بەڕووی دەوروبەردا زیاتر دەکەونە بەر گۆڕانکاری; بۆ نمونە ئەو شوێنانەی دەکەونە سەر دەریا وەکو شارەکانی; قەناتو ئەسکەندەریە لە میسر، جیاوازن لەگەڵ دیالێکتی قاهیرە.[3] لە سەر بنەمای لێکۆڵینەوە لە دیالێکتەکان جوگرافیای زمانەوانی پەیدابوو لەسەر بنەمای چڕبوونەوەی زانیارییەکانی پەیوەست بە دیالێکتی زمانێکی دیاریکراو.[4] ئەو دەستکەوتانەی لە جوگرافیای زمانەوانی کە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەکاری مەیدانییەوە بەدی هات ئەتڵەسی زمانیی بوو. واتە لە بنەڕەتدا ئەم قوتابخانەیە لەڕێی کارکردن لەسەر دانانی ئەتڵەسی دیالێکتەوە گەشەی کرد. سەرەتا زانایانی دیالێکتۆلۆجی فەرەنسی بەهاوکاری لێکۆڵەرانی ئیتاڵی بوونە سەردەستەی ئەو کارە.[5] کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم سەرەتایەکی باشو پڕ بەرهەمی ئەتڵەسی دیالێکتە تایبەتەکانی زمانە ئەورووپییە پەرشو بڵاوەکان بوو، یەکەم ئەتڵەسی فراوان هاتە بەرهەم، ئەویش ئەتڵەسی زمانەوانی ئەڵمانی Dutscher Sprachatlas (جۆرج وینکەر) George wenker بوو، لەساڵی 1876 بڵاوکرایەوە.[6] کە لەسەر بنەمای جوگرافی لە دیالێکتو نیمچە دیالێکتەکان دەکۆڵێتەوە.

## 3-2-6/1 هۆکاری کۆمەڵایەتی:

کۆمەڵ ڕۆڵێکی دیاری لە سەرهەڵدانی دیالێکت هەیە، لەناو کۆمەڵێکدا خەڵکی لە زۆر شتدا جیاوازن، چینی باڵادەستو خاوەن پیشە،و بازرگانو زانستکار هەن، لە ناو هەریەك لەو چینانە جیاوازی هەیەو هەر یەکەیان خاوەنی تایبەتمەندی خۆیانن،[7] لەمەشەوە دیالێکتی کۆمەڵایەتی هاتە ئاراوە، کە

---

[1] مخلصين : 2008 : 18 .
[2] محمود جاسم الدرويش : 2004 : 4. (( http://www.omu.edu.ly/Moktar_MG1/Mag.aspx?View=2 ))
[3] مخلصين : 2008 : 19.
[4] ميلكا إفيتش : 1996 : 115.
[5] سەرچاوەی پێشوو : 116.
[6] سەرچاوەی پێشو: 116.
[7] مخلصين : 2008 : 18–19.

مەبەست لێی ((هەموو ئەو جیاوازیە زمانەوانیانە دەگرێتەوە کە لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵدا هەستی پێ دەکرێ کە پشت بە جیاوازی چینەکانی کۆمەڵو بۆنەو تەمەنو ڕەگەز دەبەستێت لەبری جیاوازییە ناوچەییەکانی دابەشبونی دانیشتوان))[1]، بەم شێوەیە جیاوازی کۆمەڵایەتی، بەدیاردەیەکی ئاشکرا دادەنرێت، چونکە هیچ کۆمەڵێك لێی بێ بەش نییە، جۆراوجۆریی پلەو پایەو سامانو بنەماڵە ..هتد. بەڵگەی ئەم جیاوازییە کۆمەڵایەتییەن.[2] لەم ڕوانگەیەوە دەتوانرێت ناسنامەی قسەکەر دیاری بکرێت واتە دەتوانرێت ئەوە دیاری بکرێت قسەکەر سەر بە چ چینێکی کۆمەڵایەتییە ئاستی تەمەنو خوێندەواری چەندە.[3] چونکە ((ژینگەی کۆمەڵایەتی شارو شارۆچکەو گوندو هۆزو ناوچە جیاوازی لەنێوان قسەپێکەرانیان دروست دەکات))[4]. ئەم دیالێکتە بەهۆی جیاوازی چینایەتی لەنێوان چینی دەوڵەمەندو مامناوەندو خوار مامناوەند دروست دەبێت.[5] زانایانی دیالێکتەلۆجی ئەمریکی (هانز کیوارس Hans Kurath، راڤن ماکداڤید Raven McDavid، و ولیەم لابوڤ William Labov) ئاراستەی توێژینەوەکانیان چڕبوونەوە لەسەر جۆرایەتی زمان پەیوەست بە چینە کۆمەڵایەتێکان بوو، پێیان وابوو هۆی کۆمەڵایەتی لە هۆی جوگرافیا لەپێشترە.[6]

## 4-2-6/1 هۆکاری بەریەککەوتنی زمانەکان:

ململانێی نێوان دوو زمان بەگرنگترین هۆکاری دروستبوونی دیالێکت دادەنرێت.[7] جیاوازییەکانیش بەزۆری لە ڕووی دەنگو سیمانتیكو جیاوازی ڕێزمانییەوەیە، ئەو ناوچانەی دەکەونە سەر سنووری زمانێکی تر تێکەڵی دروست دەبێت، کاریگەری لەسەر یەکتر دادەنێن، بۆ نمونە ناوچەکانی سەرووی پارێزگای دیالەو خوارووی پارێزگای کەرکوكو باکورو ڕۆژئاوای پارێزگای موسڵ، دەکەونە دوا سنوری زمانی کوردیی و لە زمانی عەرەبی نزیك دەبنەوە، کاریگەری زمانی عەرەبی لەسەر زمانی کوردی لەو ناوچانە، لەڕووی دەنگەوە بەهۆی وەرگرتنی وشەی ئەو زمانەوە، لەبەر بارودۆخی سیاسیو بازرگانی خەڵکانی ئەو ناوچانە وشە عەرەبێکەیان وەك خۆی وەرگرتووە، بەتەواوی بەر گۆڕانە فۆنەتیکێکە نەکەوتوون، چونکە هەموو کوردێك[8] فۆنیمەکانی ((ذ، ظ،ض،ط،ص،ض..)) وەکو خۆی ناتوانێ دەرببڕێت، بەڵام لەو ناوچانە ئاسایی ئەو وشانە بەهەمان دەنگەوە دەردەبڕن. بۆیە کاریگەرییەکان لەو ناوچانە زیاترن چەندین وشە بەهەمان فۆرم لەو ناوچە سنووریانەوە وەرگیراون، بەهۆی هەندێ بارودۆخی سیاسیشەوە تا ماوەیەکی زۆر لەو ناوچانە لەبەرئەوەی

---

[1] بەکر عومەرو شێرکۆ حەمە ئەمین : 2006 : 22.
[2] هێمن عەبدولحەمید شەمس : 2006 : 57.
[3] بەکر عومەر و شێرکۆ حەمە ئەمین : 2006 : 22–23.
[4] یوسف شەریف : 2012 : 68.
[5] محمود جاسم الدرويش : 2004 : 4. (( http://www.omu.edu.ly/Moktar_MG1/Mag.aspx?View=2 ))
[6] میلکا إفیتش : 1996 : 126.
[7] محمود جاسم الدرويش : 2004 : 4. (( http://www.omu.edu.ly/Moktar_MG1/Mag.aspx?View=2 ))
[8] جگە لەو فێرخوازانەی لەحوجرەکاندا وانەی ئایینی دەخوێنن.

نەئەکەوتنە سنووری ناوچەی ئۆتۆنۆمییەوە، زمانی عەرەبی لە پەروەردەو فێرکردنو هەموو دامودەزگاکانی دەوڵەتدا کاری پێ دەکرا، زمانی کوردی تەنیا لە ماڵەوە قسەی پێدەکرا، بۆیە کاریگەرییەکە لەو ناوچانە زۆر زیاتربوون.

## 5-2-6/1 هۆکاری تاککەسی Idiolect:

دیالێکتی تاککەسی تێکڕای تایبەتمەندییە ناوازەکانی قسەکەر، لەوانەش تێکڕای جیاوازییە کەسێکان لەخۆدەگرێت.[1] (فندریس)یش بە زمانی تایبەتی ناوی بردووە. بەپێی تایبەتی کەسیی، ئاخاوتنی مرۆڤێك لە ئاخاوتنی مرۆڤێکی دیکە ناچێت.[2] بۆ نمونە لە بەکارهێنانی ئەتەکێتی ژیاندا چەند وشەو دەستەواژەیەك هەن، وەك: (بەڕێز - کاك - جەناب - سەیدا - تۆ ..). لە جیاوازی دەربڕینی تاکەکانەوە دیالێکتی تاککەسی دروست دەبێت، بە تێپەڕبوونی کات دەبێتە هۆی پەرەسەندنی دیالێکت.[3]

دەکرێت سەرجەم هۆکارەکانی دروستبوونی جیاوازی زمان بەم دوو هۆیە ببەسترێنەوە[4]:-

### 1. دابڕان:

سنووری دەسکردو چیای سەختو دۆڵو دەشتو کەشو هەوای سەختو نەبوونی هۆیەکانی گواستنەوەو سەپاندنی هێزی دەرەکی داگیرکەر، لە هەندێ ناوچەدا خوێندن بە زمانی سەردەستەو هەروەها ڕاگواستنو هەڵکەندنی هاووڵاتی لە نەژادو شوێنی ڕەسەنیانو بەهۆی ترسو دڵەڕاوکێو..هتد.

(ئیبراهیم ئەنیس) دەڵێت: بە هۆی فراوانبوونی سنووری زمانێك ئەگەری ئەوە هەیە، چەند ناوچەیەك بە هۆکاری جوگرافی، یا کۆمەڵایەتی لە یەکتر دابڕێن، ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی جیاوازی لەو ناوچانە.[5] دەکرێت نیمچەدیالێکتەکانی زمانی کوردی بە نمونە بهێنرێنەوە، بەپێی دابەشبوونی جوگرافییان چەند تایبەتمەندییەکیان لەخۆ گرتووە، بۆ نمونە وشەی (پا) لەناوچەکانی گەرمیاندا، لەگەڵ (پێ)ی سلێمانیدا کە جیاوازییەکە لە ڤاوڵەکەدایە، وشەی (ئاو) لەکرمانجی ناوەڕاستو خواروو، لەگەڵ (ئاڤ)ی کرمانجی سەروودا.

---

(1) میلکا إفیتش : 1996 : 125.
(2) غازی فاتح وەیس : 1987 : 38.
(3) محمود جاسم الدرویش : 2004 : 4. (( http://www.omu.edu.ly/Moktar_MG1/Mag.aspx?View=2 ))
(4) حسام سعید النعیمي : 1980 : 78.
(5) ابراهیم انیس : 1995 : 17.

## 2. تێکەڵبوون:

بەریەککەوتنو تێکەڵبوونی دوو زمان کاریگەری لەسەر یەکتری دادەنێن، لە ئەنجامی پێویستی یەکێك لەو دوو زمانە بە دەربڕاوێك.[1] ئەمەش هەندێ جار بە کاریگەرییەکی خراپ لە سەر فەرهەنگ دەشکێتەوە.

هەندێ جاریش بەهۆی داگیرکارییەوە، زمانی باڵادەست بەسەر زمانەکەی تردا زاڵ دەبێتو دەیپوکێنێتەوەو بەرەو لاوازیی دەبات، لە کۆتاییدا وا لەو زمانە دەکات بکەوێتە وشەو زاراوە خواستن لەو زمانە، هەندێ جاریش لە هەردووکیان زمانێکی تێکەڵ دروست دەبێت، بۆ نمونە عەرەب بەهۆی ئەو جەنگانەوە توانی زمانی عەرەبی لە زۆر شوێن بکاتە زمانی فەرمیو جێ بەهەندێ زمانی تر لێژ بکات، توانی بەسەر ئارامی لە عێراقو شام زاڵ ببێت، هەروەها بەسەر زمانی قیبتی لەمیسر، و بەربەری لە مەغریب، و فارسی لە هەندێ شوێنی فارسی کۆن.[2]

ئەم کارتێکردنە لەنێوان دیالێکتەکانیشدا بەدیدەکرێت، بەڵام بۆ دیالێکت کارێکی ئاساییە، چونکە کارلێکی نێوان دوو دیالێکت، نیمچە دیالێکتێکی هاوبەش دروست دەبێت. ((مرۆڤ گۆڕان لە شوێنی نیشتەجێبونیان دەکات بە هۆی هەر هۆکارێکەوە بێت لەگەڵ خۆیدا خاسیەتو تایبەتمەندیەکانی خۆی دەگوێزێتەوە ئەمەش وادەکات تێکەڵاوی لەناو زارەکاندا دروست بێت بە ئاسانی لەیەك جیا نەبنەوە))[3]. ئەگەر جیاوازییە زمانییەکان بەرئەنجامی بڵاوبونەوەی دیاری قسەکەرانی زمان بێت، بەڵگەی ئەوەیە سنوورە زمانییەکان لە ئەنجامی کۆچکردن، یاخود (کۆچی بەکۆمەڵ بەرەو شوێنێکی جوگرافی دیاریکراو)، زۆرێك لە زانایانی دیالێکتۆلۆجی ئەڵمانەکان گریمانەی ئەوەیان دەکرد، ناوچەی دیالێکتەکانی ئێستا پێچەوانەی دابەشبوونی ئەو خێڵانەبوون، کە لەو ناوچانە بەهۆی کۆچە گەورەکانەوە لەوێ نیشتەجێ بوون. دیالێکتەکانی زمانی ئەڵمانی بریتین لە: (سوەیبیان Swabian، وێستفەیلیان Westphalian، ڕیپیوەریان Ripuarian، ..هتد)).

(1) حسام سعيد النعيمي : 1980 : 80-81.

(2) ابراهيم انيس : 1995 : 22.

(3) بەکر عومەر عەلی و شێرکۆ حەمە ئەمین : 2006 : 22.

## 7/1 پێداچوونەوەو هەڵسەنگاندنی ئەو کارانەی پێشتر لەبواری ( زاراوە )و ( دیالێکت )دا کراون :

فەرهەنگی زمان بە چەند ڕێگایەك دەوڵەمەندو گەشەدەسێنێت، ئەم توێژینەوەیە تەرخانکراوە بۆ تیشك لێدانو لێکۆڵینەوە لە دوو ڕێگا:

### 1-7/1 زاراوە:

ئەو کارانەی لە بواری زاراوەسازی کوردی دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاستدا کراون، جگە لە نامەیەکی ماجستێر[1]و دکتۆرا[2]، کە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیان بەم توێژینەوەیەوە هەیە، چەند بابەتێکی تریش، لە دوو توێی کتێبو گۆڤارەکاندا هەن بەگوێرەی مێژووی بڵاوکردنەوەیان خراونەتەڕوو:-

- (هەندێك زاراوەی زانستی)[3]:

لە پێشەکییەكو لیستی ئەو زاراوە جیاجیانەی کە وەك پێشنیاز لە دوو تویێ نامیلکەیەکی (17) لاپەڕەیی پێکدێت، لە پێشەکێکەیدا ڕوونکردنەوەیەکی لەسەر زاراوەکانی خستۆتەڕوو، دەڵێت:- وشەکانی ئەم فەرهەنگۆکە ئەکرێن بەسێ بەشەوە:- بەشی یەکەمیان ئەو وشانەن کە تا ئێستا لەکوردیدا نەبوونو ناچاربووم دروستیان بکەم. بەشی دووەم: ئەو وشانەن کە خەڵکی بیستوونیان، بەڵام بۆ یەکەم جارە بەو مانا زانستییانە بەکارئەهێنرێن. بەشی سێیەم: ئەو وشانەن کە لەمەوپێش زانراون. کە ژمارەیان لە چەند وشەیەك تێپەڕ ناکات.[4]

یەکێك لە خاڵە گرنگەکانی ئەم نامیلکەیە بریتییە لە دەست نیشان کردنی زاراوەکەو ئەو بوارە زانستییەی تیایدا بەکاردەهێنرێت، لەگەڵ شیکردنەوەی هەندێ لەو زاراوانەی پێویستییان بەڕوونکردنەوە هەبووە، بۆ نمونە:

(( ئاوێتە : مزيج (في الكيمياء)

بارستایی، بارست : كتلة

بڕگە : مقطع (في الهندسة)

بڕشت : غلة (في الاقتصاد)

بنەوان : قاعدة (للاشكال الهندسية)

بارگ : شحنة (في الكهرباء)

---

[1] ڕۆژان نوری عەبدوڵڵا (2007) فەرهەنگی زمانو زاراوەسازی کوردی، نامەی ماجستێر (بڵاوکراوە) زانکۆی کۆیە–کۆلێجی پەروەردە.

[2] شەهاب شێخ تەیب (2012) نامەی دکتۆرا (بڵاوکراوە) زانکۆی بەغدا_کۆلێجی پەروەردەی ئیبن ڕوشد.

[3] جەمال نەبەز 1960، هەندێك زاراوەی زانستی، چاپخانەی کامەران، سلێمانی.

[4] بڕوانە پێشەکی سەرچاوەی پێشوو.

جیری : **مرونة** . ئەبێ بزانین ئەم (مرونە)تە کە لە فیزیکدا بەکارئـەهێنرێ جیـاوازە لەگـەڵ (مرونــە)ی ئاسایی (اعتیادی)و پێچەوانەشێتی.))[1]

- (لیستەی یەکەمی زاراوی کارگێڕی)[2]:

لە ساڵانی حەفتاکاندا لیژنەی زاراوەی کۆڕی زانیاری کورد، هەوڵێکی باشیان بـۆ بەرەوپێشـبردنی زاراوە داوە ئەویش بە سوود وەرگرتن لەو پاشخانە گەورەیەی وشەی کوردیو وەکو خۆشیان دەڵێن: لە کـاتی دانـانو هەڵبژاردنی زاراوەکاندا هەوڵدراوە لە هەموو ڕوویەکەوە سوود لە بەرهەمی شاعیرە کۆنەکانو فۆلکلۆرو قسەی باوی ناو لادێو ناوچە جیاوازەکانی کوردستانو فەرهەنگە کوردێکان وەرگیراوە.[3] لەم کارەدا جگە لە زاراوەی کارگێڕی زۆر زاراوەی تریشی تێدایە، کە لە پەرەگرافێکدا، دەڵـێن: ((هەرچـەندە ئەنجومـەن بـەڕادەی یەکـەم بایەخی بە دانانی زاراوی کارگێڕی داوە، بەڵام لە هەمان کاتـدا لـەو زاراوانـەی تـریش کۆڵیوەتـەوە کـە بـەو بۆنەیەوە هاتوونەتە پێشەوەو بە پێویسـتمان زانـی بەسـەر یەکـەوە بڵاویـان بکەینـەوە بـەهیوای ئـەوەی لـە دوارۆژێکی نزیکدا جیایان بکەینەوەو جـارێکی تـر بـەپێی بـاس بیانخەینـەوە بەرچـاو))[4]. چـەندین زاراوەی پێشنیازکراو لە لیستێکدا خرانەڕوو، ئەم کارە سەرەتایەکی باش بوو بـۆ هـەنگاونان بـەرەو زانسـتی کردنـی وشەکانی زمانی کوردی.

- (لیستەی دووەم)ی زاراوەکانی کۆڕ[5]:

ئـەم لیسـتە زاراوەی هەمـەجۆرو بابـەت لـەخۆدەگرێت، هەرچـەندە هەنـدێ زاراوەی لیسـتی یەکـەم دوبارەبوونەوەتەوە، بەڵام چەندین زاراوەی نوێیان پێشنیازکردووە.

- (لیستەی سێیەم)ی زاراوەکانی کۆڕ[6]:

سەرەتا مێژووی زاراوەی کوردی، دانانو داڕشتنو دۆزینەوەو هەڵبژاردنو وەرگێڕانی زاراوە خراوەتەڕوو.[7] لەگەڵ ئەوەی زاراوەی هەمەجۆرو بابەتی تێدایە، بەڵام بۆ دوو بواری زانستی تەرخانکراوە، ئەوانیش: (زاراوەی زمان)و (زاراوەی پزیشکی)ن، لەگەڵ ئەوەشدا سەرنجی خوێنەریان ڕاکێشاوە بەوەی ئـەم زاراوانـەو زاراوەکـانی پێشووتریش وەکو پێشنیازێك خراونەتەڕوو، بۆیە داوا لەمامۆستایانو کەسانی دڵسۆز دەکەن بە وردی سەرنجی ئەو زاراوانە بدەنو لێیان بکۆڵنەوەو دواتر سەرنجی خۆیانی لێئاگادار بکەنەوە.[8]

---

[1] جەمال نەبەز : 1960 : 4–5.

[2] لیستەی یەکەمی زاراوی کارگێڕی، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی یەکەم، بەشی یەکەم، 1973، لا (419–525) .

[3] بڕوانە سەرچاوەی پێشوو: 421.

[4] سەرچاوەی پێشوو: 421.

[5] لیستەی دووەمی زاراوەکانی کۆڕ، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی دووەم، بەشی یەکەم، 1974، لا (894–939) .

[6] لیستەی سێیەمی زاراوەکانی کۆڕ، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی دووەم، بەشی دووەم، 1974، لا (166–218) .

[7] بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو: 166.

[8] سەرچاوەی پێشوو: 170.

- (لیستەی چوارەم)ی زاراوەکانی کۆڕ[1]:

(( لە سێ بەش پێکهاتووە:-

1- زاراوەی زمان.

2- زاراوەی کارگێڕی.

3- زاراوەی کتێبی فێرگەکان. ))[2]

ئەم کارەیان لەوانی تر گرنگترە، بواری زانستی زیاتری لەخۆگرتووە، ئەوەی ئەم کارە لەوانی پێشووتر جیا دەکاتەوە فرەیی سەرچاوەکانی زاراوەیە، جگە لە زمانی عەرەبی، سوودیان لە زاراوەی زمانی ئینگلیزیش وەرگرتووە.[3]

- (زاراوەی کوردی)[4]:

بە یەکێك لە توێژینەوە دیارەکانی زاراوەی کوردی کۆتایی حەفتاکان دادەنرێت، بەشێوەیەکی تیۆری بە پەیڕەوکردنی ڕێبازێکی زانستییانە دۆخی زاراوەسازی کوردی خستۆتەڕوو، لەگەڵ خستنەڕووی چەند لیستێکی زاراوە لە بوارە زانستییە جۆراوجۆرەکانی وەك: زاراوەی زمانو ڕەخنەو زانستی گشتیو پسپۆڕێتیو کۆمەڵایەتیو کارگێڕیو فەلسەفی، لە گەڵ ڕێبازەکانی دروستکردنی زاراوە لە زمانی کوردیداو پەسنکردنی دۆخی زاراوەی کوردیو سەرچاوەی ئەو زاراوانەی پێویستە لە زاراوەی زمانی کوردیدا هەبێت، هەروەها شیکردنەوەی زاراوەو چۆنێتی پێکهێنانیو یەکخستنی لەگەڵ واتاکەیداو چارەسەرکردنێکی سەرپێی لە دانانی زاراوەی کوردیدا.

- (پرۆژەی زاراوەی زانستیی کوردی)[5]:

ئەم کتێبە بەشێوەیەکی گشتی لەخزمەتی زانستی بوونی زاراوەیە بەشێوەیەکی گشتیو زاراوەسازی کوردی بەتایبەتی، لە پێشەکییەكو نۆ بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەم لەسێ بەند پێکهاتووە، بەندی یەکەم پێناسەی زانست (العلم science)ی کردووە، لە بەندی دووەمدا مەبەستی زاراوەی خستۆتەڕوو، پاشان پێناسەی زانستی زاراوەی کردووە. لە بەندی سێیەمدا زاراوەسازی کردۆتە تەوەری سەرەکیو دەڵێت: ((زاراوەسازی یان زاراوەزانی (**المصطلحية، علم المصطلح** Terminology) زانستییەکی نوێیە، لەم سەدەیەدا ڕووناکیی دیوەو لەم چەند ساڵە کەمەی دواییدا بەهۆی پێشکەوتنی زانستی مرۆڤایەتییەوە لە مەیدانی زانستییەکانو پیشەکاندا، هەروەها بەهۆی زۆربوونی ئاڵوگۆڕکردنی دەنگوباسی نێوان وڵاتەکانی

---

[1] لیستەی سێیەمی زاراوەکانی کۆڕ، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، 1975، لا (497–542).

[2] سەرچاوەی پێشوو.

[3] هەروەها چەند لیستێکی تریشیان وەکو لیستی زاراوە زانستێکانو چەند زاراوەیەکی تریان لە بەشەکانی تری هەمان بەرگو بەرگی چوارەمیش بەهەمان شێوە لیستی زاراوەی لەخۆ گرتبوو، خزمەتێکی گەورەیان لە بواری زاراوەی زمانی کوردیدا کردووە.

[4] كامل حسن عزيز البصير (1978) زاراوەی کوردی، کۆلێجی ئاداب، بەشی زمانی کوردی، زانکۆی سلێمانی.

[5] کەمال جەلال غەریب (2012) پرۆژەی زاراوەی زانستیی کوردی، چاپی دووەم، چاپخانەی ئاراس، چاپی یەکەمی ئەم کتێبە لە ساڵی (1987) بڵاوکراوەتەوە.

جیهاندا، كه به زمانی هەمەجۆرە قسە دەكەن، گەشەیەكی زۆری كردووەو لەلایەن دامودەزگا زانستییە جیهانییەكانی ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاواوە گرنگی پێ دراوە))[1]. بەشی دووەمی بۆ زاراوەدانانو بەشی سێیەم بۆ گیروگرفتەكانی دانانو یەكخستنی زاراوەكانو بەشی چوارەم بۆ ڕێبازەكانی دانانو ڕێكخستنی زاراوەو بەشی پێنجەم بۆ ڕێسا بنچینەییەكانی هەڵبژاردنو دانانی زاراوەی زانستی تەرخان كردووە. لە بەشی شەشەمدا باسی زمانی لاتینیو گریكی كۆنی كردووە، دواتر هەندێ تێبینی گشتی لە بارەی دانانی زاراوەی زانستییەوە خستۆتەڕوو، بەشی هەشتەم بۆ زمانی كوردیو زاراوەی زانستی كردووەو لە نۆ بەند پێكهاتووە، كە زمانی ناساندووەو پاشان زمانی كوردیو زاراوەی زانستیو باسی وشەی كوردیی ڕەسەنو وشەی هاوواتاو نوێباوو گیروگرفتەكانی دانانی زاراوەی زانستیی كوردیو چارەكردنی دیاردەی سەرپێی لە دانانی زاراوەی زانستیی كوردیداو ئەو وتارو فەرهەنگانەی لە بواری زاراوەی كوردیدا خراونەتەڕوو نیشانداوە. بەشی نۆیەم شەش پاشكۆی لیستی وشەو زاراوەی خستۆتەڕوو.[2]

- (زاراوەسازی پێوانە)[3]:

ئەم كتێبە پێكدێت لە پێشەكییەكی درێژو سێ بەشو لیستی زاراوە پێشنیازكراوەكانی نوسەر، بەشی یەكەمی بۆ (وشەی داڕێژراو) تەرخانكراوە. بەشی دووەمی بۆ (ناوی داڕێژراو)و بەشی سێیەمیشی بۆ (وشەی لێكدراو)و بەسەر هەردوو پێكهاتەی لێكدانی ((كارو ناو))و ((ناوو ناو)) دابەشكراوە. بە یەكێك لەكارە گرنگەكانی نوسەر لە بواری زاراوەسازی كوردی دادەنرێت، بە گرتنەبەری ڕێبازێكی زانستی كە لەسەر پێوانەی وشەكانی زمانی كوردی چەندین زاراوەی پێشنیازكردووە، لەگەڵ شیكردنەوەی هەندێ زاراوەی پێشنیازكراوی پێشترو هەندێ جار ڕۆچۆتە ناو ڕەگی وشەكەو بەپێی ئیتمۆلۆژیا شیكردوونەتەوە، هەروەها بەپێی سەلیقەی نوسەر لێكدانەوە بۆ زۆرێك لە زاراوەكان كراوە.

- (فەرهەنگی زمانو زاراوەسازی كوردی)[4]:

نامەیەكی ماجستێرە، زۆربەی لایەنەكانی وشەسازی كوردی تیادا خراوەتەڕوو، لە پێشەكییەكو سێ بەشو ئەنجامەكان پێكهاتووە، بەشی یەكەمی بۆ (فەرهەنگی زمانو زاراوە دروست كردن) تەرخانكراوە، چەند بابەتێكی هەمەجۆر لەم بەشەدا چڕكراونەتەوە، ستراكچەری وشەی كوردی لەڕووی داڕشتنەوە شیكردۆتەوە باسەكانی تری وەك پێشگرو پاشگرو ڕۆڵیان لە سازكردنی وشەی كوردیدا نیشانداوە. بەشی دووەم (سەرچاوەكانی دیكەی دەوڵەمەندكردنی فەرهەنگی زمان)، چەند ڕێبازێكی تری بە سەرچاوەی

---

[1] كەمال جەلال غەریب: 2012: 14.

[2] جگە لەم كارەی مامۆستا (كەمال جەلال غەریب) چەند كارێكی تری گرنگی لە بواری زاراوەی كوردیدا چاپو بڵاوكردۆتەوە، لەوانە: (فەرهەنگی زانیاری 1973) لەبارەی وشەو زاراوەی پزیشكیو نەخۆشیو گیاندارو ڕووەكو كیمیاو ئەستێرەناسیو بیركاریو جوگرافیا.. كە نزیكەی 8600 وشەو زاراوە لەخۆدەگرێت، دواتر لەساڵی 1979 بەرگی دووەمو سێیەمیشی بڵاوكردەوە، (فەرهەنگی زانیاری وێنەدار1974) ، (فەرهەنگی زانیاری وێنەدار1975).

[3] مەسعود محەمەد (1988)، زاراوەسازی پێوانە، چاپی یەكەم، چاپخانەی سۆمەر، بەغدا، چاپی دووەمی (2011)، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.

[4] ڕۆژان نوری عەبدوڵڵا (2007) فەرهەنگی زمانو زاراوەسازی كوردی، نامەی ماجستێر (بڵاوكراوە) زانكۆی كۆیە–كۆلێجی پەروەردە.

دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمان داناوە، وەك ڕێبازی وەرگرتنو لێکدانو پاشان ڕۆڵی کۆنجێکشنەکانی (-ە-، -بە-، -و-) لە لێکدانی ناوو ئاوەڵناوو ئاوەڵکارو ناوی ڕوداوی خستۆتەڕوو، پاشـان چـەند هۆکـارێکی تـری دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمانی باسکردووە، وەك ڕۆڵی بزوتنەوە سیاسیو نەتەوەییـەکانو ڕۆژنامەنوسـیو ئابوریو نامەی ئەکادیمیو ئاینو ئەدەبو پەنـدی پێشـینانو وەرگـێڕان ..هتـد. بەشـی سـێیەم (کێشـەکانی زاراوەسازیی کوردی) گیروگرفتی زمـانییو سەرچـاوە بیانییـەکانو فرەزاراوەیـیو پاشـان ئـەو هەوڵـە تاکـە کەسییانەی لە بواری زاراوەی کوردیدا نراون باسکردووە، چەند باسیکی تریش لەخۆدەگرێت کە بە شـێوەیەکی ناڕاستەوخۆ کار دەکەنە سەر بارودۆخی زاراوەی کوردی.

- (بنەماو پێکهاتەکانی زاراوە لەزمانی کوردیدا)[1]:

ئەم کتێبە وەك نامەیەکی ئەکادیمی (تێزی دکتۆرا)، یەکەم کاری ئەکادیمییە، کە سەرجەم کارەکە لـە چوارچێوەی زاراوەی کوردیدا بێت. لە چوار بەشو ئەنجامو لیستی سەرچاوەکان پێکدێت[2]، بەشی یەکەم لەژێر ناوی (پێشەکیو دەروازەی لێکۆڵینەوەکە)، بەشی دووەم بۆ پێداچـوونەوەو هەڵسـەنگاندنی کارەکـانی پێشـتر تەرخانکراوەو، بەشی سێیەم (زانستی زاراوەسازیو زاراوە)، لە دوو تەوەرە پێکدێت، تەوەرەی یەکەم پێناسـەو ڕوونکردنەوەی زاراوەسازییو کورتە مێژوویەکی زانستی زاراوەسازی بەگشتیو کوردی بەتایبەتیو پاشان تیۆرە گشـتێکانی زاراوەسـازیی. تـەوەرەی دووەم پێناسـەو ڕوونکردنـەوەی چـەمكو زاراوەو جیـاوازی نێوانیـانو سەرچاوەکانی چەمكو زاراوە، وشەو زاراوەو گیروگرفتەکانی زاراوەدانـانی زمـانی کـوردی، کـە هەریـەك لـە گیروگرفتـی زمـانیو سەرچـاوەی زمـانی زاراوەو گیروگرفتـەکانی ڕێکخسـتنی زاراوەو مـەرجو بنـەماکانی زاراوەدانـانو مەرجـەکانی زاراوەسـاز باسـکراوە. بەشـی چـوارەم (بنـەماکانی دانـانی زاراوەی کـوردییو پێکهاتەکانی) کە ڕێگاکانی سازکردنی زاراوە لەخۆدەگرێت; دارشتنو لێکـدانو خـوازەو وەرگـرتنو داتاشـینو وەرگێڕانو پێوانە.

- (زاراوەسازی کوردیو چەند تێبینیەك)[3]:

بابەتێکی کورتو پوختە لە چوار بەند پێکهاتووە; سەرەتاو قۆناغەکانی سەرهەڵدانی زاراوەسازی کوردی، لەم بەندەدا چەند هەوڵێکی سەرەتایی لە پێناوی زاراوەی کوردیدا دراون خستۆتە ڕوو، بریتین لە:

((1. زاراوەی جەنگی، ڕوسی - کوردی، ڤ.نیکیتین دایناوە، ساڵی 1916.

2. یەکەم کتێبی قوتابخانەکان (ئەوەلەمین قراتی کوردی) بۆ پۆلی یەکەمی سـەرەتایی لەسـاڵی 1920دا، لەلایەن ئەم بەڕێزانەوە دانراوە (م.ڕەشید نەجیب، ع.و.نوری، بێکەس، ڕەفیق حیلمـی، شـێخ محەمـەدی خـاڵ، عەبدولقادر قەزاز.

---

[1] شەهاب شێخ تەیب (2012) نامەی دکتۆرا (بڵاوکراوە) زانکۆی بەغدا_کۆلێجی پەروەردەی ئیبن ڕوشد.

[2] هەرچەندە لە سەرەتاوە، نوسراوە: ((نامەکە لە پێشەکییەکو چواربەشو ئەنجامی لێکۆڵینەوە پێکهاتووە))، بەڵام بە پێشەکییەوە چوار بەشە.

[3] تاڵیب حوسێن عەلی (2012) زاراوەسازی کوردیو چەند تێبینییەك، کتێبی توێژینەوەکانی کۆنفرانسی زانستیی زمانی کوردی، لاپەڕە (163–173).

3.م. تۆفیق وەهبیو م. سەعید سدقی کابان، چەند زاراوەیەکیان بۆ ڕێزمـانی کـوردی داڕشـتووە لـەو دوو کتێبە ڕێزمانییەی کە لە کۆتایی بیستەکانی سەدەی ڕابـردوودا دایاننـاوە (مختصـر صـرفو نحـوی کـوردی)و (دەستوری زمانی کوردی).

4.لیستی ئەو زاراوە کۆمەڵایەتیو سیاسییانەی لەگۆڤاری (هـاوار)دا، لـە سـاڵی 1930دا لـە بەشـێکی تایبەتدا بە ناونیشانی (فەرهەنگۆك) بڵاوکراونەتەوە.

5. فەرهەنگۆکی زاراوەی زانستی، ئەرمەنی - کوردی، لەساڵی 1935دا، لە یەریڤان چاپکراوە.

6. ئەو زاراوانەی م. عەلائەدین سجادی دایناوە، لەگۆڤاری (نزار) بڵاوکراونەتەوە.

7. ئەو زاراوانەی کە لە بڵاوکراوەکانی ئەو سەردەمەدا، لە (گەلاوێژو ژینو هەوارو دەنگـی گێتـی تـازە)دا خراونەتە بەردەم خوێندەوارانی کوردەوە.))[1].

لە بەندی سـێیەمدا (چـەمکی زاراوەو جیـاوازی لەگـەڵ وشـەی فەرهەنگیـدا) جیـاوازی وشـەو زاراوەی لەڕوانگەی واتاییانەوە (واتای زاراوەیـی)و (واتـای لێکسـیکی) خسـتۆتەڕوو، لەکۆتاییـدا، دەڵێـت: ((زاراوە وشەیەکی تایبەتەو گروپێك لە پسپۆڕو شارەزا لە بوارێکی دیاریکراودا سازی دەکەن. بـۆ کـارو مەبەسـتێکی تایبەت لەو بوارەدا بەکاری دێنن. واتە گواستنەوەی وشەیەکە لـە واتـا زمانییەکەیـەوە بـۆ واتایـەکی نـوێی تایبەت))[2]. لە بەندی چوارەمدا (ئارێشەکانی زاراوەسازی کوردی) ئاماژەی بە دوو گرفتی سەرەکی کردووە:

أ. دانانی زاراوەی زانستی.

ب. بەکارهێنانی زاراوە لە ناوەندەکانی زانستیو مەعریفیدا.

گرفتە سەرەکێکانی زاراوەی ئەمڕۆی زمانی کوردی لەم دوو گرفتەدا چـڕ کردۆتـەوە، بەشـێوەیەك لـە دانـانی زاراوەی کوردیدا دوو ئاڕاستەی جیاوازی خستۆتەڕوو کە یەکەمیان لەگەڵ بەکوردی کردنی زاراوەنو دووەمیان دژی ئاڕاستەی یەکەمن کە زاراوەکە وەك خۆی، بەهەندێ گۆڕانی فۆنەتیکیەوە وەردەگرن.[3]

- (شیکردنەوەی هەندێك وشەو زاراوەی نوێ لەزمانی کوردیدا)[4]:-

لە پێشەکییەكو دوو بەش پێکهاتووە:

لە بەشی یەکەمدا باسی چەمكو بنەمای دروستکردنی زاراوەیان کردووە، لەگەڵ ئەو مەرجانەی پێویستە لـەو کەسانەی کە زاراوە سازدەکەن هەبن. لە سەرەتاکەیدا دوو پێناسەی زاراوەیان لە دیدی دوو زمانەوانی عەرەبو کوردی، لەگەڵ مەرجەکانی زاراوەدانان خستۆتە بەرچاو.

---

[1] هەرچەندە لەسەرچاوەکەدا هەشت خاڵە، بەڵام هەردوو خاڵی (3و 4) لەبنەڕەتدا یەك خاڵن، ئێمە لێرەدا ڕاستمان کردۆتـەوە. بڕوانـە ((تاڵیـب حوسـێن عـەلی: 2012 : 166)).

[2] تاڵیب حوسێن عەلی : 2012: 168.

[3] سەرچاوەی پێشوو : 170.

[4] هیوا ئەحمەد و عومەر ئەحمەد، (2013) شیکردنەوەی هەندێك وشەو زاراوەی نوێ لەزمانی کوردیدا، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە 24، لاپەڕە 135-156.

بەشی دووەمیان بەسەر دوو تەوەرەدا دابەشکردووە، تـەوەرەی یەکـەم بریتییـە لـە لادانـی ڕێزمـانی لـە دروستکردنی زاراوەدا، کە سێ زاراوەی لەم تەوەرەدا لـەڕووی ستراکچـەریانەوە باسـکردووەو تێبینـی خۆیـان خستۆتەسەر. زاراوەکانیش بریتین لە (چالاکوان، هاوسەرگیری، ئاشتەوایی)، تەوەرەی دووەمیش (لادانی واتایی لە بەکارهێنانی زاراوەدا) حەوت زاراوەیان وەك نمونە بۆ بەپێزکردنی بابەتەکەیان هێناوەتەوەو قسـەیان لەسـەر کردوون، زاراوەکانیش بریتین لە (پارساڵ، کوشتارگە، کاتژمێر، پیسایی، ڕاهێنەر، بازاڕگا، ناوچە دابڕاوەکان).

- ئەم کارانە چەند هەوڵێکی گرنگ بوون[1]، لە بواری زاراوەسازی کوردیـدا سـەنگو قورسـایی خۆیـان هەیەو بە بەردی بناغەی زاراوەسازی کوردی دادەنرێن. چونکە هەر یەکێکیان بۆ سەردەمی خۆی شتێکی نوێ بووە. هەموو ئەو کارانەش لەم چەند خاڵەدا گرنگییان خراونەتەڕوو:-

1) هەر یەکەیان لەسەردەمی خۆیدا خزمەتێکی باشی گەشەسەندنو پەرەسەندنی زاراوەی کوردییـان کـردووە، توانیویانە بە ڕادەیەکی باش خزمەتی زاراوە بکەنو ئاوڕێکی باشی لێ بدەنەوە.

2) پەرۆشیو خەمخۆری ئەو نوسەرانە بە تایبەت لە کارەکانی شەستو حەفتاکانی سەدەی ڕابـردوو لـە بـارەی دانانی زاراوەی کوردیدا پێوە دیارەو هەوڵیان داوە زمانی کوردی لە قەیرانی کەمی زاراوە دەربکەن.

3) بەپێی مێژووی بڵاوکردنەوەیان دەبە لەدوای دەبە کارەکان زیاتر بـەرەو جیاکردنـەوەو پـۆلێنکردنی بـوارە زانستێکانی زاراوە چوون.

4) لەسەر بنەمای ستراکچەری وشەکانی زمانی کوردی توانیویانە زاراوە کوردێکان لەسەر بنەمای ئەو وشانە بەرهەم بهێنن، ئەمەش بەتایبەتی لە کارەکانی کۆڕی زانیـاریو مامۆسـتایان (کامیـل بەسـیر)و (مەسـعود محەمەد)و ..هتد. بەدیدەکرێن.

5) فرەیی سەرچاوەی زاراوەی بیانی بەتایبەت لە کارەکانی دواتری کۆڕی زانیاریدا بەدیدەکران. بۆ نمونە:

((علم الصرف: مۆرفۆلۆژی : Morphology

الفارزة : کۆما : Comma ))[2]

لە بەرانبەریشدا چەند خاڵێکی لاواز هەن، بەپێی گرنگییان دەیانخەینەڕوو:-

1) ئەو هەوڵانەی لە بواری زاراوەسازی کوردیدا دراون (بەتایبەتی کارەکانی سەدەی ڕابردوو) سەلیقەی تاکـە کەس بوون، جگە لە کارەکانی کۆڕی زانیاری کە بە کۆبوونەوەی ئەنجومـەنی زاراوەی کـۆڕ بەرهـەم هـاتوون، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو نوسەرانە پسپۆڕی زمان نەبوون.

---

[1] جگە لەم کارانەش جەندین کاری پڕ بایەخی تر هەن، کە لەبەر زۆرییان نەتوانراە هەموویان لێرەدا بخرێنەڕوو. بۆنمونە دکتۆر نوری تاڵەبانیو مامۆستا جەمال عەبدول ..هتد.

[2] لیستەی چوارەمی زاراوەکانی کۆڕ: 1975: 515-516.

2) لەچاو زمانە پێشکەوتووەکانی تری جیهان، کارێکی کەم لەسەر زاراوە لە زمانی کوردیدا بەرچاودەکەون، هەرچەندە لە هەندێك لەو لێکۆڵینەوانە بنەماو تایبەتمەندییەکانی زاراوە ڕەچاو نەکراوە، لە هەندێ لێکۆڵینەوەدا تەنیا گواستنەوەی واتایی وشە کراوەتە بنەما، میتۆدو بنەماکانی تری زاراوە فەرامۆش کراوە.

3)کاریگەری زمانی بێگانە لە هەندێ لەو کارانەی سەدەی ڕابردوو، بەتایبەتی زمانی عەرەبی کە زۆر جار بەپێی ئەو زمانانە زاراوە کوردێکانیان داتاشیوە. بۆ نمونە:

((هەوا یەك : **جو واحد** (**في الفيزياء**). ))[1]

((**الاسماء المحايدة** : ناوی بێ جنس

**الاسماء المشتركة** : ناوی دوو جنس ))[2]

4)بوونی دوانەیی (هاوواتا) لە زاراوەی کوریدا، بەتایبەتی زاراوەکانی کۆڕی زانیاری کە یەکێك بووە لە گرفتە سەرەکێکان. بۆ نمونە:

((**إبداع** : جوان کاری ، شیرین کاری

**إتفاق** : ڕێك کەوتن، پێکهاتن ))[3]

5)سەرنەکەوتنی هەندێ لەو زاراوانەی پێشنیاز کرابوون، بۆ نمونە:-

((شامەبەست، شاپرۆژە، لاشەڕ، لادین، لاچەپ، لاخۆر، کەرتۆڵ، سەختۆڵ ...هتد))[4].

6) نەبوونی هێڵێکی جیاکەرەوە لەنێوان وشەو زاراوە لە هەندێك لەو کارانە. بۆ نمونە:- لە نامەی ماجستێری (فەرهەنگی زمانو زاراوەسازی کوردی)دا سەرچاوەکانی زاراوەی کوردی ڕۆڵی پێشگرو پاشگری لە زمانی کوردیدا کە دەبوو لە سازکردنی زاراوەدا بخرایە بەردەست، بەڵام کارەکە زیاتر بەرەو سازکردنی وشە چووە نەك زاراوە، هەرچەندە سازکردنی زاراوە لە سەر بنەمای سازکردنی وشەکانی زمانەوە وەردەگیرێت، واتە دەبوو لەگەڵ نمونەی وشەکان نمونەی زاراوەیشی لەگەڵدابووایە. بۆ نمونە:

((بۆیاغ + (-چی) > بۆیاغچی

قاوە + (-چی) > قاوەچی))[5]

لەلاپەڕەی دواتریشدا، دوو نمونەی تری بەهەمان فۆرم هێناوەتەوە:

((ساختە + (-چی) > ساختەچی

فێڵ + (-چی) > فێڵچی ))[6]. هەرچەندە وشەی (فێڵ) زیاتر لەگەڵ پاشگری (-باز)دا، بەکاردێت:

فێڵ + (-باز) > فێڵباز

---

(1) جەمال نەبەز : 1960 : 9.

(2) لیستەی چوارەمی زاراوەکانی کۆڕ: 1975: 507.

(3) لیستەی یەکەمی زاراوی کارگێڕی: 1973: 422–423.

(4) بڕوانە ((مەسعود محەمەد: 1988: 184–191)).

(5) ڕۆژان نوری عەبدوڵڵا : 2007 : 35.

(6) سەرچاوەی پێشوو: 36.

7) له بەشی دووەمی تێزی دوكتۆرای (بنەماو پێكهاتەكانی زاراوە لە زمانی كوردیدا) بۆچوونی هەندێ ڕەخنەگری بواری زاراوەسازی خستۆتەڕوو بەپێی پێویست قسەی لەسەر كردوون، لەوانە: زاراوەسازی پێوانە، زاراوەكانی كۆڕی زانیاری كورد، لە زاراوە زانستییەكانی كۆڕدا لە بارەی (**مذهب**) كە كۆڕ (ڕاڕەو)ی بۆ داناوە، (ڕەئوف ئالانی) زاراوەی (ڕێباز) بەباش دەزانێت، توێژەریش دەڵێت: ((بەلای ئێمەشەوە هەر (مەزهەب) بنووسرێت، چونكە زۆرینەی خەڵكەكە لێی تێدەگات و پاشان زاراوە بۆ خەڵك دادەنرێت نەك بۆ چەند كەسانێكی تایبەتی))[1]. پێش ئەوەی دەربارەی ئەم بۆچوونەی هێڵمان بەژێردا كێشاوە، بدوێین. (ڕێباز) لە (ڕاڕەو) بەباشتر دەزانین، هەرچەندە توێژەر(**مذهب**)ی بەڕێنووسی كوردی نوسیویەتی (مەزهەب) كە ئەمیش هەر گونجاوە، بەڵام تا ئەو شوێنەی دەكرێت وشەی خۆماڵی بەكاربهێنرێت، باشترە. دەربارەی بەشی دووەمی دەقەكەی سەرەوە كە دەڵێت (زاراوە بۆ خەڵك دادەنرێت نەك بۆ چەند كەسانێكی تایبەتی) لە شوێنێكی تری هەمان كتێبدا هەر خۆی وەڵامی ئەمەی داوەتەوە، دەڵێت ((زاراوە دەستەیەك لەكۆمەڵانی خەڵك سازی دەكەن و بۆ ئیش‌وكاری تایبەتی خۆیان بەكاری دەهێنن))[2]. هەروەها لە هەمان لاپەڕەدا ئاماژەی بە پەرەگرافێكی دكتۆر (كامیل بەسیر) داوە، كە دەڵێت: (( زاراوە وشەی فەرهەنگی سەر زمانی كۆمەڵانی خەڵكی نییە، بەڵكو وشەیەكی نوێباوە بۆ واتایەكی نوێ لەكۆڕێكی زانستی یاخود ڕۆشنبیری سەردەمدا سازكراوە))[3]. كەواتە ڕای پێچەوانەو دژ بەیەك لەم دوو بۆچوونەدا بەدیدەكرێت، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ زاراوە سنوری پەرژینكراوی خۆی دەبڕێت و دەچێتە خوارەوە بۆ ناو چینەكانی كۆمەڵ، لەقسەكردندا بەكاریدەهێنن، بۆ نمونە ئەو زاراوانەی پەیوەندییان بە زانستی ئابووری و ژمێریارییەوە هەیە. وەك (بودجە، دەرماڵە، كورتهێنان...).

بەشی سێیەم، لە بابەتی (گیروگرفتە بنەڕەتییەكانی زاراوەدانانی زمانی كوردی)دا گیروگرفتە زمانییەكانی بەسێ خاڵ دەست نیشان كردووە; فرەدیالێكتی و هاوواتاو هاوبێژی. لە هاوواتادا چەند نمونەیەكی هێناوەتەوە لەگەڵ وشەی ئاسایی زمانەكە تێكەڵی كردووە، زاراوە پەیوەستە بە چەمكەوە بۆیە دەبێت لە چوارچێوەی زانستەكە لێكبدرێتەوە، چونكە زاراوە هاوشانی زانستەكە گەشە دەكات، پێچەوانەكەشی هەر ڕاستە. بۆ نمونە: (فرمێسك - ئەشك - ئەسرین - ڕۆندك) ئەمانە زاراوە نین، بەڵكو وشەن و لە دەقی ئەدەبیدا وەك هاوواتایەك بەكارهاتوون. هەروەها نمونەی (خەم - خەفەت ...)یش وشەی ئاسایی زمانەكەن.

8) (هیوا ئەحمەد و عومەر ئەحمەد) لە بابەتی (شیكردنەوەی هەندێك وشەو زاراوەی نوێ لەزمانی كوردیدا): دووەم زاراوە (هاوسەرگیری)یە، بە بۆچوونی توێژەران كێشەی ئەم زاراوەیە لە بەشی دووەم(گیر)دایە، كە دەبوو (گر) بوایە، واتە (هاوسەرگر)ی ڕاستە نەك ئەوەی پێشووتر، پێشیان وایە كە (گیر) تەنیا لەو زاراوەیەدایە، هەروەها دەڵێن ئەو (ی)یەی لەنێوان (گ..ر) دایە ناوگرە، پاشان بە((گونامەوە)) دەڵێن ئەگەر ئەوە ناوگر

---

[1] شەهاب شێخ تەیب: 2012 : 70-71.

[2] سەرچاوەی پێشوو : 172.


[3] سەرچاوەی پێشوو : 172.

بێت ئەوا ڕووبەڕووی چەند ڕەخنەیەك دەبێتەوە کە زۆربەی زانایانی زمان پێیان وایە ناوگر لـەزمانی کوردیـدا نییە.[1] هیچ گومانی تێدانییە، کە ناوگر لە زمانی کوردیدا نییە، بەڵام ئەوەی جێی سـەرنجە توێـژەران بـەبێ ئەوەی بە تەواوی لەو مۆرفیمە بکۆڵنەوە بەگومانەوە لێی دەڕوانن، چونکە پێیان وایە کەس پێشتر هەستی پێ نەکردووە بۆ ئەوەی بە نمونە بۆ بەپێزکردنی بۆچوونەکانیان بهێننەوە.


پێش ئەوەی چەندین نمونەی تری (گیر) و (گر) لە زمانی کوردیدا بخەینە بەرچاو، لە پێناسـەیەکی ڕوونـی (ناوگر)دا (کاتامبا) دەڵێت: ((ناوگر بریتییە لەو زیادەیەی کـە دەچـێتە نـاو ڕەگـی وشـەو شـەقی دەکـاتو وشەیەکی نوێ بە واتایەکی نوێوە بەرهەم دێنێت))[2].

ئەو پێناسەیەی سەرەوە دوودڵییەکە بەتەواوی دەڕەوێنێتەوە، کە ئەو (ی)یە بەهیچ شێوەیەك ناوگر نییـە، چونکە وشەی نـوێی بەرهـەم نـەهێناوە، بـەڵکو هـەردوو (گـیر)و (گـر) ئـەلۆمۆرفن، یـەك شـت بەیەکـەوە دەیانبەستێتەوە کە ئەویش چەمکی بەستنەوەیە، واتـە بەچـەمکی (گـرتن)ەوە بەسـتراون، کـە یەکێکـە لـەو چەمکانەی شوێنێکی گرنگی لە مێشکی مرۆڤدا هەیە.[3] هەر یەك لـە ئەلۆمۆرفـەکانی (گـر) و (گـیر) بـە خستنەڕووی چەندین نموونەی زمانی کوردیو ڕۆڵیان لە سازکردنی وشەدا، بەدوو گروپ دەخەینەڕوو:-

لەسەرەتا ڕەگی (گر) لەچەند نمونەیەکدا دەخەینەڕوو:




ڕەگی (گیر) لە چەندین وشەی تردا دەخەینەڕوو:




[1] بڕوانە ((هیوا ئەحمەد و عومەر ئەحمەد: 2013 : 140)).

[2] Francis Katamba: 2006: 45.

[3] فاروق عومەر سدیق : وانەکانی خوێندنی باڵا – ماجستێر (مۆرفۆلۆجی) 2012/4/1.

واته (گیر) بەتەنیا لە (هاوسەرگیری)دا نەهاتووە، بەڵکو چەندین وشەی تر وەك لە نموونەکاندا دەردەکەوێت، لە زمانی کوردیدا هەن. لەوەش گرنگتر ئەوەیە کە هەموو (گر)و (گیر) ەکان، یەك چەمکی بەستنەوەیان هەیە ئەویش (گرتن)ە، بۆیە پێیان دەوترێت شێوەی تری مۆرفیم، یاخود ئەلۆمۆرف.

- لێرەوە بۆمان ڕووندەبێتەوە، ئەو هەنگاوانەی پێشتر لە بواری زاراوەی کوردیدا نراون زیاتر لەڕووی دانانو بنەماو ستراکچەرو پێکهاتەی زاراوەوە بوون نەك بۆ تیشکلێدانو خستنەرووی ڕۆڵی زاراوە لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگدا، ئەوەی ئەم کارەی ئێمە لەوانی پێشتر جیا دەکاتەوە دەرخستنو دیاریکردنی کاریگەری زاراوەیە لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمانی کوردیدا.

## 2-7/1 دیالێکت:

ئەو بابەتانەی پێشتر لە بواری دیالێکتو نیمچەدیالێکت لەزمانی کوردی دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست کراون دەخەینەڕوو:-

- (زمانی کوردی، دابەشبوونی جوگرافیایی دیالێکتەکانی)[1]:

لە پێشەکیو چوار بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەمی چەند بابەتێك لەخۆدەگرێت; زمانی کوردیو شوێنی لەناو گروپی خێزانە زمانییەکانی. چەند گروپێکی دەست نیشان کردووە، بە سوود وەرگرتن لە چەند سەرچاوەیەکی ڕۆژئاوایی وەکو (ویلیام مۆریس، ئەدمۆنزو ئی.بی. سوانس).

لە پەرەگرافێکدا، دەڵێت: ((خۆ زمانی کوردی شێوەیێکی بێ سەروبەر نییە کە لە زمانی فارسی یەوە چەوتابێتەوە، هیچ دیالێکتێکی ڕەشۆکی بێ ڕێزمانو بێ سەروبەری فارسیش نییە، هەروەها زمانێکی سەر بە ڕەسەنی زمانی هیندیش نییە ..))[2]. جگە لەم پەرەگرافە لە چەندین شوێنی تردا ئەمەی دووپات کردۆتەوە، ڕەنگە ئەمە زیاتر بەهۆی کاریگەری ئەو سەردەمەوە بووبێت، کە زمانی کوردیو قسەکەرەکانی بە قۆناغێکی ناهەموارو مەترسیداردا ڕۆشتوون. بەبێ بوونی هیچ بەڵگەیەکی زانستی گومانیان لەلای چەند نوسەرێکی ڕۆژهەڵاتی لەسەر نەژادو زمانی کوردی بە بەرنامە داڕشتبوو.

لە بەشی دووەمدا دیالێکتەکانی زمانی کوردیو ئەو هۆکارانەی بوونەتە هۆی پەرەسەندنی خراوەتەڕوو، بە شێوەیەکی گشتی گرنگی بە پۆلێنکردنی دیالێکتەکانی زمانی کوردی دراوە، کە هەتا ئێستاش سەنگو قورسایی خۆی هەیەو پشتی پێ دەبەسرێت، بەو پێیەی جگە لە بنەمای جوگرافی، پشت بە لێکنزیکی نیمچەدیالێکتەکان لە سەر بنەمای دەنگو واتا بەستراوە، بۆ نموونە نیمچە دیالێکتی زازا لەڕووی جوگرافییەوە کەوتۆتە سنوری دیالێکتی سەروو، بەڵام بەهۆی نزیکی ئەو نیمچە دیالێکتە لە هەورامییەوە لەژێر یەك چەتردا پۆلێنکراون.

---

[1] فوئاد حەمە خورشید، و.حەمەکەریم هەورامی (1985) زمانی کوردیو دابەشبوونی جوگرافیایی دیالێکتەکانی.

[2] سەرچاوەی پێشوو: 12.

بەشی سێیەم بۆ نەخشەی دیالێکتە کوردێکان تەرخانکراوە، بەوردی سەرجەم دیالێکتو بەشەکانی بەشێوەیەکی پراکتیکی لەسەر نەخشە خستۆتەڕوو. لە بەشی چوارەمدا ئەو ئەنجامە گرنگانەی لەم کتێبەدا بەدەستهاتوون خراونەتەڕوو، چەند هەنگاوێکی گرنگی هاویشتووە، بۆ ئەوەی داهاتووی زمانی یەکگرتووی کوردی ڕۆشن بێت پێویستە ئەو هەنگاوو پێشنیازانەی کە خراونەتەڕوو بە بایەخەوە کاری بۆ بکرێت، لەگەڵ ئەوەشدا بەتەواوی لەگەڵ ئەو بۆچوونەی داین، کە دەڵێت دیالێکتی ناوەڕاست ئەو هەنگاوانەی بڕیوە، کە ببێت بە زمانێکی یەکگرتوو، بە سوود وەرگرتن لە هەموو دیالێکتەکانی تری زمانەکە، بۆ ئەوەی ڕۆڵیان لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمانە یەکگرتووەکەدا هەبێت.

- کتێبی (زارو شێوەزار)[1]:

ئەم کتێبە وەك لە پێشەکێکەیدا ڕوون کراوەتەوە کۆی ئەو وانانەیە لە قۆناغی بەکالۆریۆس وتراونەتەوە، بۆیە زیاتر شێوەی پرسیارو وەڵامی لەخۆ گرتووە، هەرچەندە بواری ئەم کتێبە دیالێکتە کۆمەڵایەتییەکانە، پێناسەی دیالێکتۆلۆجیو دیالێتکەکانی زمانی کوردیو چەند بابەتێکی تر لەخۆ دەگرێت. هەروەها باسکردنی پەیوەندی نێوان زمانو کۆمەڵو لەگەڵ خستنەڕووی بۆچوونی چەند زمانەوانێك لەوانە (فێرسو هایزو مالینۆفسکی...). لەگەڵ توخمەکانی ئاخاوتنو تواناکانیو پێوەرەکانی کە لە ئەنجامی کارلێکی نێوان تاکەکانی کۆمەڵ دێنە ئاراوە. چەند بابەتێکی تری پەیوەست بە دیالێکتی کۆمەڵایەتی.. بەشێوەیەکی گشتی ناوەڕۆکی ئەم کتێبە لە خزمەتی دیالێکتەلۆجی کۆمەڵایەتییە.

- (زمانی ستانداردی کوردی)[2]:

لە پێشەکیو پێنج بەشو ئەو ئەنجامانەی بەدەست هاتوون، پێکهاتووە. بەشی یەکەم پێناسەی زمانو جۆرەکانیو چەمكو پێناسەو جۆرەکانی دیالێکت، لە کۆتایی ئەم بەشەدا بەراوردی نێوان زمانو دیالێکتی نیشانداوە. لەبەشی دووەمدا پێناسەو لایەنەکانی زمانی ستاندارو تیۆرە گشتێکانی شێوازی زمانی یەکگرتوو خراوەتەڕوو. بەشی سێیەم زمانی یەکگرتوو لە هەندێ وڵاتی دراوسێو جیهانی باسکردووە. بەشی چوارەم زمانی کوردی لە دەقی دەستوورەکانی عێراقو هەرێمی کوردستان، بە پێی قۆناغی مێژوویی لەدوای دروستکردنی دەوڵەتی عێراقەوە هەتا دەگاتە دەستوری ئەمڕۆی عێراقو هەرێمی کوردستان. بەشی پێنجەم زمانی کوردی لە میرنشینو حکومەتە کوردێکاندا بەپێی قۆناغە مێژووییەکان باسکراون، پاشان ڕەهەندەکانی زمانی یەکگرتووی کوردی، کە خۆی لە چوار ڕەهەند دەبینێتەوە، ڕەهەندی یەکەم لەگەڵ بە فەرمی کردنی دیالێکتی ناوەڕاستن، ڕەهەندی دووەم پێیان وایە هەردوو دیالێکتی ناوەڕاستو سەروو بەرەو بە فەرمی کردن ڕۆشتوون. ڕەهەندی سێیەم پێیان وایە بە تێکەڵکردنی ئەو دوو دیالێکتە دەکرێت زمانێکی یەکگرتوو دروست

---

[1] بەکر عومەر عەلیو شێرکۆ حەمەئەمین (2006) زارو شێوەزار.

[2] نەریمان عەبدوڵلا خۆشناو( 2013) زمانی ستانداردی کوردی، نامەی دوکتۆرای بڵاوکراوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.

بێتو دواتر بە فەرمی بکرێت. ڕەهەندی چوارەم دژی بۆچوونی سێیەمەو پێی وایە زمانی یەکگرتوو بە تێکەڵ کردن نایەتە دی بەڵکو دەبێت لێگەڕێین بۆ داهاتوو، چونکە زمانی یەکگرتوو خۆی دروست دەبێت، دروست ناکرێت.

- (زارە کوردییەکان)[1]:

لە پێشەکییەکو پێنج بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەم (زمانو زار) چەند پێناسەیەکی زمانو جیاوازی لەگەڵ دیالێکتدا خستۆتەڕوو، لەگەڵ چواردە پۆلێنکردنی دیالێکتەکانی زمانی کوردی، کە بەپێی قۆناغی مێژوویيان ڕیزکراون، بەبێ ئەوەی هیچ یەکێك لەو پۆلێنکردنانە بکاتە بنەمای توێژینەوەکەی، یاخود لایەنگیری یەکێك لەو پۆلێنکردنانە بکات، بەڵام لە بەشەکانی تری ئەم کتێبەدا پۆلێنێکی تری جیا لەم پۆلێنانە پەیڕەو کردووە، کە دەکرا لە پاش ئەوانەی پێشووترەوە بیخستایەتە بەرچاوو پاشان پەیڕەوی بکردایە. سەرەڕای ئەوەش چوار دیالێکتی دیاریکردووە کە تا ڕادەیەك نزیکە لەوانەی پێشووتر وەك (تۆفیق وەهبی)و (عێزەدین مستەفا ڕەسول)و (کەمال فوئاد)و (فوئاد حەمە خورشید)، بەڵام ئەوەی شایەنی باسکردنە نیمچە دیالێکتی لوڕی وەك دیالێکتێکی سەربەخۆ دەست نیشان کردووە، کە لە زۆربەی پۆلێنکردنەکانی پێشووتردا نیمچە دیالێکتی لوڕی لەگەڵ کەلهوڕو لەکیو بەختیاریو مامەسانیو کۆهگلۆدا لەژێر چەتری کرمانجی خواروودا پۆلێنکراون.

هەر لە بەشی یەکەمدا لە باسی (زمانی یەکگرتوو)دا هۆکارەکانی پەیدابوونی بە سێ خاڵی سەرەکی ئاماژە پێکردووە، دواتریش دێتە سەر زمانی کوردیو دەڵێت: ((سەبارەت بە زمانی یەکگرتووی کوردی زاری ناوەڕاست تا ڕادەیەك جێگای خۆی کردۆتەوە وەك زمانێکی ستاندەردو یەکگرتوو کە زاری (ئەی ڕەقیب)ە بەهەمان شێوەش زاری هەولێر کە نزیکەی هەموو زارەکانی تیادا کۆبۆتەوە لە ئەنجامی ڕاگواستنداو جۆرە زارێك دروستبووە دەشێت ببێتە زمانی یەکگرتوو بەتایبەتیش کە هەولێر بۆتە پایتەختی هەرێم))[3]. بەشی یەکەمی پەرەگرافەکە تەواو دروستە، بەڵام بەشی دووەمی چەند باسێك لەخۆ دەگرێت، ئەوەی پەیوەندی بە ناوەڕۆکی توێژینەوەکەمانەوە هەیە ئەوەیە، کە هەولێر (زار) یا دیالێکت نییە بەڵکو نیمچەدیالێکتە، ئەم تێکەڵییەش لە هەندێ شوێندا هەستی پێدەکرێت.

بەشی دووەم (زاری ناوەڕاست) سنووری دیالێکتەکەو نیمچەدیالێکتەکانی دەست نیشان کردووە، پاشان ئاستەکانی زمانی وەك دەنگسازیو وشەسازیو ڕستەسازیو واتاسازی کردۆتە بنەمای باسەکانی دواتری. لە ئاستی دەنگدا باسی گۆڕانە دەنگییەکانی کردووەو لە (دەنگ گۆڕکێ)دا، دەڵێت:

(( گۆڕانی (و بۆ ێ):

خانوەکە - زاری سلێمانی. گۆڕانی (ی بۆ و) لە زاری سلێمانی دا))[3].

---

[1] عەبدولواحید موشیر دزەیی (2011) زارە کوردییەکان.

[3] سەرچاوەی پێشوو: 27.

[3] سەرچاوەی پێشوو: 42.

هەست بە ناتەواوییەك لەو بۆچوونەی پێشووتر دەكرێت. بۆ ئەوەی مەبەستی نوسەر زیاتر ڕوون بكرێتەوە، لە هەولێردا دەڵێن (خانی) بەڵام لە سلێمانی دەڵێن (خانوو)، ئەگەر ناسراویان بكەین:-

خانی + (-ەكە) > خانییەكە[1] > خانێكە. واتە گۆڕینی (ی بۆ ێ) نەك (و بۆ ێ). ((هەولێر))

خانوو + (-ەكە) > خانووەكە[2] > خانۆكە. واتە گۆڕینی (وو بۆ ۆ). ((سلێمانی))

بەشی سێیەم دیالێكتی كرمانجی سەرووی لەڕووی ئاستەكانی زمانەوە خستۆتەڕوو، هەر لە ئاستی دەنگدا، دەڵێت: ((فۆنیمەكانی زاری كرمانجی ژووروو پێكهاتووە لە (8) بزوێنو (27) نەبزوێن))[3]، بەڵام لە پەرەگرافێكی تردا دەڵێت: ((بوونی نەبزوێنی گەورەكراوی وەك: (**ط، ص**) لەزاری ژووروداو نەبوونی لەزاری ناوەڕاستدا، بەڵام ئەم دەنگانەو دەنگی (**ظ**) فۆنیمن لە زاری ژووروودا))[4]. (باكاییێف) لە فەرهەنگی (كوردی-ڕوسی) یەكەیدا، پێی وایە جگە لە (**ط**) هەریەك لە (ص، **ظ**) پلەی فۆنیمیان نییە لە هەرسێ نیمچە دیالێكتی ئازربایجانو ئەرمەنستانو توركمانستان كە بەشێكن لە دیالێكتی كرمانجی سەروو.[5]

هەردوو دەنگی (**ص،ط**) لە نیمچەدیالێكتی سلێمانیدا هەن، بەڵام نەگەیشتوونەتە ئاستی فۆنیم، چونكە یەكێك لە مەرجەكانی بوون بە فۆنیم گۆڕینی واتایە، لە دیالێكتی ناوەڕاستو خوارووودا واتا ناگۆڕن. بۆ نمونە: (ساڵ، گاڵتە، سەڵتە، سڵق ...). كە بە هۆی دەنگی دراوسێوە قەڵەوبوون.[6]

بەشی چوارەمو پێنجەم بۆ هەریەك لە دیالێكتی گۆرانو بەشە دیالێكتی لوڕی. بەشێوەیەكی گشتی ئەم كتێبە كۆمەڵێك زانیاری باش لەخۆدەگرێت.

- لەكۆتاییدا دەگەینە ئەو بڕوایەی كە دیالێكتەكان بەشێكی گرنگی زمانی قسەكردنن، جگە لە زمانی یەكگرتوو، كە وەك زمانی نوسین بەشێوەیەكی فەرمی لە سەرجەم كاروبارەكانی دەوڵەتدا كاری پێدەكرێت، ئەم زمانە یەكگرتووەش بەردەوام لە فراوانبوونو گەشەسەندن دایە، لێكسیكی دیالێكتەكانی باشترین كەرەستەن بە مەبەستی دەوڵەمەندكردنی فەرهەنگەكەی. لێرەوە بۆمان دەردەكەوێت توێژینەوە لە بواری دەرخستنو دیاریكردنی ڕۆڵی دیالێكت لە دەوڵەمەندكردنی فەرهەنگی زمانی كوردیدا نەكراوە. جگە لەو توێژینەوانە نەبێت كە بە مەبەستی لێكۆڵینەوە لە خودی دیالێكتێك، یاخود بەراوردكردنی دوو دیالێكت لە هەندێ ڕووی ڕێزمانییەوە كاریان لەسەر كراوە بە مەبەستی خستنەڕووی لایەنە لێكچوو جیاوازەكانی نێوان دیالێكتەكانی زمانی كوردی.

---

(1) ئەو (ی) یە ناوبەندە بەهۆی ئەوەی دوو ڤاوڵ بەدوای یەكدا نایەن بۆیە وەك نیمچە ڤاوڵێك چووەتە نێوانیان.

(2) بەهەمانشێوە (و) یناوبەند وەك نیمچەڤاوڵێك چۆتە نێوان دوو ڤاوڵەكەوە.

(3) عەبدواحید موشیر دزەیی : 2011 : 63.

(4) سەرچاوەی پێشوو: 66.

(5) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە هەریەك لە ((چ.خ.باكاییێف: 1957: 510–513)) ، ((چ.خ.باكاییێف: 1973: 23)).

(6) بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە نامەی ماجستێری ((طالَب حسێن عەلی : 1989: 53–58)).

## 1/2 زانستی زاراوە ((Terminology)):

ئەو زانستەیە کە لە پەیوەندیی نێوان چەمکە زانستێکانو ئەو زاراوانەی دەبنە دەربڕی چەمك دەکۆڵێتەوە. یاخود ئەو زانستەیە کە لە پەیوەندی نێوان چەمکە زانستییەکانو ئەو فۆرمە زمانیانەی کەوا دەبنە دەربڕیان، دەکۆڵێتەوە.[1]

زانستی زاراوە پەیوەندییەکی پتەوی بە زانستی ئەنۆماستیك (فەلسەفەی ناونانی شتەکانی دەروبەری مرۆڤ) هەیە، ئەنۆماستیك لەو ئاراستانە دەکۆڵێتەوە کە کۆنترۆڵی هەڵبژاردنی هێما بۆ هێمابۆکراوێك دەکات، بەهۆی پەیوەندی ئەو هێمابۆکراوە بە ژیانی مرۆڤەوە.[2]

هەر لە چوارچێوەی ئەم زانستەش (زاراوەدانان) بە واتای چالاکییەکانی پەیوەست بە کۆکردنەوەی زاراوەو دانانی زاراوەو شیکردنەوەو گونجاندنو ناسینی هاوواتاکانیو دواتر ناساندنیان لەزمانەکەدا، هەروەها کۆکردنەوەی چەمکە تایبەتێکان لە فیلدێکی دیاریکراودا، لێکۆڵینەوە لە پەیوەندی نێوان ئەم چەمکانەو پەسنکردنی زاراوەکان بەشێوەیەکی کرداری کەوا بونەتە دەربڕی ئەو چەمکانە، دەکات.[3]

زانستی زاراوە، سەر بە زانستە مرۆڤایەتییەکانەو پەیوەندی بە هەموو زانستە تایبەتێکانیشەوە هەیە، لە بەرئەوەی بنەما زانستێکانی دانانی زاراوەو یەکخستنیان لەخۆدەگرێت. ئەو زانستانەش بۆ ئەوەی بتوانن بوونی خۆیان بسەلمێنن پێویستیان بەو زاراوانە هەیە.[4]

زاراوەسازی نوێ هەوڵی تایبەتکردنی یەك زاراوە (فۆرمێك) بۆ یەك چەمك، لە یەکێك لە فیلدە زانستێکان، دەدات. بەشێوەیەك کە نابێت زاراوەیەك زیاتر لە چەمکێك دەربڕێت، بە پێچەوانەشەوە نابێت چەمکێك بە زیاتر لە زاراوەیەك دەربڕدرێت. ئەمەش خۆ دەربازکردنە لە دیاردەی هاوبێژیو هاوواتایی، واتە ئەم دوو دیاردەیە نابێ لەزاراوەدا هەبن.[5] بۆ نمونە:

کردار // فرمان

جێناو // ڕاناو

زمانەوانی // زانستی زمان

کۆ-زمانەوانی // زانستی زمانی کۆمەڵایەتی ..هتد.

ئەم زاراوانە دەربڕی یەك چەمکن، لەکاتێکدا هیچ پێویست بەوە ناکات دوو زاراوە بۆ هەمان چەمك بەکاربهێنرێت، چونکە دەبنە هۆی دروستبوونی دووانەیی لە زاراوەسازیدا.

---

[1] علي القاسمي : 1987 : 127.

[2] يحيى عبدالرؤوف جبر : 1992 : 144.

[3] علي القاسمي : 1980 : 9-12.

[4] مهدي صالح سلطان : 2012: 60.

[5] ((http:// www.aleflam.net 2010 : علي القاسمي)).

زاراوەسازی لقێکی زانستی زمانی پراکتیکییە، لەبەرئەوە لەگەڵ بابەتە زمانەوانیێکانی تر جیایە، بەڵام ئامانجی هەموویان هەر یەکە، کارکردن لە زاراوەسازیدا لە چەمکەوە دەست پێدەکاتو لێرەوە بەشێوەیەکی ورد لێکدەدرێتەوە، واتە زانستی زاراوە بەپلەی یەکەم چەمك دیاری دەکاتو ئینجا زاراوەی گونجاوی بۆ دادەنێت.[1]

لێرەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە، چەمكو زاراوە وەکو دوو ڕووی دراو وان. ئەگەر زاراوە هێمایەکی زمانیی شێوەی دەرەوەی پێکدەهێنێت ئەوا لە ناوەڕۆکیشدا کرۆکێکی هەیە، کە لە چەمکێك پێکهاتووە (ئەویش واتایەکە جیاواز لە واتاکانی تری ناو سیستەمی بۆچوونەکان). لێکۆڵینەوە لە چەمك، یا بۆچوونەکان Conceptology بەردی بناغەی میتۆدی پسپۆڕانی بواری لێکۆڵینەوەی زانستی زاراوەیە.[2]

(لێکۆڵینەوەی زاراوە) زانستێکە زانیارییەکانی تێدا تێکەڵ دەبنو سنوری زمانەوانیو لۆجیكو بوونزانی Ontology، و زانستی زانیارییەکان Information Science، و زمانی ئامانجە تایبەتەکانو فەرهەنگیو ئیتمۆلۆجی ..هتد، دەگرێتەوە.[3]

بناغەدانەری تیۆری گشتی زاراوەسازیو گەشەپێدانی لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم بۆ زانای نەمساوی (یۆجین فوستەر 1898-1977) دەگەڕێتەوە، کە بووە هۆی سەرهەڵدانی زانستی زاراوەسازی (Terminology Science) ئەم زانستەش بووە هۆی دروستبوونی پەیمانگاو دامەزراوەی تایبەت بە زاراوەسازی. تیۆری گشتی زاراوەسازی چارەسەری سروشتی بۆچوونەکان دەکات، لەوانەش قسە لەسەرکردنو ڕێکخستنو تایبەتمەندی لەگەڵ پەسنکردنی چەمکەکانو خستنەگەڕی زاراوەیەك بۆ چەمکێکی دیاریکراوو سروشتی زاراوەو بونیادنانو تۆمارکردنیان بە شێوازی دەستنووس، یا بە ئامێری کۆمپیوتەر.[4]

## 1-1/2 چەمكو فۆرمی زاراوە:

چەمك پێکهاتەیەکی هزری بابەتییە. بۆ ئەوەی ئەو پێکهاتە هزریەش بخرێتەڕوو پشت بە هێمایەك دەبەسرێت، ئەو هێمایەشی کە بۆ گەیاندنی زانیارییەك بەکاردێت پێی دەگوترێت زاراوە.[5] چەمك ((نواندنێکی بیرۆکەیی (فکری)یە بۆ شتێك (هەست پێکراو یا هەست پێ نەکراو)بێت، یا بۆ پۆلە شتێك کە سیفەتی هاوبەشیان لە نێواندا هەبێتو بە زاراوە یا نیشانە دەربڕرێت))[6].

---

(1) فاروق عومەر سدیق : وانەکانی خوێندنی باڵا– ماجستێر (تێرمینۆلۆژی) : 2012/10/9.

(2) عامر الزّناتي : اشكالية ترجمة المصطلح مصطلح الصلاة بين العربية والعبرية انموذجا، مجلة البحوث والدراسات القرانية، العدد التاسع: ص 339 (http://jqrs.qurancomplex.gov.sa 3/9/2013).

(3) سەرچاوەی پێشوو: 339.

(4) سەرچاوەی پێشوو: 338.

(5) سەرچاوەی پێشوو: 339.

(6) کەمال جەلال غەریب : 2012 : 80.

مەبەست لە زاراوەدانان، دیاریکردنو هەڵبژاردنی فۆرمێکە بۆ ئەوەی ببێتە هەڵگری واتا، یا چەمك، یا بۆچوونێك، کە تازە دروست بووە. لەبەرئەوەی زاراوە گرنگییەکی زۆری لە زماندا هەیەو تەنانەت هەندێ زمانەوان زاراوە بە زمانێکی سەربەخۆی ناو زمانە ئاسایییەکە دادەنێنو بە ویستو خواستی چەند پسپۆڕێك دادەنرێت، بۆیە دەبێت لەڕووی پێکهاتنییەوە تا بکرێت لەبارو گونجاو بێت، بۆ ئەوەی بە ئاسانی دەربېڕێت، یا بنووسرێت. جگە لەمەش پێویستە زاراوە بەهۆی ئەنالۆژیاوە لەگەڵ زمانەکەدا بسازێنرێتو لەسەر بنەمای وشەکانی فەرهەنگی بنەڕەتی زمانەکە وشەو زاراوەی نوێ سازبکرێت، چونکە فەرهەنگی بنەڕەتی پەیوەندی بەهەستی نەتەوایەتیو ژیربێژی ئەو نەتەوەیەوە هەیە، تا بکرێت یاسا بنەڕەتییەکانی زمان ڕەچاوبکرێت بۆ ئەوەی لەکاتی کۆنکرێتکردنی پێکهاتەکان بە دەنگ، یا نوسین گەشە بەو بیرو چەمکە نوێیانە بدرێت.

((هەمو زانستێکیش پێویستی بەزاراوە هەیە، و هەموو چەمکێکی نوێش پێویستی بە دروستکردنی زاراوەیەك هەیە، کە لەگەڵیدا بگونجێت))[1].

چەمك یەکێکە لە بنەما سەرەکێکانی زاراوە. وێنەیەکی هزرییەو پێویست بەنزیککردنەوەو دیاریکردنی لە هزری گوێگر، یا خوێنەر دەکات. فیلبەر لەبارەی چەمکەوە دەڵێت: ((نواندنێکی ئاوەزییە بۆ شتێك یا کۆمەڵە شتێك کە لەسیمایاندا هاوبەشن))[2].

دیاریکردنی چەمك یا بۆچوون پرۆسەیەکی دوو لایەنەیە، پێویستە لەسەر دانەری زاراوە بەتەواوی دەست بەسەر واتاکەیدا بگرێت بەشێوەیەك، توانای ئەوەی هەبێت زاراوەیەکی گونجاو بۆ چەمکێك دەستنیشان بکات.

## 2-1/2 **گرنگیی زاراوە:**

زاراوە زانستێکان بەشێکی دیاری فەرهەنگی زمان پێکدەهێنن، هەموو بەشەکانی زانستیش بەردەوام لە گەشەسەندنو داهێناندان، بۆیە پێویست دەکات بۆ هەر چەمکێك لەو چەمکە نوێیانەی دێنە کایەوە زاراوەیەکی بۆ دابنرێت. هەر لەبەر ئەمەشە مەسەلەی زاراوە لای فەرهەنگنووسان گرنگیی زۆری هەیە، چونکە گرنگی دان بە زاراوە گرنگی دانە بە بەشێکی زیندووی زمانەکە.

لە زماندا زاراوە زیاتر وابەستەی ئەو ژینگەیەیە کە زاراوەکەی تیادا بەکاردەهێنرێتو پەیوەستە بەو پسپۆڕانەی لە بوارە جیاجیاکانی زانستدا بەکاری دەهێنن. فەرهەنگی پسپۆڕی زاراوە پەیوەندییەکی پتەوو بەردەوامی بە فەرهەنگی گشتییەوە هەیە، چونکە زۆربەیان بەپێی یاساکانی وشەسازی ئەو زمانە پێکهاتوون. ((زاراوە کۆڵەکەی زمانی نەتەوایەتییە، بنچینەی زمانی ستانداردی نەتەوەیە. دیالێکتەکانی لەیەك نزیك

---

(1) مهدي صالح سلطان : 2012 : 60.

(2) Helmut Felber : 1984 : 115.

دەکاتەوە، دەبێتە هۆی پێکهێنانی یەکێتی دەربڕینو بنچینەی ئامرازی گواستنەوەی هزرو بیرو داهێنان بۆ نەوەکانی داهاتوو بەیەکگرتوویی))[1].

(عەلی قاسمی) لەبارەی گرنگی زاراوە دەڵێت: زاراوەکان کلیلی زانستەکانن، بەپێی دەربڕینی خەوارزمی، دەگوترێت تێگەیشتنی زاراوە نیوەی زانستەکەیە، چونکە زاراوە فۆرمێکە دەبێتە دەربڕی چەمکێك. ناسینی زاراوەش پێویستییەکی میتۆدە زانستێکانە، میتۆدیش ڕاست دەرناچێت ئەگەر زاراوەکان بە وردی بونیاد نەنرابێت.[2]

چەند خاڵێك پێویستە لە ناسینی زاراوەدا هەبن; دیارترینیان[3]:-


1) دیاریکردنی بواری زانیاری زاراوە.

2) دیاریکردنی پەیوەندی زاراوەیەك بەزاراوەکانی ترەوە.

3) وا پێویست دەکات چەمکی زاراوە بناسێنرێت.

4) بۆ دیاریکردنی زاراوە دەبێت لە چەمکەوە دەست پێبکرێت، نەك لە ڕێی واتا گشتێکەیەوە، واتە لە پێشدا چەمکەکە دیاری بکرێتو دواتر زاراوەکەی بۆ دابنرێت.

دەکرێت ئەو چوار بنەمایەی سەرەوە بەم سێگۆشەیەی خوارەوە بخرێنەڕوو[4]:-




زاراوە زانستییەکان لەبوارەکانی ((وەرگێڕانو گواستنەوەی زانیاریو چەمکە نوێیەکانو تۆمارکردنیانو پاشان لە قۆناغەکانی فێرکردندا بەگشتیو قۆناغی خوێندنی باڵا بەتایبەتی))[5] گرنگییەکی زۆریان هەیە.

لەگەڵ ئەوەشدا ((گۆڕانو پێشکەوتنە خێراکانی زانست، هۆیەکی سەرەکی بوون بۆ زیادبوونی چەمكو واتاکان، تاوەکو ژیان بەرەو پێشتر بڕوات، واتاکان بێ سنوورتر دەبن، بەڕادەیەك کە وشەکانی زمان بەشیان

---

[1] محەمەد وەسمان : 2012 : 245.
[2] مهدي صالح سلطان : 2012 : 61.
[3] جواد حسني سماعنة : 2000 : 980.
[4] سەرچاوەی پێشوو: 980.
[5] أحمد بن محمد : 2000 : 350.

ناکات، لەبەر ئەوە پێویست دەکات بەدوای شێوازی چاککردنی ئەم کێشەیەدا بگەڕێین‌و بەشێوەیەکی زانستیانە هەوڵی دانان‌و هەڵبژاردنی زاراوەی نوێ بدەین، کە بەوردی ئەو چەمکانە دەربڕن))[1].

زاراوە پێویستیەکی زانستییە، لەلایەن نەتەوە جیاوازەکانەوە هەوڵ دەدەن ڕێکیان بخەن‌و دیارییان بکەن، هەرگیز پێشکەوتن بەدەستنایەت ئەگەر گرنگی بە زاراوە نەدرێت، بەهۆی باشبوونی دۆخی زاراوەوە شارستانێت دەبووژێتەوە، چونکە (زاراوەی زانستی) چوارچێوەیەکی گشتی بیرو ئاستی پێشکەوتنی هۆش‌و بیری نەتەوەکانە، پێشکەوتنە مرۆییەکانیش کە لە ڕێیانەوە سیما ڕۆشنبیرییەکان لە ڕەوڕەوەی ژیانی گەلان وەك هاووێنە ڕەنگدەدەنەوە، بۆ ئەوەی لە کۆتاییدا بگەنە ئاستی بەدەستهێنانی ئامانجە بالاکانی بۆچوون‌و پێکەوە کارکردن بۆ بونیادنانی شارستانییەتێکی زیندوو..، هەرکاتێك وردبینی‌و دووربینی‌و قالبووی نەتەوەکان لە پێناسەو دیاریکردن‌و وێنەکاندا باشتربوون، ئەوا ئەو نەتەوانە هەمیشە لەڕووی گەشەسەندن‌و پێشکەوتنەوە لە ململانێ‌و کێبڕکێی نەتەوەکانی تردا دەبن.[2]

## 3-1/2 تایبەتمەندییەکانی زاراوە

1) زاراوە وەك فۆرمێك (دەربڕی چەمکێکی دیاریکراو)، لە لایەن زانایانی بوارێکەوە لەسەری ڕێککەوتون[3]، واتە پێش هەموو شتێك زاراوە ڕێککەوتنەو دواتریش قبوڵکردن‌و بەکارهێنانییەتی لەچوارچێوەیەکی سنورداردا. یا زاراوە بەرئەنجامی ڕێککەوتنی کۆمەڵێك پسپۆڕە، کە دەشێت بەهۆی تاکە کەسێکیشەوە بێت.[4] یاخود کۆبوونەوەی چەند کەسێکی دیاریکراوی پسپۆڕ لەو بوارەدا کە پێویست دەکات زاراوەی بۆ دابنرێت.
2) ((دەبێت زاراوە دووربێت لە تەمومژیی))[5]، تەنیا یەك فۆرم ببێتە دەربڕی چەمکێکی دیارکراو.
3) زاراوە وەك وشەی گشتیی بەهۆی دەوروبەرەوە دیاری نەکراوە، بەڵکو چەمکێکە پێشتر خاسیەت‌و سنووری لەجیهانی زاراوەدا دیاریکراوە.[6]
4) زاراوە لەناو چوارچێوەی زانستی زاراوە (تێرمینۆلۆجیا) لێکدەدرێتەوە.[7] چونکە تێرمینۆلۆجیا سەرجەمی زاراوەی تایبەت بە زانستێکی دیاریکراو دەگرێتەوە، بۆ نمونە تێرمینۆلۆجیای گراماتیك، تەکنۆلۆجیاو بەرهەمهێنان، زانست، سیاسەت، یاسا ...هتد.[8]

---

(1) ڕۆژان نوری عبدالله : 2007 : 17.
(2) جعفر آل یاسین : 1985 : 14.
(3) فرحات بلولي : 2010 : 222.
(4) أحمد بن محمد المعتوق : 2000 : 346.
(5) ادریس بن الحسن العلمي : 2002 : 18.
(6) فرحات بلولي : 2010 : 222.
(7) محمود فهمي حجازي : 1993 : 12 .
(8) فاروق عومەر سدیق : وانەکانی خوێندنی بالا – ماستەر (تێرمینۆلۆجی) : 2013/9/10.

5) زاراوە لەبواری پەروەردەو فێرکردندا گرنگییەکی زۆری هەیە، لە هەموو بابەتێکی زانستیدا دەبینرێت.

6) لەڕوی پێکهاتەوە ((زاراوە سادەکان لە زاراوە لێکدراوەکان پەسەندترن))[1] بەهۆی ئەوەی وزەیەکی کەمتری دەوێت، جگە لەمەش فێرخواز زووتر فێری دەبێت.

7) ئەگەر هەر وشەیەکی ناو زمانەکە بوو بە زاراوە، ئەوا لە بازنەی ئیدۆمدا دوورە پەرێز دەبێت، چونکە تەنیا لەناو ئەو پەرژینەی بۆی کێشراوە بۆ واتا یا چەمکێکی دیاریکراو بەکاردەهێنرێت. بەشێوەیەکی تر تەنیا لەنێوان دەستەو تاقمێك بەکاردەهێنرێتو هێزو توانای بوون بە ئیدیۆمی کەمە، بەڵام ئەگەر هاتوو زاراوەیەك ڕۆیشتە خوارەوەو سنووری خۆی بڕیو بوو بە وشەی سەر زاری زۆربەی قسەپێکەرانەوە ئەوا چانسی بوون بە ئیدیۆمی زیاترە، بۆ نمونە، بەکەسێکی بلیمەتو زیرەك دەگوترێت (دەڵێی کۆمپیوتەرە!)، کۆمپیوتەر سەرەتا زاراوە بووە، هەروەها (وەحدەی پێ نییە!)، (وەحدە) هەرچەندە زاراوەیەکە لەزمانی عەرەبییەوە وەرگیراوە بەڵام بەهێزە.

8) هەندێ جار بەرهەڵستی لە فۆرمی زاراوە زمانییە ئاڵۆزەکان دەکرێت[2]، دەبێ زاراوە لە تەمومژیو ئاڵۆزی بە دووربێت بۆ ئەوەی لەناو بەکارهێنەراندا پەسەند بکرێت. بۆیە ڕێککەوتن لە هێمادانان دەکرێ کارەکە ئاسانتر بکات، بۆ نمونە پێدەچێت ئێمە پێویستمان بە جیاکاری نێوان واتای وشەکەو فۆرمەکەی بێت.[3]

9) جێ پێ لەقکردنو ململانێ لە زاراوەدا کەمترە، وەك لەوەی لەوشەی ئاسایی زمانەکەدا ڕوو دەدات، چونکە زاراوە بۆ تاقمێکی تایبەتییە ... پەرژین بەدەوری زاراوەدا کێشراوەو لەزانستێکی تایبەتیدا بەکاردەهێنرێت.[4]

10) ئەنالۆژیا لەزاراوەدا ڕۆلێکی گەورە دەبینێ، بۆ نمونە:

ژانە سك
ژانە سەر } بە ئەنالۆژیا دروستبوون ... هتد.

11) تەمەنی زاراوە بەندە بە ئاستی پێشکەوتنی کۆمەڵو تەمەنی ئەو زانستەی کە زاراوەکەی تێدایە،[5] واتە مانو نەمانی زاراوە بەندە بە چالاکبوونی زاراوەکە لە چوارچێوەی زانستەکەیدا.

---

[1] ادريس بن الحسن العلمي : 2002 : 19.

[2] John Lyons : 1990 :46.

[3] سەرچاوەی پێشوو: 46.

[4] فاروق عومەر سدیق : وانەکانی خوێندنی باڵا – ماجستێر (تێرمینۆلۆژیا) : 2012/12/11.

[5] سەرچاوەی پێشو.

## 4-1/2 لەدایکبوونی زاراوە

بریتییە لە دانان، یا داتاشینی زاراوەیەکی نوێ بۆ ئەوەی ببێتە دەربڕی چەمکێکی دیاریکراو، بە پشتبەستن بەو یاساو ڕێسایانەی لەزمانەکەدا هەن.[1] پرۆسەی بەرهەمهێنانی زاراوەو بەکارهێنانیان لەڕێی بەشداری پێکردنیان لە ڕەوتێکی زانستیدا، بە پرۆسەی کورتکردنەوەی کات دادەنرێت.[2] فراوانکردنو دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگ لەڕێی نیۆلۆگی (Neology)یەوە، یەکێکە لەو کارانەی کە زۆربەی زمانە زیندووەکانی جیهان پشتی پێ دەبەستن، لە فەرهەنگی ئۆکسفۆرد (OXFORD)دا بەم شێوەیە پێناسەی نیۆلۆژی کراوە: ((پرۆسەی بەرهەمهێنان بریتییە لە پەیڕەوکردن، یا بەکارهێنانی وشەی نوێ، یا داهێنانی وشەو دەربڕینی زمانەوانی نوێ)).[3]

زاراوە داتاشین یەکێکە لەو هۆکارانەی زاراوەی نوێی پێ بەرهەم دەهێنرێت. (وەرگرتنو پێکهێنانی زاراوەیەک کە لە کورتکردنەوەی دوو وشە یا زیاتر پێکدەهێنرێت)[4].

گرنگی نیۆلۆگی لەوەدایە کە ڕەگەزێکی نوێ لە فەرهەنگی زماندا پێکدەهێنێت، ئەمەش لەڕێی دوو جۆر فۆرمسازییەوە دەبێت:-

### 1-4-1/2 فۆرمسازی ڕاستەوخۆ (Formation directe):

لەلایەن ((دوبوک 1980 Dubuc))، لە جیاتی چەمکی ((بەرهەمهێنانی وێنەیی (شێوەیی))) بەکاری هێنا، کە بریتییە لە دروستکردنی یەکەیەکی فەرهەنگی نوێ (سادە، یا ناسادە) لەڕێی داتاشین، یا دانان، یاخود دروستکردنی وشەی نوێ بەهۆی کۆکردنەوەی ئەو ڕەگەزانەی کە پێشتر لەزمانەکەدا هەبوون، ئەمەش لەلایەن ((فارابی)) بەداهێنەری نوێ ناونراوە کە لەو ڕەگەزانەی پێشتر لەزمانەکەدا هەبووە، سازدەکرێن.[5] بۆ نمونە:

ڕۆژ + ژمێر > ڕۆژمێر

کات + ژمێر > کاتژمێر > کاژێر

هاتن + (-و-) + چوون > هاتووچۆ

شاه + توو > شاتوو

شاه + بەڕوو > شابەڕوو (کەستانە)

...هتد.

---

[1] عبدالعزيز المطاد : 2006 : 109.

[2] يحيى عبدالرؤوف جبر : 1992 : 150.

[3] عبدالعزيز المطاد : 2006 : 109.

[4] علي القاسمي : 2005 : 85.

[5] عبدالعزيز المطاد : 2006 : 113.

### 2-4-1/2 فۆرمسازی ناڕاستەوخۆ (Formation indirecte):

بەهەمان شێوە، لەلایەن دوبوك لە جیاتی دیاردەی (لەدایکبونی واتای زاراوەکان) بەکاری هێنا، بەهۆی بەخشینی واتایەکی نوێ بۆ وشەیەکی پێشتری زمانەکە جیاواز لە واتا کۆنەکەی خۆی، بەشێوەیەکی تر ((وەرگرتنی فۆرمی وشەیەکی زمانەکەو لکاندنی بەواتایەکی نوێوە))[1].

بۆ نمونە: (زمان) بەو پارچە گۆشتەی ناو دەم دەگوترێت، بەڵام لە زاستی زماندا واتایەکی زۆر فراوانی دراوەتێ، بە ئامێری پەیوەندیکردنی مرۆڤەکان دادەنرێت.

(ڕەگ)، لە بنەڕەتدا بۆ ڕەگی درەخت بەکاردێت، لە زانستی پزیشکی ددان بۆ ڕەگی ددان بەکاردەهێنرێت،و لە زانستی زمانیشدا ڕەگی کردار، بۆ نمونە:

دەڕۆم (ڕەگی ڕانەبردوو)

ڕۆیشت (ڕەگی ڕابردوو)

زانایانی زاراوەسازی بایەخیان بەو هێما زمانیانەی بوونەتە دەربڕی چەمکێك داوە، هەروەها جیاوازییان لە نێوان هەرسێ جۆری هێمای زماندا کردووە، بەم شێوەی خوارەوە[2]:-

1) **وشە:** دەکرێ وشە چەند واتایەك، یا سێبەری واتایی ناسنوردار لەخۆ بگرێت، یاخود بۆ ناونانی شتەکانیش بەکاربهێنرێت، بۆ دەرخستنی واتاکەشی پشت بە دەوروبەر دەبەستێت، واتە لە بەکارهێنانەدا واتاکەی دەردەکەوێت.

2) **زاراوە:** هێمایەکی زمانی سنوورداره، بۆ چەمکێکی دیاریکراو، یا ئەو چەمکەیە کە بە زاراوە دەردەبڕێت، ئاستی ڕوونی واتاکەشی بەستراوە بە وردی بابەتی چەمك.

3) **وشەی فەرهەنگی (Lexicon):** زاراوەیەکە، یا ناوێکە بۆ گێڕانەوەی زانیارییەکانو پێڕستکردنیان لە سیستەمێکی تایبەتدا بەکاردەهێنرێت، واتاکەیشی پشت بە سیستەمی زانیارییە پەیوەستدارەکان دەبەستێت.

ناولێنراوەکانیش بریتین لە شتە هەستپێکراوە ڕاستەقینەکان کە لە جیهانی دەرەوەدا هەن، بەڵام چەمکەکان وێنەیەکی هزرین بۆ ئەو شتانە.[3]

مەرجەکانی بەرهەمهێنانی زاراوەی زانستی[4]:-

1) ڕێککەوتنی پسپۆڕەکانی زاراوەسازیو کۆکبوونیان لەسەری، چونکە لەڕێی بەکارهێنانی ئەوانەوە بڵاودەبێتەوە، هەر ئەوانیش لە پاشەڕۆژدا پێشبینی گۆڕانی، یا گەشەسەندنی دەکەن.

---

(1) عبدالعزیز المطاد : 2006: 116.

(2) علي توفيق الحمد : 2005 : 2–3.

(3) سەرچاوەی پێشوو : 3.

(4) مهدي صالح سلطان: 2012 : 73 – 74.

2) واتا یەکی گونجاوو پەسەندکراو، کە چەمکە نوێیەکە دیاری دەکاتو لەواتا زمانییەکەش جیای دەکاتەوە.


3) گونجاندنی چەمکە نوێیەکە لەگەڵ ئەسڵی وشەکە لەزمانەکەدا لەڕووی فۆرم یا واتاکەیەوە.

4) یەك زاراوە بۆ چەمکێك دانرابێت.

## 2/2 تێکەڵبوونو کارلێکی نێوان فەرهەنگی گشتیو فەرهەنگی تایبەتی زاراوە:

### 1-2/2 گواستنەوەی وشە لەفەرهەنگی گشتییەوە بۆ فەرهەنگی تایبەتی[1]:

ئەم دیاردەیە زۆر بەڕوونو ئاشکرایی بەرچاو دەکەوێت، کاتێ وشەیەکی ئاسایی ناو فەرهەنگی گشتی دەگوازرێتەوە بۆ ناو زانستێكو تایبەت دەکرێت لەو زانستەو پەرژین بە دەوریدا دەکێشرێت، مەرج نییە بەهەمان واتاو چەمك بەکاربهێنرێتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پەیوەندییان بەیەکەوە هەر دەمێنێت. لەو فیگەرەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە[2]:-





بۆ نمونە: ئاوەڵناوەکانی (ترشیو تفتیو تاڵیو سوێری) لە زانستی کیمیادا بۆ چەمکێکی تر بەکاردەهێنرێن بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پەیوەندییەکە هەر هەیە.
ڕەفتار کە بەرانبەرەکەی بەزمانی عەرەبی (السلوك)ە، بەزمانی ئینگلیزیش (Behavior- Behaviour)[3]، لەفەرهەنگی سایکۆلۆژیدا. واتە ((لەزاراوەسازی زانستی سایکۆلۆژیدا گرنگی خۆی هەیە)).

### 2-2/2 گواستنەوەی وشە لەفەرهەنگی تایبەتییەوە بۆ فەرهەنگی گشتی:

بێگومان زاراوە لەدامێنی پسپۆڕێتێکاندا بەرهەم دەهێنرێت، زۆرجاریش بەخێرایی بڵاودەبێتەوەو دەکەوێتە سەر زاری زۆربەی قسەپێکەرانی زمانەکەوە، هەروەکو لەم وێنەیەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە[4]:-

---

[1] لێرە بەدواوە فەرهەنگی تایبەتی بە کورتکراوەیی (فە.ت) دەنوسرێت.
[2] أعضاء شبكة العلوم الصحية: 2005 : 37.
[3] سابیر بەکر بۆکانی : 2004 : 10.
[4] أعضاء شبكة العلوم الصحية: 2005 : 37.




ئەو زاراوانەی پەیوەندییان بەباری تەندروستیو سیاسیو ئابوری خەڵکییەوە هەیە، خێراتر بڵاودەبنەوە.

شێر پەنجە/ سەرەتان : **السرطان**

ڕواندنی گورچیلە : **زرع الكلية**

دراوی ساختە : **النقود المزورة**

((داهێنان : **الاختراع**

فریاکەوتن : **الاسعاف**

دەستکرد : **الاصطناعي**

خاوبوونەوەی ماسولکەکان : **ارتخاء العضلات))**[1][2]

مامۆستا (کامیل بەسیر)، دەڵێت: ((زۆرجار تێبینی دەکەین زاراوە لەگەڵ وشەی ڕۆژانەدا تێکەڵ دەکرێتو وشەی سەر زاری خەڵکی بەزاراوە لەقەڵەم دەدرێت وەکو ئەم وشانەی خوارەوە:-

| عەرەبی | | کوردی |
|---|---|---|
| **الرئتان** | : | سییەکان |
| **الاتلاف** | : | لەناوبردن |
| **الاحترام** | : | ڕێز |
| **الاخلاص** | : | دڵسۆزی |
| **الافشاء** | : | درکاندن ...هتد))[3]. |

بەڵام ئەمە بە تێکەڵ کردن دانانرێت، چونکە زاراوە بەشێکە لە وشە، لەناو چوارچێوەی زمانێکی دیاریکراودا کاردەکات.

[1] کامیل بەسیر : 1978 : 28.

[2] لەم توێژینەوەیەدا، زۆربەی ئەو نمونانەی بۆ زاراوە هێنراونەتەوە ئەوانەن کە لەئێستادا لە کاردانو چەسپاون.

[3] کامیل بەسیر : 1978 : 20.

## 3/2 کێشەکانی زاراوەی کوردی‌و چارەسەرکردنیان:

### 1-3/2 بوونی دوانەیی یا زیاتر لە زاراوەی کوردیدا، لەگەڵ فرەیی زاراوەساز:

یەکێك لەو گرفتانەی ئەمڕۆی زاراوە لە زمانی کوردیدا فۆرم زۆرییە، ئەم دیاردەیەش تەنیا لە زمانی کوردیدا نییە، بەڵکو لە زۆربەی زمانەکانی جیهاندا هەن، بۆ نمونە لە زمانی عەرەبیدا بەهۆی دابڕانی دەوڵەتە عەرەبییەکانەوە تەنانەت لەناو زانکۆکانی وڵاتێکیشیاندا بەهۆی زۆری زاراوەسازەوەو گوێنەدان بە پێویستییەکانی زاراوەسازی، گرفتی بۆ ئەو زمانانە دروستکردووە.[1] زۆری زاراوەساز بە کێشەی ئەمڕۆی زمانی کوردی دادەنرێت، لەبەرئەوە نەك دوو زاراوە بۆ چەمکێك بەڵکو زۆرجار لە دووان زیاتریش هەن، بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە، دەبێت تەنیا لەلایەن کەسانی پسپۆڕەوە دەست لە زاراوە بدرێت. چونکە هەموو زاراوەسازێك داهێنەر نییە، تا ئەو کاتەی زاراوەکەی دەچەسپێت. زاراوە مەسەلەیەکی جیهانییەو پێویستە بەچاوی گەورەییەوە بڕوانرێتە کەسانی شارەزاو پسپۆر، لەبەرئەوەی لای ئەو کەسانە ((دۆزی دانانی زاراوە کارێکی تا ئەندازەیەك زۆر گران نییەو ئەرکێکی قورس نییە، چونکە ئەوە ئەرکێکە توانستی ئەو بابەتەو شارەزایی زمانەوانی‌و لێهاتوویی‌و چالاکی زانستی هاوچەرخی پێویستە، بەڵام قورسی یا گیروگرفتەکە زیاتر دەبێت گەر هات‌و دۆزەکە بەبواری وەرگێڕان‌و گواستنەوە لەزمانێکەوە بۆ زمانێکی تر پەیوەستبوو))[2]. بەڵام ئەگەر بێت‌و ئەم کارە بەلیژنەیەکی تایبەتی بسپێردرێت ئەوا کارەکە ئاسانتر دەبێت، تەنانەت لە گواستنەوەی چەمکە دەرەکێکانیشداو دانانی زاراوەیەك بۆیان پێویستە بە ڕاوێژی ئەم لیژنەیە بێت. نمونەی دووانەیی کە بەهۆی زۆری زاراوەسازەوە دروستبوون:-

واتا، مەعنا : المعنى

هاوواتا، هاومەعنا، سینۆنیم، ئەلۆمۆرف، موتەرادیف[3]: المرادف

((مێمڵ، مشەخۆر : **الطفيلي**

هەڵاڵە، گەرك : **الطلع**

مۆرانە، مرك : **العُثّ**

کۆسپ، لەمپەر، پل، ئاستەنگ : **العارض**

کاریتە، راجە، راژە : **العارضة الكبيرة**

سەردەم، ڕۆژگار : **العهد**

کێشانە، پێوانە : **العيار**

لەبریی، لەجیاتیی، لەباتیی : **عوضاً عن**))[4]

---

(1) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە ﴿مهدي صالح سلصان : في المصطلح ولغة العلم : 2012 : 70–71﴾

(2) شەهاب شێخ تەیب : 2012 : 206.

(3) بڕوانە پەراوێزی لاپەڕە 35ی ماستەرنامەی بڵاوکراوەی ﴿شیروان حوسێن خۆشناو : تێڕوانینێکی نوێ بۆ سینۆنیم : 2011﴾.

(4) لیستی شەشەمی زاراوەکانی کۆڕ ، لاپەڕە 476 – 478ی گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد – بەرگی چوارەم 1976.

بوار، کێڵگه، فێڵد : الحقل Field

کەش، سەقا : الطقس

((کون، دەم، دەرگە، دەرچە : فتحة : Aperture

نووك، چوکڵە : نتوء : Apophysis))[1]

((کۆئەندام، ڕشتە، ئامێر : جهاز : Apparatus

ئاوی پاڵاوتە، پاڵاو : A. Distillata

ئاوی کانی، کانیاو، بیراو : ماء البئر : A. Fontana

ئاوی بەفر، بەفراو : ماء الثلج : A. Nivialis))[2]

((دانانی چەند زاراوەیەك بۆ یەك چەمك، جاری وا دەبینی لەیەك کتێبدا دوو جۆر زاراوە بۆ یەك چەمك بەکارهاتووە))[3]. لەبەر ئەوە پێویستە، لەکاتی سازکردنی زاراوەدا ڕەچاوی بنەماکانی زاراوەدانان بکرێت، بۆیە ناکرێت دوو فۆرم یا زیاتر بۆ یەك چەمك دابنرێت.

بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە وا پێویست دەکات تەنیا یەکێك لەو زاراوانە بۆ چەمکەکانی بەرانبەریان هەڵبژێردرێت، دەکرێت زاراوە کوردیکان بەتایبەت ئەوانەی لە بنەڕەتدا وشەی زمانەکەنو ئەوانەشی لە ڕووی سازبوونیانەوە تەواو گونجاون، بۆ نمونە: (بەفراو) لە (ئاوی بەفر) بە گونجاوتر دەزانین، (کانیاو) لە (ئاوی کانی) بەگونجاوتر دەزانین، بەڵام نابنە کاڵکەی (ماء البئر) بەڵکو (ئاوی بیر) یا (بیراو) ڕاسترە.

## 2-3/2 شێوەی نوسینی زاراوە بیانییەکان:

پاش وەرگرتنی ئەو زاراوە بیانیانەو بەکارهێنانو پەسەندکردنیان لەلایەن، بەکارهێنەرانی زاراوەوە، پێویستە شێوەی نوسینی ئەو زاراوە وەرگیراوانە لەگەڵ شێوەی درکاندنی زاراوەکە گونجاوبێت، نەك بەو شێوەیەی زاراوەکە چۆن وەرگیراوە ئاواش بنوسرێت، چونکە وەکو سەرجەم زاراوەکانی تری زمانەکە دەچێتە فەرهەنگی گشتییەوەو لە ئاکامدا فەرهەنگی زمانەکە دەوڵەمەند دەکەن، واتە ئەو زاراوانە بەو شێوەیە بنوسرێت کە لەگەڵ فۆنەتیکی زمانی کوردیدا گونجاو بێت، جگە لەمەش ڕێنوسی زاراوەکەش هەر دەبێ بەکوردی بکرێت، بۆ نمونە:

کتێب : کتاب

قەڵەم : القلم

[1] ئەوڕەحمان عەبدوڵڵا : 2009 : 41.

[2] سەرچاوەی پێشوو: 42.

[3] شەهاب شێخ تەیب : 2012 : 206.

واتە مەرج نییە هەر وشەیەك، یا زاراوەیەكی وەرگیراو وەكو ئەو زمانەی لێیەوە هاتووە بنوسرێت، بەڵكو بەپێی گونجاوی دركاندنی زاراوەكە، واتە دوای ئەوەی بە لەبراتۆری زمانەكەدا ڕۆیشت، چۆن گۆدەكرێت ئاواش بنووسرێت، بۆ نمونە ((فلیم، پەساپۆرت، لایت، سەعات ...)).

## 3-3/2 دوو یەكگرتوویی لە نوسینی كوردیدا:

پەیڕەوكردنی دوو یەكگرتوویی لە چوارچێوەی نوسینی یەك زماندا، كارێكی ئەستەمو پڕ كێشەیە، چونكە ئەمە وادەكات لە هەردوو دیالێكتەكەدا دوو جۆر لە زاراوەسازی پەیڕەو بكرێت، كە لە ئاكامدا بەرەو دوو زمانیی دەبات، نمونەی ئەم جۆرەیان زیاتر لە ئێستای زمانی كوردیدا بەدی دەكرێت، زۆربەی زانایانی زمان ڕەشبینن بەرانبەر بەداهاتووی ئەم دوو جۆر پەیڕەوكردنە. بۆ نمونە:

وەزارەتی خوێندنی باڵا - وەزارەتا خواندنا بلند

وەزارەتی تەندروستی - وەزارەتا ساخلەمی

زانكۆی سلێمانی - زانكۆیا دهۆكێ

بەڕێوەبەرێتی پەروەردە - ڕیڤەبەریا پەروەردەیێ ...هتد.

دەسەڵات ڕۆڵێكی گەورەی لە چارەسەركردنی ئەم گرفتەدا هەیە، چونكە پەیڕەكردنی دوو جۆر یەكگرتوویی لە نوسینی كوردیداو زەقكردنەوەی دیالێكتێك بەسەر زمانە یەكگرتووەكە، جگە لە دووركەوتنەوەی نێوانیان هیچی تری لێ بەرهەم نایەت.

## 4-3/2 نەبوونی پێناسەیەكی ڕوونی زاراوە نوێیەكان، یا وەرگیراوەكان:

هەر زاراوەیەك كە تازە دێتە كایەوە، پێویستە پێناسەیەكی زۆر ڕوونی بۆ بكرێت بۆ ئەوەی بەكارهێنەرانی زاراوە بۆ مەبەستو چەمكێكی تر بەكاری نەهێنن، بۆیە پێویستە ڕەچاوی مەرجەكانی چەسپاندنی زاراوە بكرێت، یا تەنانەت لەوەرگرتنی زاراوە نوێیەكەشدا، دەبێت زاراوەكە لەڕووی فۆنەتیكەوە، لەگەڵ ئەو زمانەی بۆی هاتووە گونجاوبێت. بۆ نموونە:

(ئاناگوژی ; واتای گشتی : anagogy)[1] ﴿زاراوەی بواری ئەدەبی﴾

ڕوونكردنەوەی زاراوە نوێیەكەو ناساندنی چەمكەكەی ئەركی زاراوەسازییە. بۆ نمونە:
ئۆتۆكراسی Autocracy: بە سیستەمێكی حكومەتی دەوترێت، كە تەواوی دەسەڵات بەدەست سەركردەكانی دەوڵەتەوەیە.[2]

---

(1) بەختیار سەجادیو محەمەد مەحمودی : 2004: 14.

(2) روزبە، هیتریش .. ، و. بورهان قانع: 2011 : 166.

## 4/2 زاراوەو ڕێگاكانی دەوڵەمەندكردنی لە زمانی كوردیدا :

زاراوە بەشێكە لە وشە، ئەو ڕێگایانەی وشەی پێ سازدەكرێت بۆ زاراوە دروستكردنیش بە هەمان شێوە سودیان لێ دەبینرێت. جگە لە پسپۆڕانی زمان پسپۆڕانی زانستەكانی تریش بەشدارن لە دانانی زاراوە، چاوكراوەیی‌و بەئاگایی پسپۆڕانی زمان‌و زانستە جیاوازەكان بۆ ئەوەی فریای دانانی زاراوەیەك بۆ ئەو چەمكە نوێیەی دێتە ئاراوە بكەون، ڕەوشی زاراوەی كوردی بەرەوپێش دەبات.

سەرچاوەی دروستبوونی چەمكی زاراوە زۆرە، بۆیە پێویستە فۆڕمێكی لەبار بۆ ئەو چەمكانە دابنرێت. (( ئەو پێشكەوتنەی كە سەرتاسەری جیهان بەخۆیەوە دەیبینێ، زۆر بەخێرایی ڕەوتی زانست‌و تەكنەلۆجیا هەنگاو دەنێت، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بەدەیان‌و سەدان زاراوەی نوێ لە بوارە جیاجیاكانی زانستی‌و مەعریفیدا سەرهەڵدەدەن‌و دێنە ئاراوە. هەر لە ڕێگەی ئەو زاراوانەشەوە فەرهەنگی زمانی نەتەوەیی‌و فەرهەنگی تاكەكانی كۆمەڵگای پێ دەوڵەمەند دەكرێت)).[1] بۆ ئەوەی شانبەشانی ئەو پێشكەوتنانەی بواری تەكنەلۆجیاو زانستە جیاجیاكانی زمانی كوردی بكەوین، پێویستە لە بواری زاراوەسازیدا ڕەچاوی ڕێگا سەرەكیێكانی دەوڵەمەندكردنی زاراوە بكرێت، بێگومان چەند ڕێگایەكی گرنگ‌و سەرەكی هەن كە زاراوەسازانی كورد لەسەرەتاوە تا ئەمڕۆ پەنای بۆ دەبەن‌و پشتیان پێ دەبەستن، چەند ڕێگایەكی گشتین لەگەڵ سروشتی زۆربەی زمانەكانی جیهان گونجاون، بریتین لە:-

### 1-4/2 سازكردنی زاراوە بەیارمەتی ئەفێكسەكان (پێشگرو پاشگر):

هەندێ زاراوە لەڕێی زیادكردنی ئەفێكسێكەوە بۆ سەر ڕەگی وشەیەك زاراوەیەكی نوێی لێ پێكدەهێنرێت. یا ((وشەی داڕێژراو ئەو وشەیەیە كە لەوشەیێكی سەربەخۆو لەزیادی ئەوتۆ پێك هاتبێ كە سەربەخۆ واتا نابەخشێت))[2]، ئەفێكس بریتییە لەو مۆرفیمە بەندەی كە دەچێتە سەر ڕەگ، یا بناغە، وشەیەكی نوێ بەرهەم دەهێنێت.[3] بۆ نمونە ((شەو+ (-ە) > شەوە، شەكر+(-دان) > شەكردان ...هتد)).

هەر زمانێك سەر بە بنەماڵەی خێزانێكی گەورەتر لە خۆیەتی، بۆ نمونە زمانی كوردی سەر بە بنەماڵەی خێزانی زمانە ئێرانیێكانە، ئەفێكسەكان كە لە((پێشگرو ناوگرو پاشگر)) پێكهاتوون، پێشگرو پاشگر لەزمانی كوردی‌و زمانە ئێرانیێكاندا چالاكە، بەڵام ناوگر لەزمانی كوردیدا چالاك نییە، بەڵكو لە زمانی عەرەبیدا، كە سەر بەزمانە سامی‌و حامیەكانە زۆر چالاكەو زۆربەی وشەو زاراوەكانی ئەو زمانانە بەو جۆرە ئەفێكسە پێكدەهێنرێن.

---


[1] تالیب حوسێن عەلی : 2011 : 164.


[2] مەسعوود محەمەد : 2011 : 26.

[3] Franks Katamba :2006 : 44.

بیری مۆرفیم دوای گەشەسەندنی بیری فۆنیم سەری هەڵداو وەك ((بچوکترین یەکەی واتاداری زمان))[1] دەستنیشان کراوە، ئەو وشانەی کە بە سەربەخۆیی واتا دەبەخشن، بە مۆرفیمی سەربەست دادەنرێت، وەکو: پیاو، ژن، منداڵ ..هتد. بەڵام هەندێکی تریان بەتەنیا دەرناکەون، بەڵکو لەگەڵ ئەو مۆرفیمە سەربەستانە دەردەکەون‌و بە بەشێکیش لەوشەکە دادەنرێن وەکو (-لە ، پێ-، هەڵ- ..هتد) پێیان دەوترێت ئەفێکس (Affixes) بەشێکیان لە پێشەوەن پێیان دەگوترێت پێشگر (Prefix)، بەشێکی تریان لە دوای ڕەگ، یا بناغەوەن پێیان دەگوترێت پاشگر (Sufix).[2]

(فرۆمکین)، مۆرفیمی بەپێی واتاو ئەرك‌و شوێن دیاریکردووە، وەك لەو دیاگرامەی خوارەوە خراوەتەڕوو[3]:-




(ستاگابێرگ)یش، سێ پێوەری بۆ مۆرفیم دیاریکردووە[4]:-

1. وشەیەکە یا بەشێکە لەوشە کە واتای هەبێت.
2. ناکرێ لەوە زیاتر بچوك بکرێتەوە چونکە واتاکەی دەشێوێت.
3. دووبارەبوونەوەی لە چەند ژینگەیەکی زمانیی جیاواز، کە لەگەڵ ئەوەشدا واتایەکی ڕێژەیی جێگیری هەیە.

[1] Victoria Fromkin : 2009 : 80.


[2] سەرچاوەی پێشو : 83.

[3] فاروق عومەر سدیق : وانەکانی خوێندنی باڵا – ماجستێر (مۆرفۆلۆجی) 2012/3/27.

[4] Norman C.Stageberg : 1981 : 83.

## 1-1-4/2 پێشگرەکانی زمانی کوردی:

ئەوەی مەبەستە لێرەدا بخرێتەڕوو، ئەو پێشگرو پاشگرانەیە کە وشەو زاراوەی نوێ دادەڕێژن، هەندێ لە پێشگرەکانی زمانی کوردی لەم شێوەیەی خوارەوەدا، بەشداریان لە سازکردنی وشەی نوێ کردووە، هەر لەسەر ئەو بنەمایانەش بەشداری لە داڕشتنی زاراوەدا دەکەن:-




---

(1) ڕاهاتن : تکیف : Accmmodation ((بڕوانە: سابیر بەکر بۆکانی : 2004 : 6)).

(2) زاراوەی کارگێڕی : 1973 : 448. ((زاراوەی کارگێڕی ، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی یەکەم/–بەشی یەکەم)).

(3) بێ ڕەنگ : لا لون له : Achromatic ((بڕوانە: سابیر بەکر بۆکانی : 2004 : 6)).

(4) بەفێڵ ، بەساختە، بەکەڵەك : باحتیال : Fraudulently ((بڕوانە: نوری تاڵەبانی : 2006 : 33)).

(5) هەڵگر(ئەو کەسەی میکرۆبی نەخۆشیەکی تێدابێت بەڵام نەخۆش نەبێ) : حامل : Carrier ((بڕوانە: ئەوڕەحمانی عەبدوڵلا: 2009 : 73)).

(6) لێخستن : اطاحة : Suppression ((بڕوانە: نوری تاڵەبانی : 2006: 58)).

(7) نەبوونی : افتقار : Lack ((بڕوانە: سەرچاوەی پێشو : 67)).

(8) دابەزین ، نزم بوونەوە : انخفاض : Falling off ((بڕوانە: سەرچاوەی پێشو : 80)).

(9) وەرگر : متلقی ، متسلم ((بڕوانە: مەسعود محەمەد :2011 : 29)).

پێشگرەکانیش وەکو مۆرفیمێکی وشەدارێژ لەدوو شێوەدا دەردەکەون، بەشێوەی سادە وەکو (ڕا-، دا، لێ-، هەڵ-، هاو-،..) یا بەشێوەی ناسادە دەرکەون، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆر چالاك نین، بۆ نمونە:

((پێدا -> پێداچوون

تێدا -> تێداچوون

پێوە-> پێوەکردن

تێوە-> تێوەگلان

پێڕا -> پێڕاگەیشتن

تێڕا -> تێڕامان

لێڕا -> لێڕاهاتن))[1] ..هتد. هەروەها هەندێ جار هەردوو پێشگرو پاشگر بە یەکەوە لە وشە یا زاراوەیەکی داڕێژراودا هەیە، بۆ نمونە:

هەڵگەڕانەوە /**الارتداد**

هەڵگەڕاوە/ **المرتد**

هاوڕێیەتی/ **الرفاقة**

هەڵبژاردنەوە/ **اعادة الانتخاب**

لێپرساوێتی / **المسؤلية**

## 2-1-4/2 پاشگرەکانی زمانی کوردی:

پاشگر بریتییە لەو زیادەیەی دەچێتە پاش وشەیەك‌و وشەیەکی نوێ بەرهەم دەهێنێت.[2] گرنگی‌و بەپێزی پاشگر لە زمانی کوردیدا بۆ سازکردنی زاراوەی نوێ بە چاوخشاندنەوەی چەند سەرچاوەیەکی زاراوەدانان لەچەند بوارێکی زانستیدا[3]، هەوڵدراوە نمونەکان هەمان ئەو زاراوانە بن کە بە یارمەتی پاشگر لە

---

[1] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە ((ڕۆژان نوری عبدالله : 2007 : 90)).

[2] Sidney and Gerald : 2009 : 231. and Franks Katamba :2006 : 45.

[3] ئەو سەرچاوانەی نمونەکانیان لێ وەرگیراون :-

- زاراوەی کارگێڕی، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی یەکەم، بەشی یەکەم، 1973.
- زاراوە زانستیەکان، لیستەی زاراوەکانی فەلسەفەو ژیربێژی ، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی چوارەم، 1976.
- لیستەی شەشەمی زاراوەکانی کۆڕ، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی چوارەم، 1976.
- کامیل حەسەن بەسیر، زاراوەی کوردی، 1978.
- مەسعود محەمەد، زاراوەسازی پێوانە، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە 111، 1986.
- سابیر بەکر بۆکانی ، فەرهەنگی سایکۆلۆژی ، 2004.
- نوری تاڵەبانی ، فەرهەنگی قانوونی ، 2006.
- فەرشید شەریفی ، فەرهەنگی زاراوەکانی فەلسەفەو زانستە کۆمەڵایەتیەکان، 2007.

زمانی کوردیدا لەسەر هەمان ئەنالۆژیای مۆرفۆلۆجی زمانی کوردی داڕێژراون، دیارە بۆ سازکردنی وشەی نوێ سوود لەم پاشگرانە بینراوە، بەشێکیان بەپیزنو هەندێکیشیان تاڕادەیەك بەشێوەیەکی کەمتر نمونەیان لە زمانەکەدا هەیە، بەڵام مەرج نییە لە سازکردنی زاراوەشدا هەروابن، بەڵکو هەندێ جار لادانیش ڕووی داوە، واتە پاشگرەکە ڕۆڵی بینیوە لە سازکردنی زاراوەکەدا، بەڵام بە ئەرکێکی ترەوە دەرکەوتووە، بۆ نمونە پاشگری /-ەمەنی/ ڕۆڵی لەسازکردنی ئەو وشانەدا بینیوە کە لە خواردن (شلەمەنی)دا ڕۆڵی لەسازکردنی وشەدا هەیە، بەڵام لە زاراوەسازیدا ڕۆڵی لەسازکردنی وشەی تردا بینیوە کە سەر بە فیلدی خواردن نییە، بۆ نمونە (چاپەمەنی).

لەبەر زۆریو فراوانی ژمارەی پاشگرەکانی زمانی کوردی هەوڵدەدین بەشێوەی گروپ ئەو پاشگرانەی ڕۆڵیان لە سازکردنی زاراوەدا هەبووە، بخەینەڕوو:-

1. گروپی ئەو پاشگرانەی بەشداری پێکهێنانی ناوی واتایی دەکەن:

/-ی/ : سەدی، نادیاری، چالاکی، ...

/-ێتی/ : یەکێتی ، پتەوێتی[1]

/-ایەتی/ : کەمایەتی، هۆیایەتی، جۆرایەتی، دوژمنایەتی، بەندایەتی، دژایەتی، باوکایەتی..

/-ایی/ : پانایی، درێژایی، ..

/-ە/ : پێشینە، مێژینە، تاوانە، بەندە، پۆستە، پێوانە، کێشانە، سەرە، لولە، یەکە، خانە، چاکە، خراپە ..

/-ێنی/ : کوڕێنی، کچێنی ..

/-ا/ : کارا ، زانا ، دانا ..

/-ار/ : هەموار، کوشتار ..

/-انە/ : سەرانە

/-ست/، /-ش/ : زانست، توانست، کۆشش

/-ندە/ دڕندە ، کوشندە

2. هەندێ لەو مۆرفیمانەی گروپی پاشگری ئاوەڵناوی ڕێژەیی پێکدەهێنن:

/-ی/ : چڕی ، خەستی، ڕوونی ..

/-ین/ : زێڕین ، زیوین ..

---

- ئەوڕەحمان عەبدوڵڵا ، فەرهەنگی پەزیشکی، 2009.
- گەیلان ئیسماعیل حەسەن هەریری، فەرهەنگۆکی زاراوە گەلی زانستی بەرهەمی کانزایی، 2011.
- جەمال عەبدول ، ڕێبەری زاراوە ئامارییەکان، 2012.
- کەمال جەلال غەریب، پرۆژەی زاراوەی زانستیی کوردی، 2012.

[1] پتەوێتی : جساءة : stiffness (گەیلان ئیسماعیل حەسەن : 2011 : 149)

/-ەکی/، /-ەکیی/ : ((جوانەکیی، ئازایەکیی ، سوورەکیی، زەردەکیی))[1]، هەندەکی، ڕاستەکی، ئاکارەکی، ڕێکەوتەکی[2]، لوولەکی، دەرەکی ..

3. گروپی ئەو پاشگرانەی ناوی پیشە ساز دەکەن:

/-ەوان/ : زمانەوان، وێژەوان، بنەوان، فڕۆکەوان، کەشتیەوان، باخەوان، دیدەوان ..

/-گەر/ : نەشتەرگەر، پیشەگەر، کیمیاگەر ..

/-ەر/[3]: شەڕکردن > شەڕکەر، هێرشبردن > هێرشبەر، دەنگدان > دەنگدەر ..هتد.

/-ەوا/ : پێشەوا

/-یار/ : هەستیار ، پرسیار، دادیار ..

/-دار/ : مۆڵەتدار، گیاندار، گوماندار، باوەڕدار، خەزنەدار، ئێسکدار[4]، کریستاڵدار[5]..

/-ەوار/ : خوێنەوار ...

/-ساز/ : زاراوەساز ، ددانساز ...

/-مەند/ : هونەرمەند ، بەهرەمەند، بیرمەند، هۆشمەند..

/-چی/ : پۆستەچی

4. گروپی ئەو پاشگرانەی ناوی شوێن ساز دەکەن:

/-گا/ : پیشانگا ، یاریگا، ..

/-گە/ : ڕوانگە ، سوونگە، سوورگە، فرگە، فێرگە، سازگە، خوێندنگە..

/-ستان/ : دارستان، مێرووستان[6]، گوڵستان ..

/-دان/ : مناڵدان ، هێلکەدان، ..

/-زار/ : گوڵزار ، نەیزار[7]

---

(1) زاراوە زانستیەکان : 1976 : 439.

(2) ڕێکەوتەکی : تصادفي : stochastic (جەمال عەبدول : 2012 : 174).

(3) بەپێی بۆچونی (نەرمین عومەر ئەحمەد)، پاشگری/–ەر/ دەچێتە سەر ئەو وشە لێکدراوانەی، کە لە (ناو+کردن) پێکهاتوون، کاتێك دەگۆڕێت بۆ ناوی خاوەنپیشە /–ەر/ دەچێتە سەری، بەهۆی نەهاتنی دوو ڤاڵیشەوە بزوێنی کورتی /ە/ی /کە/ دەڕواتو پاشان پاشگری /–ەر/ وەردەگرێت. ((نەرمین عومەر ئەحمەد : 2010 : 37)). ئێمە لەگەڵ ئەم بۆچونەدا کۆکین، بەڵام بەتەنیا (ناو+کردن) نییە، بەڵکو بۆ ئەو کردارە لێکدراوانەش دەگونجێت کە کۆمپانێنتی کردارەکانیان ((دان ، بردن ، کردن))ن:

– (ناو+دان)، وەکو: بەڵێندان – بەڵێندەر ، دەنگدان – دەنگدەر ، ڕەنجدان – ڕەنجدەر ، بڕیاردان – بڕیاردەر ..هتد.

– (ناو+بردن)، وەکو: هێرش بردن – هێرشبەر ، (پیٚ. ناو+بردن)، لەناوبردن – لەناوبەر ، ..هتد.

– (ناو+کردن) ، وەکو: تەواوکردن – تەواوکەر ، شەڕکردن – شەڕکەر ..هتد.

(4) ئێسکدار : عظمي (کەمال جەلال : 2012 : 73).

(5) کریستاڵدار : بلوري : crystalline (گەیلان ئیسماعیل حەسەن : 2011 : 40).

(6) مێرووستان : (منملة = قرية النمل : ant hill) .. (کەمال جەلال : 2012 : 45).

(7) نەیزار : (مقصبة = حقل للقصب) (سەرچاوەی پێشو : 48).

/-ەڵان/ : بەردەڵان ، قامیشەڵان

5. گروپی پاشگرەکانی ناوی خواردن:

/-ێنە/ : (خەستێنە، بزوێنە، گڵێنە)[1]، خەملێنە

/-ەمەنی/ : چاپەمەنی[2]، ..

6. هەندێ لەمۆرفیمەکانی گروپی پاشگرەکانی ناوی بچوککردنەوە:

/-کە/ : بروسکە، بنکە ..

/-ۆکە/ : خڕۆکە، فڕۆکە ..

/-چە/ : دەرچە ، دەریاچە ..

/-چکە/ : بۆریچکە، گوێچکە

/-ۆچکە/ : کونۆچکە، سیکڵدانۆچکە

/-ۆڵە/ : دەنکۆڵە، ..

/-ۆك/ خشۆك،..

/-ەك/ : خشتەك، کرمەك ..

/-یلە/ : دەمیلە، مەمیلە ..

7. هەندێ لە پاشگرەکانی تری زمانی کوردی:

/-وو/[3] : خواروو ، سەروو ، ڕۆژوو ..

/-ەوە/ ، /-وە/[4]: نوسینەوە، خوێندنەوە، کرانەوە، گەڕانەوە، بوژانەوە، لەرینەوە، توانەوە ...

/-ەوانە/ : پێچەوانە ، دەستەوانە ...

---

[1] خەستێنە : مکثف / بزوێنە : محرك : motor / گڵێنە : الفخاريات ((کەمال جەلال غەریب : 2012 : 63)).

[2] ئەم پاشگرە دەچێتە سەر خواردن بەتایبەتی شلەمەنییەکان، بەڵام لێرەدا چووەتە سەر چاپو وشەیەکی نوێی سازکردووە.

[3] لە بنەڕەتدا /–ووك/ بووە بەهۆی ئیکۆنۆمیەوە فۆنی (ك) پەڕیوە، تەنیا فۆنی (وو) ماوەتەوە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: ((سازان زاهیر سەعید، پێزی مۆرفیمە داڕێژەکانی بچوککردنەوەو ناسکی لەسازکردنی وشەی نوێدا ، 2009، 82–83)).

[4] (ئەبوبەکر عومەر قادر) لەبارەی ئەم مۆرفیمەوە وەك ئەسپێکتێك خستویەتیەڕوو، دەڵێت: (( مۆرفیمی (–وە، –ەوە) کە کۆتایی کار دەگرێت دوو ڕۆڵ دەبینێت، مۆرفیمی وشەداڕێژو مۆرفیمی وشەگۆڕ)) ((ئەبوبەکر عومەر قادر : 2003 : 66)). ئەوەی پەیوەندی بەباسەکەوە هەیە ئەویش بەشداریکردنی ئەم مۆرفیمەیە لەداڕشتنی وشەداودەچێتە کۆتایی کارەکەو، وشەیەك یا زاراوەیەکی نوێ ساز دەکات.

## 2-4/2 سازكردنی زاراوە بەهۆی لێكدان:

ڕێگای لێكدان، یەكێكە لەو ڕێگایانەی كە ڕۆڵی سەرەكی لە دەوڵەمەندكردنی وشەی زماندا بینیوە، هەروەها لە سازكردنی زاراوەشدا ڕۆڵێكی گەورەی هەیە، یا ((لێكدان ڕێگایەكە بۆ دروستبوونی وشەو زاراوە كە لە ئەنجامی لێكدانی دوو وشە وشەیەكی نوێ دێتە كایەوە))[1]، یاخود لێكدان بریتییە لە لێكسیمێكی ئاڵۆز، كە لە دوو یا زیاتر لە لێكسیمێكی بنەڕەتی پێكهاتووە.[2]

((لەوشەی لێكدراودا، ئەو مۆرفیمانەی وشە لێكدراوەكەیان پێكهێناوە، لەڕووی دروستەوە جیاوازیان هەیە. یەكێكیان (سەری ڕێزمانی)یەو /head/ ئەوی دییان (تەواوكەر)ە /body/))[3].

واتە ((لەلێكداندا پەیوەندی دەرخەرو دەرخراوی دروست دەبێو یەكێ لە كەرتەكان هەمیشە سەرەیەو ئەویتریان دەدرێتە پاڵی))[4]، یا ((یەكێك لە كەرتەكانی دیارخەرو ئەویتریان كاكڵە))[5].

وشەی لێكدراو لەدوو كۆمپانێنت، یا زیاتر پێكهاتووەو یەكێكیان سەرەیەو پێی دەوترێت دەرخراو، ئەویتریان شوێنكەوتووەو پێی دەوترێت دەرخەر. (ئیبراهیم ئەمین باڵدار) دەڵێت: ((زمانی كوردی زمانێكی لێكدراوی یە، واتە، زمانێكی (تەركیبی یە) Compound Language كە بە لێكدانی، یا بەتێك بەستنی دوو وشەی واتادار یا زیاتر لەگەڵ یەك دا زۆرەها وشەی تری نوێ پێك دێت. لەم جۆرە زمانەدا وشەیێكی نوێ لەدوو وشەی واتادار پێك هاتبێت، ئەگەر لە پێشتردا هەردوو وشەكە، یا یەكێكیان ڕوونو ئاشكرابێت، شتێكی گران نابێت كە بەو هۆیەوە بە ئاسانی واتای وشە نوێ یەكە بزانرێت))[6].

بەم شێوەیەی لای خوارەوە:-

| ك1 (بۆی هاتووە) | | ك2(سەرەكی) |
|---|---|---|
| ڕەش - | ە- | مێ |
| سەوز - | ە- | گیا |
| بەرد | -ە- | قارەمان |
| كون | -ە- | ماسی |

لەڕووی ستراكچەرەوە وشەی لێكدراو هاوكێشەیەكە لەمێشكدا هەڵگیراوە بۆ سازكردنی وشەی نوێ ((دەرخەر + (-ە-) + دەرخراو)) یەكێكە لەو ڕێگایانەی دەتوانین وشەی پێ دروست بكەینو بە كۆنترین ڕێگای لێكدان دادەنرێت.[7]

(1) عەبدولواحید موشیر دزەیی : 2013 : 89.

(2) Martin and Andrea : 2012 :137.

(3) بێستون حەسەن ئەحمەد : 2012 : 39.

(4) بەكر عومەر عەلی : 1992 : 5.

(5) محەمەد مەعروف فەتاح : 1989 : 141.

(6) ئیبراهیم ئەمین باڵدار : 1986 : 217.

(7) فاروق عومەر سدیق : وانەكانی خوێندنی باڵا – ماجستێر (لێكسیكۆلۆجی) 2012/2/21.

((لە زمانی کوردیدا، لەئەنجامی تێکەڵبوونی هەردوو ئاستی مۆرفۆلۆژیو سینتاکس، هاوبەشی سەرەو ڕیزبوونی وشەی لێکدراوو فرێزدا هەستپێدەکرێت))[1]. بۆ نمونە:

باوککوژ (لێکدراو) / زانکۆی سلێمانی (فرێزی ئیزافە)

شیربرا /**أخ بالرضاعة** (لێکدراو) / مۆڵەتی سالآنە (فرێزی ئیزافە)

زاراوەی لێکدراو لەزمانی کوردیدا بەدی دەکرێت کە بەبێ کۆنجێکشن، یا بە یارمەتی کۆنجێکشنەکانی (-ە-، -و- ، -بە-):-

| بێ کۆنجێکشن | کۆنجێکشنی -ە- | کۆنجێکشنی -و- | کۆنجێکشنی -بە- |
|---|---|---|---|
| ئەژنۆ تەن | پێستە زەردێ | ئاووهەوا | پلەبەپلە |
| بڕیاردان | چاوە وشکێ | بەفروباران | داننان بەقەرز |
| بڕوانامە/**اوراق الاعتماد** | خوێنە زەردێ | پێچوپەنا/**المتاهة** | داننان بەتاوان |
| پێشنیاز | دەردەفیل | کەشوهەوا | دەربەدەر |
| تەواوکردن | دژە تا | گەرموگوڕ | دوابەدوا |
| جێ پەنجە/**بصمة الاصابع** | دژە کوتان | ...هتد. | ڕووبەڕوو |
| جێ پێ | دژە ئیفلیجی | | سەربەسەر |
| داوانامە / بیان الدعوى | ڕیشاڵە تەن | | کاربەدەست |
| ڕاگەیاندن | کورتەباڵا | | هەست بەفشار/**الحس** |
| ژینگەناس/ **علم التبیؤ** | لووتە وشکێ | | **بالضغط** |
| ڕێگادان | نیشتەجێ/اقامە | | وشەبەوشە |
| ژیننامە | هاوڕێکە ژمارە | | ...هتد. |
| سەرڕاست، دەستپاك | دژەتەن | | |
| فەتوادان | ...هتد. | | |
| فێڵکردن | | | |
| کۆکەڕەشە | | | |
| کۆیاد/ **الذاکرة الجمعیة** | | | |
| کۆنەست/ **اللاشعور** | | | |
| **الجمعي** | | | |
| هەڵەکردن/**ارتکاب خطیئة** | | | |
| ...هتد. | | | |

[1] بێستون حەسەن ئەحمەد : 2012 : 165.

لەناو ئەم زاراوانەدا بێ کۆنجێکشن زۆر چالاکە، بەڵام لەناو کۆنجێکشنەکانیشدا کۆنجێکشنی (-ە-) لەهەمویان چالاکترو بەهێزترە بۆ بەیەك بەستنەوەی کۆمپانێنتەکانی وشە لێکدراوەکە، لە زمانی کوردیدا هەرسێ جۆری ناویو ئاوەڵناویو کردارییان لێ دەستنیشان کراوە.

## 3-4/2 سازکردنی زاراوە بەهۆی فرێزی چەسپاوەوە:

فرێز سەرووی وشەیەو لە دوو وشە یا زیاتر پێکدێتو، لەنێوان هەردوو ئاستی مۆرفۆلۆجیو سینتاکسدایە، یاخود فرێز ((وەکو یەکەیەکی زمان بەشدارییەکی ڕاستەوخۆی پێکهێنانی ڕۆنانێکی باڵاتر لەخۆیدا دەکات، کە ڕستەیە. جا چ وەکو بەشێکی سەرەکی، یا ناسەرەکی، کە هەر لەکۆنەوە بە بکەرو بەرکارو کار ..هتد ناسراون))[1]. بەشێوەیەکی گشتی دوو جۆر فرێز لەڕستەدا بەدی دەکرێت (ف.ناویو ف.کاری)، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا فرێزە ناوییەکان بەدابڕانو لێکترازانیان لەڕستەو هێنانیان بۆ ناو لێسیکۆلۆجی پێی دەگوترێت فرێزی بەلێکسیك بوو، یا فرێزی چەسپاو، کە فرێزێکی ئیزافەیە.[2]

## 1-3-4/2 فرێزی چەسپاو بە یارمەتی مۆرفیمی (-ی) ئیزافە:- لەڕوی ستراکچەرەوە، پێکهاتووە لە:-

﴿دەرخراو + (م.خستنەسەر) + دەرخەر﴾ نمونەی ئەم جۆرە فرێزە لەوشەی زمانەکەماندا زۆرو بەربڵاوە، بۆ نمونە:-

<u>دار</u> <u>ی</u> <u>سێو</u>

دەرخراو | دەرخەر

ئەم مۆرفیمە (-ی) ئیزافەیە، لەسینتاکسدا ئەرکی بینیوە، هەمیشە دەچێتە دوا بەشی دەرخراوەکەوە، ((جگە لە ئەرکی خستنەپاڵو واتای گشتیو تایبەتی - خاوەنێتی - بەپێکهاتەکە دەدات))[3].

ئەم جۆرە فرێزە ڕۆڵێکی گەورە لە دەوڵەمەندکردنی وشەی کوردی دەبینێ، بەهەمان شێوە لە زاراوەشدا بەتایبەتی لەکاتی وەرگێڕانی چەمکەکاندا سودێکی زۆری لێبینراوە. زاراوەکانیش دەچنە ناو فەرهەنگی تایبەتی زانستە جیاکانەوە. پێش ئەوەی چەند نمونەیەکی زاراوەسازی بخرێنەڕوو، چەند نمونەیەکی وشەی زمانی کوردی هەن:- زانکۆی سلێمانی، گوڵی سوور، شەقامی مەولەوی، داری ئازادی ..هتد.

بە پێی ئەنالۆژیای ئەو فرێزانەی سەرەوە، زاراوە زانستییەکان وەرگێڕدراون، (چونکە زمان سیستەمێکی ڕێکخراوە، بەشێوەیەکی ڕێكوپێك کاردەکات)، بە چاو خشاندنەوەیەك بە ناو فەرهەنگە پسپۆڕێکانی زاراوەی زمانی کوردی چەندین نمونەی بەرچاو هەن:-

((ئاگاداری ڕەسمی: إعلان رسمي : Proclamation

---

[1] حاتەم وليا محەمەد : 2000 : 29.

[2] فاروق عومەر سدیق : 2013: 122–123.

[3] ئەبوبەکر عومەر قادر : 2003 : 45.

تابلۆی ڕاگەیاندن: لوحة الإعلانات : Notice board

زۆرینەی ڕەها: الأغلبية المطلقة : Absolute majority))[1]

((فۆبیای مەی: فوبيا الخمر : Dissomania

ڕەهەندی دەروونی: البعد النفسي : Distan, Psychic

پەشێوی خەوتن: اضطراب النوم : Dysomnia : Somnipathy))[2]

((دەنگی دەرباز: الأصوات الانفجارية

لێکدانی ئیزافی: التركيب الاضافي))[3]

((دۆسیەی کەسیی: اضبارة الشخصية : Personal file

دۆسیەی فەرمانبەر : اضبارة الموظف : Civil service record

مانگرتنی گشتی : اضراب عام : General strike))[4]

((بەشی کارگێڕی : قسم الادارة : Management Department

کارگێڕیی گشتی : الادارة العامة : Public administration

کارگێڕی ناناوەندییانە: الادارة اللامركزية : Pecentralised administration))[5]

((مافی لەوەڕاندن : ارتفاق الرعي : Jus pascend

هاوڕێی ڕەوا : ارتفاق شرعي : Legal servitude

زیادبوونی کرێ : ارتفاع الاجور : Pay rise

پەیوەندیی بازرگانیانە: الارتباط التجاري : Business connection))[6]

((بیرکردنەوەی خەیاڵی : تفکر خیالی/فارسی: التفكر الخيالي : autistic thinking

پاشەکەوتی بانکی : سپردە بانکی/فارسی : الودائع المصرفية : bank deposit))[7]

### 2-3-4/2 فرێزی چەسپاو بە یارمەتی مۆرفیمی خستنەپاڵی (-ە):

**نمونەی زاراوەی زمانی کوردی:-**

ڕاستییە ڕووداوەکان : حقائق الواقع[8]

((کرۆکە گچکە : minimal core/nucleus

کرۆکە ڕستە : core/nuclear sentence

---

(1) نوری تاڵەبانی : 2006 : 65.

(2) سابیر بەکر بۆکانی : 2004 : 21.

(3) لیستەی چوارەمی زاراوەکانی کۆڕ (زاراوەی زمان) : 1975 : 508.

(4) نوری تاڵەبانی : 2006 : 58.

(5) سەرچاوەی پێشوو: 39.

(6) سەرچاوەی پێشوو: 43.

(7) فەرشید شەریفی : 2007: 47، 51.

(8) لیستەی زاراوەکانی فەلسەفەو ژیریێژی : 1976 : 445-447.

کرۆکە واتا : denotative meaning))[1]

((زێدەکرێ : اجرة اضافية : Additional premium

زێدەباج : ضريبة اضافية : Surtax))[2]

### 4-4/2 کاڵکە ((Calque))، وەرگرتنی چەمكو دروستکردنی فۆرمێکی خۆماڵی بۆ ئەوەی ببێتـە دەربڕی چەمکە نوێیەکە:

وەرگێڕانی زاراوە بیانییەکان، دەبنە هۆی دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمـانی کـوردیو پێگەیانـدنی بـۆ زمانێکی پاراوو باڵا.. یەکێك لەو گرفتانەی توشی وەرگێڕ دەبێت، ئەویش وەرگێڕانی زاراوەیە بۆ سەر زمـانی کوردی، ((ئەگەر لە سامانی وشەکانی زمانەکەمان، کە لە باووباپیرمانەوە بۆمان ماوەتەوەو لەقۆناغی زمانی لەدایکبوونی کوردیدا پەیـدا بـووە، بکۆڵینـەوە، دەبیـنین کـە هـەر کۆمـەڵێك لـەو وشـانە لەبـەر ڕۆشـنایی دەستوورێکی ڕێزمانیو بەهۆی ڕێبازێکی تایبەتییەوە دانراون))[3] لـەناو ئـەو ڕێبازانەشـدا ڕێبـازی کاڵکـە. ((لەزاراوە دانان دا گەلێك جار، ناچار دەبین واتای زاراوەیێکی بێگانە، نەك بێژەکەی، بەکوردی دەربڕین، واتە، زاراوە بێگانەکە وەربگێڕین بۆ کوردی، بەجۆرێك کە هەمان واتاو مەبەست بگەیەنێت))[4].

ئەنجومەنی کۆڕی زانیاری لەگۆڤاری کۆڕی زانیاریدا باسی دۆخی زاراوە لە ناوەڕاستی حەفتاکاندا دەکـەنو دەڵێن: ((لەئەنجامی پێشکەوتندا پێویستمان بەگەلێ زاراوەی کوردی بوو، کاتێك کتێبـەکانی فێرگـەکان کـرا بەکوردی پێویستی وەرگێڕانی ئەو زاراوانە هاتە کایەوە، بەم جۆرە کاتێك خوێندن بوو بەکوردی گەلێك زاراوەی زانستی دۆزرانەوەو زیندوو کرانەوەو گەلێکی نوێ داڕێژرانو داتاشـران ... جگـە لـەوە ئـەم کـارە لەسـنوری قوتابخانە تێپەڕیو فراوانتر بوو و ژمارەیەك مامۆستای دڵسۆزو هەندێ دەزگای کوردیو لیژنەی تایبەتی خۆیان بەدانانی فەرهەنگی زاراوەوە خەریك کرد))[5].

هەروەها ((بۆ وەرگێڕانی زاراوەش وا چاکە شارەزای بابەتی زانسـتیو زمـانزانو پـەروەردەکارو پسـپۆڕی ڕێزمانو نووسەرانی بەتوانا هاوکاری بکەن))[6]. بەڵام هەندێ جاریش بەهۆی کەم شارەزایی وەرگێـڕەوە چـەند گرفتێکی تر سەرهەڵدەدات ئەویش بەپێی بنەماکانی زمانی دووەمەوە فرێزەکـان وەردەگێـڕدرێن، ((هەنـدێك وەرگێڕان کە لە زمانی عەرەبییەوە، یاخود لەزمانێکی دیکەوە بۆ سەر زمانی کوردی دەکرێت، تێبینی ئەوەی

---

(1) کۆمەڵێك نوسەر، و.محەمەدی مەحوی : 2009 : 440.

(2) نوری تاڵەبانی : 2006 : 58.

(3) کەمال جەلال غەریب : 2012 : 66.

(4) ئیبراهیم ئەمین باڵدار : 1986 : 220.

(5) لیستەی چوارەمی زاراوەکانی کۆڕ : 1975 : 500.

(6) عبدالرزاق بیمار : 1986 : 298.

تێدا کراوە کە دەبێ ئەم وەرگێڕانە، قاڵبێکی کوردانەی بەبەردا بکرێت))[1]. واتە ڕەچاوی زمانی یەکەم بکرێت.[2] بۆ نمونە:- لەسەر بنەمای ((زانستی زمان، دەروونناسی))

((زانستی دەنگ، دەنگناسیی: **علم الأصوات**: Phonetics))[3]

(زانستی دەنگ) کاڵکەی (**علم الصوت**)ە، نەك (**علم الأصوات**)، لەسەر بنەمای زمانی دووەم وەرگێڕدراوە، جگە لەمەش چەندین زاراوەی گرنگ بۆ سەر زمانی کوردی وەرگێڕدراون کە زۆر بەکاردەهێنرێنو جێی خۆیان گرتووەو فەرهەنگی زمانەکەیان دەوڵەمەندکردووە:-

((فەرمانگەی زانیاری: **دائره الاستخبارات**

بانگکردنی شایەتەکان : **استدعاء الشهود**

نەوت دەرهێنان : **استخراج النفط**))[4]

((ئاست : level

ئیشارە : signal))[5]

فرە سەرچاوەیی لە وەرگێڕاندا کاریگەری باشی کردۆتە سەر وەرگێڕانی زاراوەو ڕۆڵی هەبووە لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی تایبەتی زاراوەکاندا، بەتایبەتی لەو زمانانەی سەرچاوەی زانستن بۆ لێڵیو تاریکیی ڕۆشنکەرەوەن، زمانە پێشکەوتووەکانیش وەکو ((ئینگلیزی ، فەرەنسی ، ڕوسی ، ئیتاڵی، عەرەبی، فارسیو چەندین زمانی پێشکەوتووی تر)).

لەقۆناغە جیاجیاکانی زمانی کوردیدا زمانی عەرەبی کاریگەری لەسەر نوسەرانی بواری زاراوەی کوردیدا هەبووە، بۆ نمونە: مامۆستا (سەعید سدقی کابان) لە کتێبی (مختصر صرف نحوی کوردی)، کە لەساڵی 1928 چاپکراوە، لەبەرئەوەی عەرەبی زمانی فەرمی ئەو سەردەمە بووە، هەندێ زاراوەی ئەو سەردەمەی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردیو هەندێ جاریش وەکو خۆی لەو زمانەوە زاراوەکەی وەرگرتووە. زاراوەکانیش ((اسم مصغر - بچوك کراو ، اسم عدد - ناوی ژمارە، ..هتد)).

مامۆستا (نوری عەلی ئەمین) لە چەند بەرهەمێکدا ((قەواعدی زمانی کوردی لە (صرفو نەحو)دا لەدوو بەرگدا کە لە ساڵەکانی 1956 ، 1958[6] چاپکراون، دواتر لە ساڵی 1960هەر بەو ناونیشانە بەڵام ئەمجارەیان وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی بەناوی ((ڕێزمانی کوردی)) لەم قۆناغەی زمانی کوردیدا، بە بەراورد بەکارە بەپێزەکەی مامۆستا ((سەعید سدقی کابان)) گۆڕانکارییەکی گەورە لە بەکوردی کردنی

---

[1] ڕۆژان نوری عبدالله : 2007 : 278.

[2] مەبەست لەزمانی یەکەم (کوردی)یە، زمانی دووەم بیانییە (عەرەبی، ئینگلیزی، ...).

[3] لیستەی چوارەم – زاراوی زمان : 1975 : 507.

[4] نوری تاڵەبانی : 2006 : 49.

[5] کۆمەڵێك نوسەر، و.محەمەدی مەحوی : 2009 : 433.

[6] جگە لەو بەرهەمەش هەر لەساڵی 1958 بەرهەمێکی تری بەناونیشانی (گرتنی کەلێنێکی تر لەڕێزمانی کوردی) چاپکردووە.

زاراوەکاندا بەدیدەکرێت. هەموو بەشەکانی ئاخاوتن لەم قۆناغە وەرگێڕاونەتە سەر زمانی کوردی؛ ((ناوو جۆرەکانی - اسم وأقسامه ، تاك - مفرد ، ئاوێتە - مرکب، چاوگ - مصدر، سەرگیر - مبتدأ ، دواگیر - خبر، ئاخاوتن - الکلام ، فرمان - فعل ، پیت - حرف ، رستی تێك ئالآو - جملە معقدە ، دراوەپاڵ - مسند الیه ، درانەپاڵ - مسند ، پاشگر - suffixe ، پێشگر - prefexe ، ووشە - word ، ...هتد)).

لێهاتوویی‌و شارەزایی مامۆستا لەو سەردەمەدا لە هەردوو زمانی عەرەبی‌و ئینگلیزیدا دەردەخات. دواتر بەهۆی کرانەوەی زیاتری کرمەڵگای کوردی بەڕووی وڵاتانی دەرەوەو ڕۆیشتنی خوێندکاران بۆ ڕوسیاو بەریتانیاو وڵاتانی تری پێشکەوتوو، کاریگەری زۆری لەسەر پێشکەوتن‌و گەشەسەندنی زاراوەی کوردی هەبوو.

## 5-4/2 گەورەکردنی کەرەستەی خۆماڵی لەڕێی فراوانکردنی واتاکانیانەوە:

ئەم ڕێگەیە بەسادەترین‌و گرنگترین بەشی زاراوەسازی دادەنرێت، چونکە لە ڕێی بەکارهێنانی ئەو کەرەستە ئامادەکراوانەی زمانەکەوە هەوڵدراوە زاراوەسازی بە نەتەوەیی بکرێت، ((کە لەئەنجامی گواستنەوەی وشەیەك - بەهەمان فۆرم- لەواتایەکەوە بۆ مەبەستو واتایەکی تر دێتە ئاراوە))[1]. واتە گەڕان بەدوای واتای ئەو چەمکانەی کە لەناو فۆرمی وشەی کوردیدا بەردەستەو لەڕووی شێوەو پێکهاتنەوە لەبارن.

بە گەورەکردنی ئەو وشانەو بەکارهێنانیان لە چوارچێوەی زانستێکداو پێدانی ڕۆڵێکی واتایی گەورەتر لە چوارچێوەی زاراوەسازی زانستەکەدا، ئەمە زیاتر لە لایەن پسپۆڕانەوە بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییانەی بواری زاراوەی زمانی کوردی دەگیرێنەبەر، کە زیاتر پشت بە وشەکانی فەرهەنگی بنەڕەتی دەبەستن.

بەم پێیە (( زاراوە وشەیەکی تایبەتەو گروپێك لە پسپۆڕو شارەزا لەبوارێکی دیاریکراودا سازی دەکەن. بۆ کارو مەبەستێکی تایبەت لەو بوارەدا بەکاری دێنن. واتە گواستنەوەی وشەیەکە لەواتا زمانییەکەیەوە بۆ واتایەکی نوێی تایبەت))[2]. بۆ نمونە:-

((ژوور : Chamber

ژوورۆچکە : Chamberlete

گۆڕان : Change

کاتپێو : Chronometer

لارپێو : Clinometer))[3] ﴿زاراوەی بواری زەویناسی﴾

((مشتومڕ : المساجلة : Agon))[4] ﴿زاراوەی بواری شانۆیی﴾

((تاکەکەس : individual

---

[1] تالیب حوسێن عەلی : 2011 : 164.

[2] سەرچاوەی پێشوو : 168.

[3] ئیبراهیم محەمەد جەزاو هیتر..: 2009 : 16.

[4] کاردۆ : 2006 : 13.

تاکایەتی : individuality

تاکبێژی : monologue

تاکبێژیی شانۆیی : dramatic monologue))[1] ﴿زاراوەی بواری ئەدەبی﴾

(( راوێژ : استشارة : Consultation

سوێندان : استحلاف اليمين : To swear in))[2] ﴿زاراوەی بواری یاسایی﴾

((قسەکەر : المتكلم : Speaker

گوێگر : السامع : Hearer

زمان : اللغة : Language)) ﴿زاراوەی بواری زمانەوانی﴾

((گەندەڵ[3] : الفاسد

گەندەڵیی ئیداری : الفساد الاداري)) ﴿زاراوەی سیاسی﴾

دکتۆر کامیل بەسیر، لەم بارەیەوە دەڵێت: ((زۆربەی زمانەوانەکان لەو باوەڕەدان کە وشە بوو بە زاراوە، تەنیا واتا زاراوەییەکەی مەبەستەو پێویستە واتا پێشووەکەی لەیاد بکرێت))[4]. واتە لەناو چوارچێوەی زانستەکەدا واتای زاراوەکە لێکدەدرێتەوە.

## 6-4/2 وەرگرتنی زاراوە بەهەردوو (چەمكو فۆرم)ەوە:

زاراوە پەیوەستە بەزانستو زانستیش نەوەی فەلسەفەی گریكو ڕۆمانەکانە، دواتریش زمانە جیهانییەکانی ئەوروپا باڵیان بەسەر لە دایکبوونی چەمکە نوێیەکاندا گرتووە.

بەو پێیەی زانستی زاراوە خاوەنی ئاسۆیەکی جیهانییە، چۆن زانستی زمان پێویستی بە بناغەو تیۆری گشتی هەیە، بۆ دیاریکردنی زاراوەش پێویستی بەو بناغانە هەیەو بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی سەرپێی چەمکەکان دیاری نەکرێن. وڵاتانی پێشکەوتوو لەڕووی زاراوەدانانەوە هاوکاری یەکتر دەکەن، هەوڵدەدەن زاراوەکانیان لەیەکتری نزیك بخەنەوە، مەبەست لەو وڵاتە پێشکەوتووانەیە، کە تیایاندا زاراوە لە ئاستێکی بەرزدایە، وەکو وڵاتانی (ئەڵمانیا، فەڕەنسا، ڕوسیا، بەریتانیا، ئەمریکا، کەنەدا ..هتد)، بۆ دانانی زاراوە لە بوارەکانی زانستی (تەکنەلۆجیا، پزیشکی، ...هتد) هاوکاری یەکتری دەکەن، بۆ ئەوەی بتوانن بەم زانستانە ئامانجەکانیان بپێکنو نزیکییەك لە زاراوەکانیاندا دروست بکەن، کە مەرج نییە لە وشەی ئاسایی زمانەکە هاوکاریو لێکنزیکبوونەوە لە نێوانیاندا هەبێت، ئەکادیمیای زانستی ئەو وڵاتانە هەماهەنگیو هاوکاری لە نێوانیاندا هەیە بۆ دروستکردنو پێکهێنانی زاراوەی نوێ، لە زاراوەکانی ئێستادا زاراوەی ئینگلیزی زاڵە.

---

[1] بەختیار سەجادیو محەمەد مەحمودی : 2004 : 123.

[2] نوری تاڵەبانی : 2006 : 49–50.

[3] مامۆستا ((مەسعوود محەمەد)) لەکتێبی زاراوەسازی پێوانە، لاپەڕە 123. دەڵێت: (("گەندەڵ" ڕووەکێکە لەژوورەوەی یاخود لەڕەگەکانی عەیبی هێنابێ. تۆ بڵێی "کەندەڵی" بۆ (مرض باطني) دەست نەدات)). ئەو وشەیە واتاکەی گەورەتر کراو لەئێستادا بووە بە زاراوەیەکی سیاسی.

[4] کامیل بەسیر : 1986 : 213.

به هەمانشێوە، وڵاتێکی وەکو فەڕەنسا دەزگای تایبەتی خۆی هەیە، بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو تەوژمە فیکرییەی وڵاتانی تری پێشکەوتوو، بۆ ئەوەی وشەی ڕەسەنو زاراوەی تایبەتی خۆیان لەناو نەچێت، کە ئەمەش پەیوەندی بەمەسەلەی نەتەوایەتییەوە هەیە(1).

لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە سەرچاوەی وەرگرتنی زاراوە فرەزمان بێت، نەك زمانێکی دیاریکراو، لەبەرئەوەی زمانەکە گەشەی زیاتر بەخۆوە دەبینێت. وا باشترە زاراوەکان لە سەرچاوەی دروستبوونیانەوە وەربگیرێنو بەپێی یاساکانی زمانەکەش بنوسرێنو گۆبکرێن.

ئەو زاراوە جیهانییانەی ئەمڕۆ لە زانستەکاندا بەکاردەهێنرێن. (زاراوەکانیش - لەزمانەوانیدا بەتایبەتی) بریتین لە:- ((فۆنیم، فۆنۆلۆژی، مۆرفیم، مۆرفۆلۆجی، لێکسیك، لێکسیکۆلۆجی، فرێز، فرێزەلۆجی، ئیدیۆم، ئیدیۆماتیك، سینتاکس، ..هتد)). هەروەها ((ئەو زاراوانەی کە لە گەڵ بابەتو شتەکە دێنە زمانەکەو بەئاسانی جێگەی خۆیان دەکەنەوە، وەك ئەو وشەو زاراوانەی کە لە بوارە جۆراوجۆرەکانی زانستو مۆسیقاو زۆر بواری دیکەوە لە سەرانسەری جیهانو لە هەموو زمانەکان وەرگیراونو قبوڵ کراون وەك:- دکتۆر و سەمفۆنیو ئیمەیلو..هتد.))(2).

(ئیبراهیم ئەمین باڵدار)، دەڵێت: ((کە زاراوەییێکی بێگانە خۆماڵی دەکەین، پێویستە بچینەوە سەر سەرچاوە بەکارهاتووەکەی ئێستایو، خۆماڵی بکەین. واتە، پێویستە یەکسەر لەزمانەکەی خۆیەوە خۆماڵی بکەین، نەك لەڕێی زمانێکی ترەوە))(3).

نمونەشی بۆ ئەمە هێناوەتەوە:-

| بێگانە | عەرەبی | کوردی |
|---|---|---|
| Philosophy | فلسفة | فەلسەفە |
| Physic | فیزیاء | فیزیا |
| Geography | جغرافیا | جوگرافیا |
| China | صین | چین .... هتد. |

(1) فاروق عومەر سدیق : وانەکانی خوێندنی باڵا – تێرمینۆلۆژی : 2012/12/4.
(2) ڕۆژان نوری عبدالله : 2007 : 272.
(3) ئیبراهیم ئەمین باڵدار : 1986: 224.

به پێی بۆچوونی (فێلبەر) وەرگرتن (قەرزکردن Borrowing) لەزاراوەکاندا، بە دوو شێوەیە[1]:

## 1-6-4/2 وەرگرتنی وشە لە خودی زمانەکەوە:

واتە وەرگرتنی هەمان ئەو وشانەی کە لە خودی زمانەکەدا هەن، بۆ ئەوەی بتوانرێت لەگەڵ چەمکی زاراوەکەدا بگونجێن. بەمەش دەگوترێت گواستنەوەی وشە. بۆ نمونە، وشەی ناوەڕۆك کە لە بەرانبەر (**المضمون**)ی عەرەبی وەك زاراوەیەك بۆ خستنەڕوی بابەتە سەرەکێکانی ناوەوەی کتێب، یا توێژینەوەیەك بەکاردێت، ئەمە بەگەوەرکردنی کەرەستەی خۆماڵی دادەنرێت، کە پێشتر خراوەتەڕوو.

## 2-6-4/2 وەرگرتن، یا قەرزکردن لە زمانێکی بیانییەوە:

فۆرمە جیهانییەکان هەمان چەمکیان لە زمانە جیاوازەکانی تردا هەیە.[2] وەرگرتن بە یەکێك لە ڕێگاکانی سازکردنی وشە لەزمانی کوردیدا دادەنرێت، دەیان وشەی بێگانە لە زمانەکەماندا بەرچاو دەکەوێت، بە تایبەتی ئەو وشانەی کە لە زمانی دراوسێو هاوپەیوەندییە جۆر بەجۆرەکانەوە وەرگیراون.[3] دوو ڕێباز لە زاراوەدا پەیڕەو دەکرێت:-

1) گواستنەوەی ڕاستەوخۆی زاراوە وەکو خۆی.

بۆ نمونە (ئەدەب) زاراوەیەکە لەزمانی عەرەبییەوە وەرگیراوە، بەڵام لەڕووی پێکهاتنییەوە گونجاوو لەبارە، بۆیە ئەم زاراوەیە پەسەندکراوە، هەرچەندە (وێژە) لە بەرانبەریدا وەك فۆرمێکی کوردی لە جیاتی بەکارهاتووە، بەڵام نەیتوانیوە بەتەواوی شوێنی زاراوە عەرەبییەکە بگرێتەوە.

2) وەرگێرانی حەرفی (وشە بەوشە): واتە گواستنەوەی چەمكو گۆڕینی فۆرمەکەی بۆ سەر زمانەکە.[4]

بۆ نمونە (کتێبخانەی گشتی) لە (**المكتبة العامة**)وە، یا (ناوگر) لە (Infix)ی ئینگلیزیەوە.. هتد.

## 7-4/2 سازکردنی زاراوە بەهۆی داتاشینەوە:

داتاشین بە هۆی لکاندنی دوو کۆمپانێنتەوە دروست دەبێتو دواتر بەر بچووککردنەوە یاخود کورتکردنەوە دەکەوێت، ئەم ڕێگایەش لەناو زاراوە زانستییە جیهانییەکاندا زۆر باوەو گرنگیو بایەخی تایبەتی خۆی هەیە، وشە داتاشین بەرانبەر بە زاراوەی (النحت)ی عەرەبی سازکراوە.[5]

مامۆستا (جەمال عەبدول)، لەبارەی داتاشینەوە دەڵێت: ((ڕێبازێکە، بۆ سازکردنی زاراوەی نوێباو لەدوو وشەی سادە، پاش قرتاندنو فرێدانی دەنگێك یا زۆرتر، لە یەکێك لەو دوو وشە سادەیە، یا لە هەردوکیان،

---

(1) Helmut Felber : 1984 : 175.

(2) سەرچاوەی پێشو: 176.

(3) کامیل حەسەن بەسیر : 2013 : 27.

(4) Helmut Felber : 1984 : 176.

(5) کامیل حەسەن بەسیر : 2013 : 38.

ئینجا، دانەوە دەمیەکیانو پێکهێنانەوەی زاراوەیەکی نوێ))[1]. لەناو وشەکانی زمانی کوردیدا نمونەی ئەم جۆرەمان زۆر لەبەر دەستە، کە بە هۆی سووانو لەناوچونی چەند دەنگێکەوە وشەکان دروستبوون.

(ئیبراهیم ئەمین بالّدار) دەڵێت: ((هەندێك جار ئێمە بۆ سازکردنی زاراوەییێك ناچار دەبین کە عیبارەتێکی لێکدراو بە کورت کردنەوەو لێ قرتاندنی هەندێك لە بەشەکانی تێك بخەین، بە جۆرێك کە زاراوە نوێ یەکە واتای وشە بنەڕەتی یە تێکخراوەکان ببەخشتێتو، بێژەکەی لەسەر زمان، نەرمو سووكو ئاسان بێت))[2] ، بۆ نمونە: ماستاو، دەستاڕ، کانێسکان، کانیاو، شەکراو..هتد.

هەروەها لەبواری زاراوەسازیشدا نمونە لەبەر دەستە، وەکو:

((ڕێزمان، کۆ-زمانەوانی، گاسن، شمەك، کۆئەندام، کارۆموگناتیسی، کارۆئاوی، کوناودەر[3]، چوارجا، دووجا، سێ جا، جووتەنی ..هتد)).

---

[1] جەمال عەبدول : 2001 :18-19.

[2] ئیبراهیم ئەمین بالّدار : 1986: 219.

[3] کوناودەر : ثقب نافذ : pigeon (گەیلان ئیسماعیل حەسەن : 2011 : 116).

## 1/3 پۆلێنکردنی زمانەکان:

زمان گرنگترین ئامێری پەیوەندیکردنی مرۆڤە، بەهۆیەوە پەیوەندی نێوان تاکەکانی کۆمەڵ دروست دەبێت. جگەلەمەش زمان ئەو پانتاییە فراوانەیە، کە هەستی نەتەوەییو خاکویستن لای سەرجەم تاکەکان دەڕوێنێت، بەشێوەیەك، هەر یەکێکیان لەوی تر زیاتر خۆی بەخاوەنی زمانەکە دەزانێت، خاوەندارێتی زمانیش بۆ هەموو ئەوانەی لەژیانی ڕۆژانەیاندا بەکاری دەهێنن دەگەڕێتەوە.

لەڕاستیدا هەر زمانێك لە زمانەکانی جیهان لەخۆوە دروست نەبووە هەریەکەیان خاوەنی ڕەگێکی مێژوویی قوڵە، لەگەڵ چەند زمانێکی تردا خزمایەتی لە نێوانیاندا هەیەو بەپێی بۆچوونی زۆرێك لە زمانەوانان ئەو زمانانە پێشتر چەند دیالێکتێکی زمانێکی دێرینتر بوون، دوای دابڕانو جیابوونەوەیان بوون بە زمانێکی سەربەخۆ.[1] بەپێی جوگرافیا بەسەر ڕووی زەویدا دابەش بوونو دواتر بەهۆی کۆچکردنو جەنگو داگیرکارییەوە بڵاوبوونەوە، زمانەکانی دراوسێ بەشێوەیەکی سروشتی کاریگەریان بەسەر یەکترییەوە هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا جیاوازی لەنێوان زمانەکانی جیهاندا نییە، بەو پێیەی، هەر یەك لە زمانەکانی جیهان لەناو ئاستە تێکچڕژاوەکاندا، دەشێ لە یەکێك لە ئاستەکانی زماندا چالاك بێت بەڵام لە ئاستێکی تردا چالاك نەبێت[2]، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت هەموو زمانەکان لەڕاپەڕاندندا یەکسانن، هیچیان لەوی تر زیاتر نییە.

**زمانەوانەکان زمانەکانی جیهانیان بەپێی چەند بنەمایەك دابەشکردوە:-**

### 1-1/3 بەپێی ڕیزبوونی کەرەستەکانی ڕستە، بۆ نمونە:

زمانی کوردی: (بکەر + بەرکار + کردار): - ڕۆژگار سێوێکی خوارد.

زمانی ئینگلیزی: (بکەر + کردار + بەرکار): - Rozhgar eat an apple.

زمانی عەرەبی: (کردار + بکەر + بەرکار) : - **أکل روزکار تفاحةً.**

### 2-1/3 بەپێی چالاکی بەشە ئاخاوتنەکان، بۆ نمونە:

أ. زمانی ئاوەڵناوی، کە تیایاندا هەر حەوت ناوچە واتاییەکەی ئاوەڵناو دایدەپۆشێت.[3] حەوت ناوچە واتاییەکەش بریتین لە: بارستایی، ڕەنگ، تایبەتی فیزیکی شت، تایبەتی کەسی، خێرایی، تەمەن، بەها. زمانی (ئینگلیزی) نمونەی هەر حەوت ناوچە واتاییەکەی لەبەردەستە[4]، بەڵام زمانی (بێمبا)[5] کەمترین ناوچەی واتایی ئاوەڵناو دایدەپۆشێت، کە تەنیا (تایبەتی فیزیکی)یە.

---

(1) جگە لەو زمانە دەستکردانەی کە لەلایەن چەند زانایەکەوە داهێنران، هەرچەندە ئەو زمانانە تاسەر نەبوون، بەڵام زمانەکانی ئیسپرانتۆو ڤۆلاپۆك تاڕادەیەك هەندێ سەرکەوتنیان بەدەست هێنا، بەتایبەتی ئیسپرانتۆ کە لەلایەن پزیشکێکی لەهیستانی بەناوی (لازار مارکۆڤیچ زامنهۆڤ) کە لەساڵی 1889 یەکەمین بڵاوکراوە بەم زمانە چاپکرا، و یەکەمین کۆنگرەی ئەم زمانە لەساڵی 1905 بەڕێوەبرا.

(2) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (محمد معروف فتاح : 2011 : 59 ) ، (کەوسەر عەزیز ئەحمەد : 1990 : 12) ، (بازیان یونس محی الدین : 2009 : 97).

(3) محمد معروف فتاح: 1990 : 89.

(4) R.M.Dixon: 1982 : 16.

(5) بێمبا دەکەوێتە باکوری ڕۆژهەڵاتی وڵاتی زامبیا، زمانێکی هاوبەشە کە نزیکەی 18 کۆمەڵە لەخۆدەگرێت.

ب. زمانی کرداری، ((کە تیایاندا هیچ لەو ناوچە واتاییانە بەهۆی ئاوەڵناوەوە دەرنابڕێن‌و ئەو وشانەی کە دژیان هەیە، گەرمەکەیان ئاوەڵناو یا ناوەو تاکە ساردەکەشیان کارە))[1] واتە بەشە ئاخاوتنی کردار تیایاندا چالاکە. هەردوو زمانی (یۆرك)[2]و (ساموا)[3] باشترین نمونەی ئەم جۆرەن بۆ پڕکردنەوەی ناوچە واتاییەکانی ئاوەڵناو پەنا دەبەنە بەر بەشە ئاخاوتنی کردار.[4]

پ. زمانی ناوەند، ((کە ئاوەڵناو بۆ هەندێ لەناوچە واتاییەکان بەکاردێنی‌و لە دژواتاییشدا، هەندێکیان هەردوو تاکەیان، ساردو گەرمەکە، ئاوەڵناون، بەشێکی تریان (بەتایبەتی ئەوانەی کردە پیشان دەدەن) تاکێکیان ئاوەڵناوەو ئەویتریان کار))[5].

زمانی کوردی نە کردارییە بە تەواوی نە ئاوەڵناوی، بەڵکو لەنێوانیاندایە، چونکە ((ئاوەڵناوی کوردی تەنیا لەگەڵ سیانیاندا ئاشنایەتی هەیە بەواتایەکی تر ئاوەڵناوی کوردی زۆربەی ناوچەی ئاوەڵناوییەکانی بۆ بەشەکانی تر چۆڵ کردووە))[6]. ئەو ئاوەڵناوانەی لە زمانی کوردیدا ئاشنایەتیان هەیە، بریتین لە: (بارستایی، ڕەنگ، ڕواڵەت)، هەر لەبەر ئەمەشە زمانی کوردی بۆ پڕکردنەوەی ئەم بۆشاییە پەنای بۆ بەشە ئاخاوتنەکانی تر بردووە، کە وەك ئاوەڵناوئاسا کاردەکەن.

## 3-1/3 بەپێی تایبەتمەندی مۆرفۆلۆجی زمانەکان[7]:

لەلایەن (شلیگل schlege)ەوە، خراوەتەڕو. سەرەتا زمانەکانی بەسەر سێ گروپدا دابەشکردبوو، دواتر گەشە بەتیۆرەکەی دراو پێنج گروپیان لێ دیاریکرد[8]:-

أ- زمانە شیکراوەکان: لەم گروپە زمانانەدا (مۆرفیم = وشە)، گیرەك لەم جۆرە زمانانەدا بە وشەوە نالکێت، بۆ نمونە زمانی چینی‌و یابانی.

ب-زمانە لکاوەکان: (مۆرف = مۆرفیم)، مۆرفیمەکان پێکهاتەی دەنگی خۆیان دەپارێزن‌و دەنگیان لێناقرتێ‌و زیاد ناکەن، بۆ نمونە زمانی تورکی.

پ-زمانە لێکدراوەکان: (مۆرف $\neq$ مۆرفیم)، بۆ نمونە زمانی یۆنانی‌و سانسکریتی کۆن.

ج- زمانە تێئاخنراوەکان: دە تان ناس م ەوە = دەتانناسمەوە. زمانی کوردی نمونەی لەم جۆرەی لەبەردەستە.

ح-زمانە ناوگرییەکان: ناوگر (infix) چالاکە لەم گروپە، بۆ نمونە وشەکانیان لەسەر ئەنالۆژیای (فعل، فاعل، فعال، فعیل ..) دادەڕێژن، بۆ نمونە زمانی عەرەبی.

---

[1] محمد معروف فتاح: 1990 : 89.

[2] یۆرك زمانی تیرەیەکە لە باکوری کالیفۆرنیا دەژین، کە ئێستا بەرەو کەمبوونەوەو لەناوچوون دەڕۆن.

[3] لە دورگەی (ساموا) دەژین، دەکەونە سەر بە ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکان.

[4] R.M.Dixon: 1982 : 44-45.

[5] محمد معروف فتاح: 1990: 89.

[6] سەرچاوەی پێشوو : 87.

[7] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (ئەبوبەکر عومەر قادر: 2003: 5-6).

[8] ئەبوبەکر عومەر قادر: 2003: 5.

زمانی کوردی هەندێ تایبەتمەندی زمانە لکاوەکان لەخۆدەگرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا مۆرفیم لە زمانی کوردیدا توشی کرتانو زیادکردنی دەنگو گۆڕانی دەنگی بەسەردا دێت، بەڵام نمونەی مۆرفۆسینتاکسی زۆرە، بۆیە تا ڕادەیەك نزیكترە لە گروپی زمانە تێئاخنراوەکان.[1]

## 4-1/3 خێزانە زمانییەکان (تیۆری درەختی خێزانیو شەپۆلی ئاوی).

### 1-4-1/3 تیۆری درەختی خێزانی:

ئەم تیۆرە بەرئەنجامی لێکۆڵینەوەی بەراوردکردن هاتە کایەوە، پاش بڵاوبونەوەی وتارەکەی (سێر ولیەم جۆنس)[2] لەساڵی 1786، کە دەڵێت: ((گریمان لاتینیو گریکی لەیەك دەکەن، چونکە لەڕووی جوگرافییەوە گەلێ لەمێژە دراوسێنو کاریان لەیەك کردووە. ئەی زمانی سانسکریتی، کە هەزاران میل لێیانەوە دوورە ئەم لەیەکچونەی چۆن پەیا کرد؟ بەهیچ جۆر ناشێ ئەم دیاردەیە بخرێتە پاڵ ڕێکەوت.، هەبێو نەبێ ئەم سێ زمانە لە یەك سەرچاوەوە هەڵقولاَون ...))[3].

ئەم بۆچوونە نوێیە دەرگایەکی فراوانی لەسەر ئاسۆی زمانەوانیدا کردەوە، وای لە زمانەوانانی جیهان کرد لەسەر ئەم بنەمایە لە زمان بکۆڵنەوە، دواتر کەوتنە شیکردنەوەو بەراوردکردنی زمانان بەو ئاواتەی پەیوەندیو جۆری خزمایەتی نێوان زمانەکانی جیهان بدۆزنەوە.. سەدەها زمان کە هیچ شتێ دەربارەی نەژادو پەیوەندییان نەدەزانرا، لەئەنجامی ئەم جۆرە لێکۆڵینەوانە، شوێنیان لەناو زمانەکانی جیهاندا بەتەواوی دەستنیشان کران.[4] بەپێی بۆچونی (محمد معروف فتاح) سەرهەڵدانی ئەم تیۆرە بۆ (ئۆگست شلایخەر)[5] لەساڵی 1866 دەگەڕێتەوە.

((یەکێك لە بنەماکانی نمونەی درەختی خێزانەکان خستنەڕووی پەیوەندیی نێوان خێزانە زمانییەکان،و چۆنیەتیو کاتی لێکدابڕانیان بوو، دەکرێ هەر هەمان نموونە وەرگرین بۆ دەستنیشانی هێڵی نێوان زارەکان، یا هێڵی دابەشبوونی زارو زمانەکان))[6]. واتە ئەم تیۆرە بۆ یەکەم جار لە لێکۆڵینەوە مێژوییەکانی زماندا پەیوەندیی نێوان زمانەکانو هۆکاری لێك جیابوونەوەیانی خستەڕوو، پاشان وەك مۆدێلێك بۆ دابەشبونی زمان بۆ چەند دیالێکتێك کەڵکی لێوەرگیرا.[7] کەوا ((زیاتر وابەستەی ئەدەبیاتی ڕێبازی بەراوردکاریو دواتر بە بۆچوونی ڕێزماننوسە گەنجەکان گرێدرا کە سەبارەت بەگۆڕانی دەنگە زمانییەکان

---

[1] ئەبوبەکر عومەر قادر: 2003: 6.

[2] سێر ولیەم جۆنس زمانەوانێکی بەریتانی بوو، لەسەدەی هەژدەیەم لەهیندستان دەژیا، شارەزایەکی تەواوی زمانی گریکیو لاتینی بوو، کەفێری زمانی سانسکریتی بوو، بۆی دەرکەوت، ئەم سێ زمانە زۆر لەیەك دەکەن، لەڕوی داڕشتنی ڕەگی فرمانو ناوو ڕێزمانیانەوە. بڕوانە ((وریا عمر امین : 2004 : 166)).

[3] وریا عمر ئەمین : 2004 : 166.

[4] سەرچاوەی پێشوو : 167.

[5] محمد معروف فتاح : 2011 : 158.

[6] فەرەیدون عەبدول و سەباح ڕەشید : 2013 : 28.

[7] بەکر عومەر عەلیو شێرکۆ حەمە ئەمین : 2006 : 10.

خستیانه ڕوو))[1]. واته لەسەر بنەمای مێژوویی گۆڕانەكانی ناوەوەی زمان بەندبوون، بۆ ئەوەی پەنجە بخەنە سەر ڕەگو ڕەچەڵەكی زمانەكانو ڕادەی لێكنزیكیی نێوان ئەو زمانانە.

تیۆری درەختی خێزانی نەیدەتوانی سەرجەم زمانەكانی جیهان پۆلێن بكات، بۆیە هەندێ زمان لە دەرەوەی پۆلكردنی خێزانە زمانییەكان بوون بۆ نمونە زمانی سۆمەریو باسك .. هتد. هەروەها بۆ پۆلكردنی دیالێكتەكانو ساغكردنەوەی ژمارەی دیالێكتو بەشە دیالێكتەكان بەشێوەیەكی گشتیو دیالێكتەكانی زمانی كوردی بەتایبەتی سودێكی زۆری هەبوو، بۆ ڕوونكردنەوەو پۆلێنكردنیان، واتە لەسەرەتادا ساغكردنەوەی دیالێكتە سەرەكییەكانو نیمچە دیالێكتەكانی لەزمانی كوردیدا زۆر گرنگ بوو، بۆ نمونە بۆ ماوەیەكی زۆر دیالێكتی كرمانجی ناوەڕاست بە باشوور لە قەڵەم دەدرا، هەندێ نیمچە دیالێكتیش بە هەڵە دەخرانە سەر دیالێكتێكی تر.

## 2-4-1/3 تیۆری شەپۆلی ئاوی[2]:

سەرهەڵدانی ئەم تیۆرە بۆ (یۆهانس شمیت)ی ئەڵمانی لەساڵی 1872 دەگەڕێتەوە، بەپێی ئەم تیۆرە ((هەر زمانێك وەربگیرینو لە هەر كاتێكی مێژویدا لێی بكۆڵینەوە، دەبینین پێكهاتووە لە چەند دیالێكتێك، ئەم دیالێكتانەش لە هەندێ شوێندا دەچن بەناو یەكتردا، تەنانەت ئەو كاتانەش كە دیالێكتەكان دەگۆڕێن بۆ زمانی سەربەخۆ دەبینین پەیوەندییان لەگەڵ یەكتردا دەمێنێتو هێشتا لەژێر كاریگەری یەكتردا دەبن بەتایبەتی لە ناوچەكانی سنووردا، چونكە گۆڕان لە شێوەی شەپۆلدا لە چەقەوە دەردەچێت))[3]. هەموو زمانێك قورسایی چالاكییەكانی خۆی دەخاتە ناو هەرێمێكی تایبەتەوە، دەكرێ وەكو پایتەختی هەرێمی زمان سەیر بكرێت، گرو تینی زمانەكە لەوێ كۆ دەبێتەوەو هەر ئەویش ململانێی پاراستنی سیما سەرەكێكانی زمانەكە دەكاتو پاراوتر دەبێت لەڕووی بەكارهێنانی زمانەكەوە.

((ئەم تیۆرە لە بنچینەدا لەسەر كەمو كورتییەكانی تیۆری درەختی خێزانەكان هاتە كایە، ئەم تیۆرە لە چوارگۆشەیەكی بەتاڵ نەهاتە كایە، بەڵكو سوودی لەهەندێ لایەنی تیۆرەكەی پێش خۆی وەرگرت))[4]. جگە لەمەش تیۆری شەپۆلی ئاوی زیاتر پەیوەستە بە گۆڕانكاری ناوەكی زمانێك لە چوارچێوەی زمانێكی سەربەخۆدا چۆن ڕوو دەدەن، هەروەها زمانەكە چۆن بۆ چەند دیالێكتێك دابەش بووە، لەگەڵ كاریگەری نێوان دیالێكتەكانیش.[5]

---

(1) فەرەیدون عەبدول و سەباح ڕەشید : 2013 : 23.

(2) بەشێوەیەكی گشتیی تیۆری شەپۆلی ئاوی بریتیە لەو حاڵەتەی بەردێك فڕێ دەدەیتە ناو ئاوێكەوە ئەو شوێنەی بەردەكە بەری دەكەوێت، دەبێت بەچەق بە دەوروپشتی خۆیدا كۆمەڵێك شەپۆل بڵاو دەكاتەوە، لێرەوە لە ئەنجامی كاریگەری بەردەكە شەپۆلەكان دەردەكەون. بڕوانە ((بەكر عومەر عەلیو شێركۆ حەمە ئەمین : 2006 : 11)).

(3) محمد معروف فتاح : 2011 : 158.

(4) فەرەیدون عەبدول و سەباح ڕەشید : 2013 : 22.

(5) بەكر عومەر عەلیو شێركۆ حەمە ئەمین : 2006 : 12.

تیۆری شەپۆلی ئاوی زیاتر بۆ گۆڕانە ناوەکییەکانی زمانێك، یا دیالێکتێكو ڕادەی کاریگەری نێوان دوو نیمچەدیالێکت یا زیاتر ڕوون دەکاتەوە. جگە لەمەش بڵاوبوونەوەی زمانو دیالێکتەکان بەپێی ئەم تیۆرە ئاسۆیی دەبێتو دەچێتە بواری لێکۆڵینەوەی ئێستایی زمان، چونکە مامەڵە لەگەڵ ئەو دیاردە زمانییە دەکات، کە ئێستا لەناو دوو دیالێکتەکەدا هەن، نەك هەبوون[1]. ئەمەش بەخاڵی گرنگو سەرنج ڕاکێشی ئەم تیۆرە دادەنرێت، لە گەڵ ئەوەشدا ئەم تیۆرە کەمتر پشتی پێ دەبەسرێت.

تیۆری درەختی خێزانی زیاتر بۆ دابەشبوونی زمانەکانی جیهانو دیاریکردنی پەیوەندی خزمایەتی نێوان خێزانە زمانەکان لەبارە، هەروەها بۆ دابەشبوونی دیالێکتی زمانێکیش هەر گونجاوە، بە لە بەرچاوگرتنی ئەوەی هەر زمانێکی زیندوو، یا نازیندوو لە سەرەتادا دیالێکتی زمانێکی پێشتری خۆیان بوون. بەڵام تیۆری شەپۆلی ئاوی زیاتر بۆ زمانێکی زیندووی سەربەخۆو دیالێکتەکانی شیاوە.

لە سەر ئەم بنەمایانە چەندین خێزانە زمان دەستنیشان کران:

- خێزانە زمانە هیندۆ-ئەوروپییەکان.
- خێزانی زمانە سامیوحامییەکان.
- خێزانە زمانە ئاسیاییو پاسفیکییەکان.
- خێزانی زمانە ئەفریقاییەکان.
- خێزانی زمانە ئەمریکاییەکان ..هتد.

بۆ دیاریکردنی خزمایەتی نێوان دوو زمان یا زیاتر پشت بەچەند بنەمایەك دەبەسرێت[2]:.

1) لێکچوونی وشە (وەك دانەیەکی واتاسازی). بۆ نمونە: پرس (کوردی) - پورس (فارسیوتاجیکیو بەلوچیو تالێشتی) ..هتد.[3]

2) لێکچوونی فۆنۆلۆجیو مۆرفۆلۆجی پارچەکانی ڕستەو ڕیزبوونیان. دوو زمان ئەم جۆرە لێکچوونانەیان تێدابێت (بەمەرجێك بەهۆی خواستنو ڕێکەوتەوە نەبێت) بە ((خزم)) دادەنرێن، لەڕێی ئەم لێکچوونانەوە زمانەوان دەتوانێت ((خێزانە زمانەکان)) دیاری بکات.[4]

خێزانی زمانە هێندۆ-ئەوروپییەکان گەورەترین خێزانە زمانە کە زۆرترین زمان لەخۆ دەگرێت، لەڕووی پێشکەوتنیشەوە، زۆربەی بوارە زانستییەکانی (پزیشکی، دەرونی، تەکنەلۆجی، بیرکاری، شارستانی، ..هتد)، هەر لەم خێزانە زمانەوە داکەوتوون، چونکە زۆربەی زمانە پێشکەوتووەکانی ئەوروپا لەخۆدەگرێت، لەگەڵ

---

[1] فەرەیدون عەبدول و سەباح ڕەشید : 2013 : 30.


[2] محمد معروف فتاح : 1984 : 145.

[3] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە ((ئەورەحمانی حاجی مارف : 1975 : 37-39)).

[4] محمد معروف فتاح : 1984 : 145.

ئەوەشدا زۆربەی زمانە هیندۆ ئەوروپییەکان ماوەیەکی یەکجار درێــژە پێیــان دەنوســرێ.[1] بەشــێوەیەکی تــر ((زمانی هیندۆ ئەوروپی فراوانترینی ئەو زمانانەیە لە ئەوروپادا قسەی پێــدەکرێ، هــەروەها بــەرەو ڕۆژئــاواو باشوری ئاسیاش درێژ دەبنەوە، ئەم خێزانە ژمارەیەك خێزانی لاوەکیو لقی تریشی لێدەبێتەوە)).[2]

دابەشکردنی خێزانە زمانییەکان، بەتایبەتی هیندۆئەوروپایی بەرێژەیەکی زۆر لێکۆڵینەوەو دابەشکردنی جۆراوجۆری بۆ کراوە، ئەم پۆلێنەی خوارەوە، کە لەلایەن (دان.م. شۆرت)ەوە خراوەتەڕوو[3]:-




هیندۆ ئێرانی بەسەر سێ گروپ دابەش کــردووە، زمانــە ئێرانییــەکان، زمانــە هیندییــەکان، زمــانی داردیو کشمیری.

زمانە ئێرانێکان، لە چەند زمانێکی زینــدوو، نازینــدوو پێکــدێن، هەرچــەندە زمانــە ئێرانێکــان زۆر لەمانە زیاترن، بەڵام تەنیا ئەمانەی دەستنیشان کردووە; ((ئاوێستا، فارسی کــۆن - فارســی نــوێ، ســۆگدی، بەلوچی، کوردی، پوشتو)). زمانە ئێرانێکان بەپێی قۆناغی مێژوویيان بەسەر کۆنو ناوەڕاستو نــوێ دابــەش دەکرێن، ئەگەر تەنیا زمانە نوێکان بەنمونە وەربگرین زۆر زیاترن لەوەی (دانیال شۆرت) دەستنیشانی کردوون،

---

[1] محمد معروف فتاح : 1984 : 47.

[2] بێرنارد کەمرێ و هیتر : 2007 : 34.

[3] Daniel M. Shotrt (2007) Indo-European Languages, part2, (httpwww.danshort.comieiesatem.htm).

گروپی زمانە ئێرانییە نوێکان: (کوردی، فارسی، تاجیکی، بەلوچی، ئەفغانی، ئاسی، تاتی، گەیلانی، یازغولیامی، سەراکولی، بەرتەنگی، واخۆنی ...هتد))[1].

چۆنێتی دروستبونی زمانی هاوبەش‌و سەربەخۆ:

زمانەکانی جیهان بەرەو دوو ئاڕاستەی دژ بەیەك دەوەستنەوە[2]:-

1) یا زمانەکان بەرەو دابەشبوون دەچن. وەکو چۆن لە زمانە جێرمەنییەکاندا ڕوویدا، کە بووە هۆی دروستبوونی ئینگلیزی‌و ئەڵمانی‌و هۆڵەندی.

2) یاخود زمانەکان بەرەو یەکگرتوویی دەچن، کە دەبنە هۆی پێکهێنانی زمانە هاوبەشەکان، ئەوەش لەکاتێکدا ئەگەر بارودۆخەکان لەبارو گونجاو بن، یەکێك لەدیالێکتەکان بەسەر دیالێکتەکانی تری هەمان زماندا لە ژینگەیەکی زمانیی دیاریکراودا زاڵ دەبێت‌و دەبێتە زمانی یەکگرتوو. بۆ نمونە، دیالێکتی پاریس توانی سەربکەوێت بەسەر دیالێکتەکانی تری زمانی فەڕەنسیداو بووە زمانی نوسین‌و ئەدەب لە فەڕەنسا، هەروەها دیالێکتی لەندەنیش توانی هەموو دیالێکتەکانی تری زمانی ئینگلیزی لەخۆی کۆبکاتەوە. لەزمانی کوردیشدا دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست هەنگاوی باشی بەرەو یەکگرتوویی ناوەو دەکرێت بەزمانی یەکگرتووی کوردی ئەژمار بکرێت.

دروستبوونی زمانی هاوبەش بە پرۆسەیەکی پلە بەپلەیی دەبێت، بەهۆی نەوەیەك یا دوو نەوەوە دروست نابێت، بەڵکو کاتێکی زیاترو بارودۆخێکی کۆمەڵایەتی‌و سیاسی‌و ئابوری‌و ڕۆشنبیری لەباری زیاتری دەوێت.[3]

## 2/3 گۆڕان لە زماندا:

گۆڕان دیاردەیەکی زمانییە، تیایدا ((زمان لە چاکسازی‌و گۆڕانکاریی هەمیشەیی‌و بەردەوامدایە))[4]، واتە هەمیشە زمانەکان لەبەردەم ئەگەری گۆڕاندان، ئەگەرچی زۆربەی قسەکەرانیش بەئاگانین لەوەی ئەو گۆڕانانە چۆن ڕوودەدەن.[5] زمانەکان بە دوو شێوە دەگۆڕێن، یا بە هێواشی‌و لەسەرخۆ دەبێت، بۆنمونە ئەگەر ناوچەیەکی شاخاوی، یا دوورگەیەك، کە بەتەواوی لە ناوچەکانی تر دابڕابێت، ئەوا گۆڕانەکە زۆر بەهێواشی ڕوودەدات، وەکو خەڵکانی ناوچەی قەوقازی نێوان سنووری ڕوسیاو تورکیاو ئێران. بە پێچەوانەشەوە زۆر بەخێرایی لەلایەن توێژێك (نوخبەیەك)ەوە، کاریگەریان بەسەر زۆرینەی کۆمەڵەوە دەبێت، تا وای لێدێت

---

(1) فاروق عومەر سدیق : 2011 : 48.

(2) محمد شفیع الدین : 2007 : 82.

(3) سەرچاوەی پێشوو : 82.

(4) Richard Nordquist - language change - grammar, about.com.( http://english-language-skills.com 18/6/2013).

(5) بێرنارد کەمریێ‌و هیتر: 2007 : 46.

زۆرینە وشەو زاراوەی شێوازی نوخبەکە بەکاردەهێنن، بۆ نمونە، نۆرماندی پێشتر لە وڵاتانی ئەسکەندەنافیاوە هاتبوون لە باکوری فەڕەنسا نیشتەجێنو زمانەکەیان بۆتە زمانێکی فراوان لەنێوان ئەو وڵاتانەدا.[1]

زمان بەپێی زۆربوونی پێویستییەکانی ژیانی مرۆڤ، لە گۆڕانێکی هەمیشەیی بەردەوامدایە، سەرلەبەری شتەکانی دەوروبەریشی دەگۆڕێت، زمانیش وەکو هۆکارێك بۆ گەیاندنی بیروباوەڕو ئاڵوگۆڕکردنی ئەو شتانەی لە مێشکی قسەکەرو گوێگردایە، واتە وەکو هۆکارێك بۆ گەیاندنی ئەو زانیارییانەی ناو مێشك. هەموو ئاستەکانی زمانیش دەگرنەوە; فۆنیم، کە بچوکترین دانەی بێ واتایە هەتا دەگاتە گەورەترین ئاستی زمان (ڕستەو پاش ڕستە). هۆکاری دروستبونی ئەم گۆڕانانەش زۆرن، سەرەکیترینییان بەهۆی تێکەڵبوونی زمانێك لەگەڵ زمانێکی تردا لەڕووی (ئابوری، بازرگانی، کۆمەڵایەتی، ڕامیاری ...هتد)یەوە.

## 1-2/3 گۆڕانی دەنگسازی:

لەناو زمانێکدا چەند دیالێکتێك هەیەو لەناو دیالێکتیشدا چەند نیمچە دیالێکتێك هەیە، گۆڕانە فۆنەتیکییەکان لەهەموو دیالێکتو بەشە دیالێکتێك وەك یەك نییە، بەڵکو لە هەندێکیاندا زۆر خێرایە.

بۆ نمونە لەناو دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست، شێوەی سلێمانی گۆڕانی فۆنەتیکی زۆر بەدی دەکرێت، هەندێ جار بەرەو ئاسانیو کورتکردنەوە ڕۆشتوون.

| بۆ نمونە: | کەرکوك | هەولێر | سلێمانی |
|---|---|---|---|
| | شۆردن | شووشتن | شتن |
| | ئەڕۆم | دەڕۆم | ئەڕۆم |
| | مناڵ | منداڵ | مناڵ[2] |

هەندێ جاریش لەنێوان هەردوو چینی خوێندەوارو نەخوێندەوار، یا تەمەن جیاوازی لەدەربڕینی وشەو زاراوەکان، بەدی دەکرێت:- قۆپچە - قۆچپە، روبع - روعب ..هتد. ئەم نمونانە دوو فۆرمن بۆ تەنیا یەك واتا.

زۆرجار گۆڕانی فۆنەتیکی بەهۆی -کورت کردنەوە[3]- یاخود فەوتانی دەنگێکەوە دروست دەبێ، بۆ نمونە:

چاك + کردنەوە > چاکردنەوە

چاك + تر > چاتر (لەناوچوونی دەنگ)

یا بەهۆی توانەوە یا گۆڕینی دەنگێگ بەدەنگێکی تر[4]، بۆ نمونە:

پشت + دەر > پژدەر (گۆڕینو لەناوچوونی دەنگ)

دەست + گا > دەزگا (گۆڕینو لەناوچوونی دەنگ)

---

(1) George Boeree - language change and evolution webs pace. Ship-edu/cg boer/lang evol.htm.18/6/2013.

(2) وشەی (مناڵ) لە (منال)ی عەرەبییەوە وەرگیراوە، بەڵام لەهەندێ شوێندا گۆڕاوە بە (منداڵ)، واتە دەنگی (د)ی بۆ زیادکراوە، ئەمەش دیاردەیەکی فۆنەتیکییە پەیوەندی بەڕێکخستنی بڕگەوە هەیە، بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ڕەچەڵەکی وشەی (مناڵ) بڕوانە (فاروق عمر سدیق: لەدایکبونی وشە: 2011 : 186 – 195).

(3) ئەوڕەحمانی حاجی مارف : 1976 : 54.

(4) بۆ زانیاری لەبارەی گۆڕانی ڤاوڵو کۆنسنانتەکان بڕوانە نامەی ماجستێری (طالب حسێن عەلی: فۆنۆلۆجی کوردیو دیاردەی ئاسانبوونی فۆنیمەکان لەزاری سلێمانی دا).

هوشیار - وشیار (سوانی دەنگ)

یاری + /ەکە/ > یاری+ (-ی-)[1] + ەکە > یارییەکە > یارێکە (گۆڕینو لەناوچوونی دەنگ)

خانوو + /ەکە/ > خانووەکە > خانۆکە[2]

فڕین - ڕفین (جێگۆڕکێی دەنگ)

## 2-2/3 گۆڕانی سیمانتیکی:

گەشەکردنی واتای وشەیە، کە لە ئەنجامی بەکارهێنانی زۆری وشەکان گۆڕان لە واتاکەیان ڕوودەدات. لێرەدا وشەکان دەبنە خاوەن زیاتر لەواتایەك، هەریەك لەو واتایانەش بەپێی گۆڕانی کاتو شوێن دەگۆڕێت، کە هەرچەندە واتای سیمانتیکی واتایەکی چەسپاوو نەگۆڕە، بەڵام بەتێپەڕبوونی کات گەشەو گۆڕان بەخۆوە دەبینێت.[3]

جۆرەکانی گۆڕانی واتا:-

**1-2-2/3 فراوانبوونی واتا:** ئەم جۆرە فراوانبونە لەواتای وشەیەك ڕوودەدات، کە پێشتر واتایەکی ئاسایی هەبووە، بەڵام لە ئێستادا واتایەکی فراوانتری هەیە، وەك: ((نمەك[4]، نان، پشتیوان[5]، ڕوانگە،...هتد)).

**2-2-2/3 تەسکبوونەوەی واتا:** واتایەکی ئاسایی، یا فراوانی هەبووە بەڵام لە ئێستادا واتایەکی تەسکی هەیەو لەچوارچێوەیەکی سنورداردا بەکاردێت، یاخود ((وشەیێك یا مۆرفیمێك چەند واتای جۆربەجۆری گەیاندووە، دواتر لەبەر چەند هۆکارێك هەندێ لەواتاکانی لەدەست داوەو ئێستا تەنیا هەڵگری یەك واتایە لەزماندا))[6]. بۆ نمونە (تەنورڕوخێنە) : یاری + تەنورڕوخێن =(یارییەکە بەرەو بەرەو لەناوچوون ڕۆیشتووە).

تەڵەڕێوی[7] : یاری + ڕێوی گرتن = (بە هەمانشێوە یارییەکە نەماوە) بۆیە واتاکەی تەسکبۆتەوە.

**3-2-2/3 بەرزبوونەوەی واتایی:** لە بنەڕەتدا وشەکە واتایەکی لاوازی هەبووە، بەڵام لەئێستادا واتایەکی باشتری هەیە. نمونە: شۆخ (پێشتر واتایەکی نزمی هەبووە بەڵام ئێستا بۆ شتی جوان بەکاردێت)، عەیار (بە کەسی بێ حەیا دەوترا، بەڵام ئێستا زیاتر بە منالێکی ناسكو نازدار دەوترێت کە کارێکی نامۆ ئەنجام بدات).

**4-2-2/3 نزمبوونەوەی واتایی :** پێشتر واتایەکی باشی هەبووە، بەڵام لە ئێستادا واتایەکی نزم، یا لاوازی هەیە. نمونە: (هەتیو) بەواتای کەسێکی بێ باوك، یا بێ دایك، یا هەردووکیان، بەڵام لە ئێستادا هەندێ جار وەك جنێو، سووکایەتیش بەکاردەهێنرێت.

---

[1] دوو ڤاوڵ بەدوای یەکدا نایەن، لەبەر ئەوە (–ی–) ناوبەند کە نیمچە ڤاوڵە، ڕۆڵی کۆنسنانتی بینیوە.

[2] طالب حسين علی: 1989: 71.

[3] عەبدولواحید موشیر دزەیی : 2004 :24.

[4] نمەك واتا خوێ، هێزی وشەکە وایکردووە بچێتە ئیدیۆمەوەو واتایەکی زۆر فراوانتری هەبێت، وەك: – نمەك بتگرێ.((بەواتای بیر لەخیانەت نەکەیتەوە بەرانبەرم چونکە چاکەم بۆت هەبووە.)) –نمەکم کردووی. ((واتا بەهیچ شێوەیەك بیر لەخراپەکاری بەرانبەرت ناکەمەوە )).

[5] پشتیوان کۆڵەکەی بەر هەیوان، وەك پشتیوانو ڕاگرێك بوو بۆ خانووەکە، بەڵام لەئێستادا واتایەکی زۆر فراوانتری هەیە. ( پشتی هەیە ! )

[6] فتاح مامە : 2004 : 88.

[7] سەرچاوەی پێشوو: 108.

**5-2-2/3 بەکارهێنانی زۆری میتافۆریانە:** بەهۆی زۆری بەکارهێنانەوە ئەم واتایە پەیدا دەبێت، بریتییە لەو دەربڕینانەی لە ئەنجامی زۆری بەکارهێنانیانەوە گۆڕانکاری لەواتایاندا ڕوودەداتو زۆرجار بەهۆی تێپەڕبوونی کاتەوە بنەما میتافۆڕییەکەیان لەدەست دەدەن ئەویش بە نەمانی ئەو پەیوەندییەی کە هەیە[1]، ئەم گۆڕانەش دەبێتە هۆی دەوڵەمەندبونی فەرهەنگی گشتی زمان.

نمونە: - چۆنی گوڵ. یا گوڵەباخ.

- دڵی منی.

ئەم گۆڕانانە زیانیان بۆ زمان نییە، بەڵکو زیندووی دەکاتەوەو بەردەوامی پێ دەبەخشێت، جگەلەمەش دەسەڵاتی هیچ کەسێکی بەسەرەوە نییەو خۆڕسکەو کەسیش ناتوانێ ڕایبگرێت، یا بەربەستی بۆ دابنێت، بەڵکو، گۆڕانەکە بەپێی یاساو دەستوور ڕوودەداتو لەخۆوە بێ سەروبەر نابێت .[2]

## 3/3 پۆلێنکردنی لێکسیکی دیالێکتەکان:

یەکێك لە لقە دیارەکانی لێکسیکۆلۆژی پەیوەندی بە گروپێکی تایبەتی قسەکەرانی زمانێکەوە هەیە، کە ناوچەیەکی فراوانیان داگیرکردووە.

ئەو وشانەی لە دیالێکتەکاندا بەکاردەهێنرێن، ئەوانەن کەوا هەموویان ناچنە ناو سیستمی گشتی قسەکەرانی زمانەوە، بەڵکو تایبەتن بە دیالێکتێك. مەبەست لەو لێکسیکانەیە کە لە زمانی یەکگرتوودا نین، بەڵکو لە ژیانی ڕۆژانەی بەشێکی نەتەوەکەدا لەکاتی قسەکردندا بەکاری دەهێنن، لەگەڵ زمانی نەتەوەکەشدا ڕووبەرێکی هاوبەشیان هەیە. یاخود مەبەست لەو وشانەیە کە لە زمانی ئەدەبی یەکگرتوودا وەك وشەیەکی نامۆ هەستیان پێدەکرێت.[3]

لەگەڵ بەکارهێنانی وشەی دیالێکتەکان لە زمانی نوسیندا، هەندێ جار وشەی ناوچەییش بەکاردەهێنرێت. (شانسکی) دەڵێت: ((باشتر وایە پشت بە لێکسیکی دیالێکتەکان ببەسترێت لە زمانی نوسیندا، نەك وشەی ناوچەیی))[4].

لەناو وشەی دیالێکتەکاندا چەند جۆرێکیان لێ جیا دەکرێنەوەو بەسەر چەند گروپێکدا پۆل دەکرێن، بەپێی ئەو پەیوەندییەی بە زمانی نوسینەوە هەیانە، چەند جۆرێکیان لێ جیا دەکرێنەوە، کە بریتین[5]:-

---

(1) شیلان عومەر : 2009 : 70.

(2) محمد معروف فتاح : 2011 : 119.

(3) ن.م. شانسکی: 1972 : 117.

(4) سەرچاوەی پێشوو : 118.

(5) سەرچاوەی پێشوو: 118–124.

## 1-3/3 لێكسیكی تایبەت بە دیالێكتێك:

ئەو لێكسیكانەن كە لە زمانی نوسیندا نامۆو نەزانراون. تایبەتن بەدیالێكتێك، یا نیمچـەدیالێكتێك، یاخود لێكسیكی ناوچەیین. بۆ نمونە: وشەی (دوەت)[1] لەجیاتی (كچ) لە دیالێكتی كرمانجی خـواروو- بەشـە دیالێكتی كەلهوڕی، لە هەندێ شوێنی تریشدا (كەنیشك) بەكاردێت. وشەی (مراك) لەناوچەی كۆیە لـەجیاتی (كەوچك) بەكاردەهێنن، وشەی (بالیف)یش لە ناوچەی پشدەرو بەری مەرگەو هەنـدێ ناوچـەی تـر لـەجیاتی (سەرین) بەكاردێت.

## 2-3/3 لێكسیكی - فۆنەتیكی:

ئەو وشانەن، كەوا لەگەڵ زمانی ئەدەبیو نوسیندا لەڕووی فۆنەتیكەوە جیاوازن. بۆ نمونـە: (ۋاران) لـە نیمچەدیالێكتی هەورامی لەجیاتی (باران) بەكاردێت.

## 3-3/3 لێكسیكی - وشەسازی:

ئەو وشانەن، كە ڕەگەكانیان هاوبەشن، بەڵام لـەڕووی سـازبوونیانەوە جیـاوازن. بـۆ نمونـە: (شـكیاك) لەجیاتی (شكاو)، كـە لـە نـاوی ڕووداوی (شـكان)ەوە دروسـتبوون، یـەك ڕەگیـان هەیـە، بـەڵام لـەڕووی وشەسازییەوە جیاوازن: (شكیا + (-گ) > شكیاگ)[2]. هەروەها (داڵگ)[3] لـەجیاتی (دایـك) لـە نیمچـە دیالێكتی لوڕی. ((وشـەی (دایـك) فـۆڕمێكی دیـالێكتی خـوارووە لەبنجـدا لـە ﴿دا + (-یـك) پاشـگری بچووككردنەوە﴾ پێكهاتووە))[4] واتە ڕەگی وشەكە (دا)یە.

## 4-3/3 لێكسیكی - سیمانتیكی:

ئەو وشانە دەگرێتەوە كە لە زمانی نەتەوەكەدا هەن، بەڵام لە دیالێكتێـك واتایـەكی تایبـەت بـەخۆی هەیە. وشەی (جوان) ئاوەڵناوێكە لەزمانی نەتەوەكەدا بۆ هەموو شتێكی جـوانو ناسـك.. بـەكاردەهێنرێت، بەڵام لە دیالێكتی كرمانجی سەروودا ئاوەڵناوی (تازە) بەكاردەهێنن. بۆنمونە لە وەسفكردنی (كچێكی جوان)دا دەڵێن: (كچكا تازە).

---

[1] نیعمەت عەلی سایە: 2004: 17.

[2] سەرچاوەی پێشوو : 98.

[3] عەبدولواحید موشیر دزەیی : 2011: 126.

[4] بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ڕەچەڵەكی وشەی (دایك) بڕوانە ((فاروق عومەر سدیق : 2011 : 255–261)).

## 5-3/3 سیمانتیکی - ئەتنۆگرافی[1]:

کۆمەڵێك وشەن، کە پەیوندییان بە ژیانی تایبەتیو ئیشکردنی ڕۆژانەی قسەکەرانی گۆڤەرێك، یـا نیمچـە دیالێکتێکەوە هەیە. ئەو وشانەی نـاوی شـتومەكو دیـاردە دەنـێن ناچـنە نـاو بـەرکارهێنانی گشـتییەوە، لەبەرئەوەی لەگەڵ زمانی نوسیندا هاوتەریب نین، یاخود بەرانبەریان نییـە، بـۆ نمونـە (کـودی، شـەمامۆك، گندۆرە،...هتد)، زۆربەی زۆری وشەی دیالێکتیزمی ئاوێنەی بـارودۆخی پێشـووی شـێوەی زمـانن، کـە بـە تێپەڕبوونی کات تەنیا لە هەندێ ناوچەی تایبەتیدا ماونەتەوە، واتە لە زمانی گشـتی نەتەوەکـەدا نـەماون. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە دیالێکتیزمو زمانی نەتەوە کارناکەنە سەر یەکتری بەڵکو هەمیشە بەر یەککەوتن هەیە.

پرۆسەی دەوڵەمەندکردنی زمانی گشتی نوسین لە سەر بناغەی گروپی وشەی دیالێکتەکانی بونیادنراوە، واتە دیالێکتەکان هۆکارێکی گرنگی دەوڵەمەندکردنی ئەو زمانە یەکگرتووەن.

وشەی دیالێکتیزمی بە دوو ڕێگا جێی خۆی لەناو زمانی نەتەوەکەدا دەکاتەوە:-

1) ئەو وشانەی کەوا لە ناوچەیەك بەکاربێنو لەبەردەستدابنو بووبێتن بە بەشێك لە نەریتی ناوچەکە.

2) وشەی دیالێکتیزمی بەشێوەیەکی تر جێی خـۆی ئەکاتـەوە، کـە چـاكو لـە باربێـت بـۆ دەربـڕین.، وەك هاوواتایەك جێی خۆیان لەزمانە یەکگرتووەکەدا دەکەنەوە.

بوونی وشەو لێکسیکە جیاوازەکان بوونەتە هۆی دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگ، بەتایبەتی ئەو وشـانەی، کە لە دیالێکتە یەکگرتووەکـەدا نـەبێت، جگـە لەمـەش ئەگـەر وشـەی دیالێکتێـك بچـێتە نـاو دیالێکتـە سەرەکییەکەوە ئەوا وەك هاوواتایەك فەرهەنگەکەی دەوڵەمەند دەکات، واتە دەچێتە نـاو فەرهـەنگی گشـتی زمانە یەککگرتووەکەو دەوڵەمەندی دەکات.

بوونی دیالێکتو بەشە دیالێکتی جیاواز لەناو هەر زمانێکدا، ڕێگەیەکە بۆ پەیدابوونو گەشەسـەندنی هاوواتا، بەتایبەت لەڕووی وشەوە.[2] چونکە یەکێك لە سەرچاوەکانی دروستبوونی هاوواتا دیالێکتو نیمچـە دیالێکتەکانـە، نـەك تـەنیا لـەزمانی قسـەکردندا بـەڵکو هەنـدێکیان تـەنیا لەنوسـیندا وەك زاراوەیـەك بەکاردەهێنرێت. ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێ، کە بوونی دیالێکتی جیاواز لە زماندا نەنگی نییە، بـەڵکو بووەتـە هۆی دەوڵەمەندکردنی ئەو زمانە، بـەهۆی بـوونی هەنـدێك وشـەی جیـاواز لـەو دیالێکتانـە، بـۆ واتایـەکی دیاریکراو. بۆ نمونە:-

سپی // چەرموو

دەرگا // قاپی

دوند // ترۆپك

---

(1) ئەتنۆگرافیا بە واتای دابونەریت، وەکو جلوبەرگو خواردنو هەموو ئەو شتانەی لە ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤدا دووبارە دەبنەوە.

(2) شێروان حوسێن : 2011 : 48.

## 4/3 زمانی یەكگرتوو، و دیالێكتەكانی زمانی كوردی:

### 1-4/3 زمانی یەكگرتوو، و ڕێگاكانی دروستبوونو دەوڵەمەندكردنی:

جگە لە (یەكگرتوو) چەند زاراوەیەكی تریش، وەك (ستاندارد، نەتەوایەتی، نوسین، فەرمی، گشتی..هتد.)، بۆ بەكاردەهێنرێت. ((زمانی نەتەوایەتی ئەو زارە، یا زمانەیە كە لە سنووری وڵاتێكدا بەكاردێت بۆ ئەنجامدانی سێ ئەركە گەورەكەی زمان لە هەموو بوارەكانی ژیاندا. مەبەست لە بوارەكان قوتابخانەو دادگاو شەقامو ماڵو مزگەوتو دائیرەكانە، سێ مەبەستە گەورەكەش بریتیە لە:-

1- بەڕێوەبردنی كاروباری ئیداریو پەروەردەییو تەندروستیو كۆمەڵایەتی (ئامانجی ئیداری).

2- گەشەپێكردنی كەلتوری هاوبەش كە خەڵكی كۆدەكاتەوە.

3- پتەوكردنی گیانی نیشتمانیو نەتەوایەتیو هەستی هاوڵاتێتی بۆ گرێدانی خەڵك بەیەكترەوە (ئامانجی دوو و سێ ئامانجی نەتەوەین) ..))[1].

دیالێكت، یاخود زمانی یەكگرتوو شوێنێكی گرنگی لەناو دیالێكتەكانی تردا هەیە، جگە لەوەی لەلایەن كەسانی باڵادەستی وڵاتەوە لەجێبەجێكردنی ئەركەكانیاندا لەكاتی نوسیندا بەكاریدەهێنن، بەڵام مەرج نییە تاكەكانی تری كۆمەڵ لە كاتی قسەكردنی ئاساییو ڕۆژانەیاندا زمانە یەكگرتووەكە بەكاربهێنن. ((وەك ئاشكرایە، زمانی ڕەسمی هەر نەتەوەیەك، بریتییە لە یەكێك لەدیالێكتەكانی، یا یەكێك لە دیالێكتەكانی زمانێكی دیاریكراوە لەلایەن نەتەوەیەكەوە))[2]. بۆ نمونە لە وڵاتی بەریتانیا هەموو ئەو خەڵكانەی كە سەر بە چینەكانی كۆمەڵنو لەخوێندنگای تایبەتی دەخوێنن كە هەم لەڕووی تێچوونی خوێندن زۆری هەیە لەو شوێنەدا بە ئینگلیزییەكی تەواو یەكگرتوو كە دوورە لە هەموو شێوە قسەكردنێكی ناوچەیی دەخوێنن.[3]

ڕۆژئاواییەكان لە كۆتاییەكانی سەدەی نۆزدەیەمدا لایان لە دیالێكتە جیاجیاكان نەدەكردەوە، بەڵكو هەوڵی ئەوەیان دەدا خەڵكی ڕووبكەنە بەكارهێنانی زمانە گشتێكە وەك زمانێكی فەرمی بۆ ئەوەی لەڕێی شارستانیو ئەدەبەوە پارێزگاری لەسەربەخۆیی خۆیان بكەن، بەمەش خۆیان وابەستەی نەتەوەكانیان كردبوو، بۆ ئەوەی یەكێتی فەرهەنگیو ڕەسەنایەتی خۆیان بپارێزن، بەڵام ((دیاردەیەكی ئاساییە كە هەر زمانێك چەند زارێكی هەبێ، هیچ حكومەتێكیش بەرنامەی وای دانەڕشتووە كە بایەخ بەهەموو زارەكان بداتو بە یەك چاو سەیریان بكات، هەموو ئەو زمانانەی كە شێوازی ستانداریان هەیە، ئەم شێوازە دەكەن بە لوتكەو بایەخی پێ دەدەن، عەرەبەكان، ئینگلیزەكان، فەرەنسییەكان، هۆڵەندییەكان ..هتد هەموو ئەمانە كۆمەڵێ زاریان هەیە، بەڵام یەك زمانی ستاندار بۆ نووسین بەكاردەهێنن))[4]. گەورەترین كێشە لە ئێستادا ڕووبەڕووی زمانی كوردی

---

[1] محەمەد مەعروف فەتاح : 2010 : 357.

[2] عەبدولمەناف ڕەمەزان ئەحمەد : 2009 : 28.

[3] بەكر عومەرو شێركۆ حەمە ئەمین : 2006 : 23.

[4] قەیس كاكل تۆفیق : 2007 : 68.

بۆتەوەو زۆرترین بۆچوونی لەسەر خراوەتەڕوو ئەویش کارنەکردنە بەزمانی یەکگرتوو لە هەموو ئەو ناوچانەی دەکەونە سنووری دەسەڵاتدارێتی هەرێمی کوردستانەوە، کە بەشێکە لە کوردستانی گەورەو زۆرترین دیالێکتو بەشە دیالێکت لەخۆدەگرێت، بەڵام بە ئاڕاستەی دوو یەکگرتوویی دەڕوات، ئەمەش لەلای زۆربەی زمانەوانانی کوردەوە پەسەند نییە، پێویستی بەبڕیارێکی سیاسییە بۆ ئەوەی وەك هەموو نەتەوەو ئەو وڵاتە پێشکەوتوانەی کە خاوەنی یەك زمانن تەنیا یەك دیالێکتیان بۆ زمانە فەرمییەکە داناوە. بۆیە زمانی یەکگرتوو ((ئەو زمانەیە کە هەموو کورد لەسەری کۆکن کە زمانی نەتەوەکەیانە. ئەو زمانە هەموو زارو شێوەزارەکانی کوردی لەخۆ دەگرێ))[1]. بنەمای دەوڵەمەندکردنی زمانی یەکگرتوو بوونی دیالێکتو نیمچەدیالێکتەکانی زمانی کوردییە لەگەڵ بوونی فەرهەنگێکی گشتیی یەکگرتوو، بۆ ئەوەی وشەو وشە هاوواتاکانی دیالێکتەکان لەخۆ بگرێت.[2] واتە ((بوونی دەزگایەکی فەرهەنگی کوردی بۆ ئەوەی وشەکانی زمانی کوردی کۆ بکەنەوەو وەکو گەنجی وشەی کوردی، لەشێوەی دودنی ئەڵمانیو ئۆکسفۆردی ئینگلیزی، بۆ ئەوەی ببنە بنەما بۆ دروستبونی زمانی ستاندارد))[3].

### ئەو ڕێگایانەی دەبنە هۆی دروستبوونو دەوڵەمەندکرنی فەرهەنگی زمانی یەکگرتوو، بریتین لە:-

#### 1-1-4/3 ئەدەب:

ئەدەب بەشێوەیەکی گشتی ڕۆڵی سەرەکی لە دەوڵەمەندکردنی زمانی یەکگرتووی کوردیدا هەیە، بە لەبەر چاوگرتنی ڕۆڵی شاعیرانی کورد بەدرێژایی مێژوو، لە ئەدەبی کوردیدا بەرزو پڕ بایەخن، هەر لەسەرەتای دەستپێکی شیعری کوردی نوسراودا، کە بە نیمچە دیالێکتی لوڕی نوسراوەتەوە لەلایەن بابەتایەری هەمەدانی (935-1010 ز)[4]، هەروەها شاعیرانی سەروو، وەك فەقێو تەیرانو مەلای جزیریو عەلی هەریری لەسەدەی پانزەیەمداو ئەحمەدی خانی لەسەدەی حەڤدەیەم[5]، ڕۆڵی سەرەکیان لە گەشەسەندنی زمانی کوردی - دیالێکتی کرمانجی سەروودا هەبووە، مەولەویش وەك شاعیری نیمچە دیالێکتی هەورامی ڕۆڵی بەرچاوی لەبەرەو پێشبردنی ئەو نیمچە دیالێکتەدا بینیوە، دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست، لە سەرەتای سەدەی نۆزدەیەم، لەلایەن (نالی و سالمو کوردی)یەوە، دەست پێدەکات، دواتریش لە سەدەی بیستەمدا لەلایەن شاعیرانی نوێگەرییەوە گەشەی پێ دراو، هەوڵدراوە زمانەکە لە وشەی بێگانە بەتایبەتی لەوشەی وەرگیراوی عەرەبی پاك بکرێتەوە، لە سەردەمی ڕوانگەییەکانداو دوای پێدانی مافی ئۆتۆنۆمی بەکورد، زۆر زیاتر گەشە بەم زمانە ئەدەبییە یەکگرتووە دراوە، کە ئێستاش هەر بەردەوام لە گەشەسەندندایە توانیویەتی تا ڕادەیەکی باش پێشبکەوێتو گەشە بکات. لە ڕوانگەی ئەدەبییەوە پێناسەی زمانی ئەدەبی بەم شێوەیە کراوە: ((بەو

---

(1) سەلام ناوخۆشو نەریمان خۆشناو : 2010 : 62.

(2) فوئاد حەمە خورشید : 1985 : 96.

(3) محەمەدی مەحوی : 2013/9/8 . ڕۆژانەی NRT.

(4) عێزەدین مستەفا ڕەسول : 1971 : 19.

(5) سەرچاوەی پێشوو: 20.

زمانە دەووترێت، کە لە زمانی یەکگرتووەوە بە هەموو دیالێکتەکانەوە وەرئەگیرێت، یا بناغەکەی لەیەکێك لەدیالێکتەکانەوە وەردەگیرێت))[1]. بناغەی زمانی یەکگرتووی کوردی لە یەکێك لەدیالێکتەکانییەوە دروستبووەو هەنگاوی باشی ناوەو گەشەیەکی دیاری بەخۆوە بینیوەو بووەتە خاوەنی گەورەترین پاشخانی بڵاوکراوەی (کتێب، گۆڤار، ڕۆژنامە ..)، زمانی خوێندنیشە لە ناوچەیەکی فراوانی هەرێمی کوردستان.

شاعیرانی کورد ڕۆڵی دیاریان لە گەشەسەندنو پەرەسەندنی ئەم دیالێکتەدا بینیوە، تەنانەت زۆرجاریش وشەی نوێیان لەسەر ئەنالۆژیای وشەکانی تری زمانەکە داهێناوە، بۆ نمونە، دیلان، دەڵێت:

((شەوگاری تاریكو نووتەك چۆن ڕۆشن کەم؟
ئەم سەرە گێژو شێواوە چۆن هۆشن کەم؟ ))[2]

وشەی (هۆشن) لەسەر شێوەی (ڕۆشن) دروستبووە، تەنیا فۆنیمی یەکەمیان جیاوازە، فۆنیمی کۆتایی (ن)ی (ڕۆشن) بەشێکە لێی، بەڵام فۆنیمی (ن)ی هۆشن بەشێك نییە لێی، ئاوەڵناوی ڕێژەیی (نیسبی) دروستکردووە، لەسەر ئەنالۆژیای وشەکانی (ورگن، گرگن، قژن، گۆشتن، ..هتد) دروست بووە.

هۆش + (-ن) > هۆشن ((ناو + سۆفێکس))

جگە لەمەش بەکارهێنانی لێکسیکی دیالێکتو نیمچەدیالێکتەکان لە نوسینی ئەدەبی کوردیدا، لێکسیکی ناوچەیی وەك وشەیەکی نامۆ لە نوسینی ئەدەبیدا بەدیدەکرێت. بۆ نمونە:
(عەبدوڵڵا پەشێو) لە پارچە شیعری (توانەوە)[3]، دەڵێت:

بە تۆ دەبینم.
بە تۆ دەبیسم.
بە تۆ دەپەیڤم.
کەچی، مخابن!
ناوبانگ هی منەو ئەتۆش بزری.
چەند لام ستەمە هەروا دەزانن
کە تۆ من نیتو کەسێکی تری!

لەم تێکستەی سەرەوە وشەی (دەپەیڤم) کردرای ڕانەبردووە بە شێوەی فۆرمی کرمانجی ناوەڕاستو خواروو داڕێژراوە، ڕەگی ڕانەبردووەکەش (پەیڤ) سەر بەدیالێکتی سەرووە. بەڵام وشەکانی (ئەتۆش، بزری) وشەی ناوچەیین.

---

[1] عێزەدین مستەفا رەسول : 1971: 13.
[2] محەمەد سالح دیلان : 1973 : 5.
[3] عەبدوڵڵا پەشێو : 2002 : 179.

(ئەنوەر مەسیفی) دەڵێت:-

((نانووسم

ئەی مانگ لە کوێی؟

من لۆ خۆم دەنووسم

پێکەنین کەپووی ژیانە

نانووسم پێکەنین لە کەپوومان

هاتەوە))[1]

هەموو ئەو وشانەی هێڵیان بەژێردا کێشراوە وشەی ناوچەیین زمانە ئەدەبییەکەیان دەوڵەمەند کردووە، بەڵام مەرج نییە ئەو وشانە لە زمانی نوسینی نەتەوەکەدا بەکاربهێنرێن.

جگە لە شیعر، کە پێشتر ڕۆڵی زیاتری هەبووە، هەموو ڕەگەزەکانی تری ئەدەب وەك (ڕۆمان، پەخشان، چیرۆك، ڕەخنەی ئەدەبی، وتار (سیاسی، ئەدەبی، ئایینی، هونەری ....) هەموو ئەمانە ڕۆڵێکی گەورەیان لەدەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمانی یەکگرتوودا بینیوە.

## 2-1-4/3 دەسەڵات:

زمانی یەکگرتووی کوردی - دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست، کە هەنگاوی زۆر گرنگ بە ئاراستەی یەکگرتوویی ناوە، مێژوو ڕەگی ئەو دیالێکتەی لەو ناوچەیە داکوتاوەو زمانی ڕۆشنبیریو فێرکردنو پەروەردەکردن بووە، لە هەموو دیالێکتە کوردییەکانی تر زیاتر پێی دەنوسرێتو بڵاو دەکرێتەوە، جگە لەمەش ئەم دیالێکتە کەوتۆتە ناوەڕاستی دیالێکتەکانی ترو لێیان نەپچڕاوەو پەیوەندیشی بەهەموویانەوە هەیە.[2] هەروەها لەمێژووی دروستبونی سێ حکومەتی کوردی (حکومەتی مەلیك مەحمود لەسلێمانی لەساڵی 1922 زمانی کوردی بەفەرمی ناسراو لەسەرجەم دامودەزگاکانی دەوڵەتدا کاری پێ دەکرا[3]، کۆماری کوردستان لەمەهاباد لەساڵی 1946 بەهەمان شێوەی حکومەتەکەی پێشوو زمانی کوردی بەفەرمی ناسێنرا[4]، حکومەتی هەرێمی کوردستان 1992 - تا ئێستاش بەردەوامە) دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست - شێوەی سلێمانیو موکری- دیالێکتی فەرمی بووە، هەموو بوارەکانی تری زانست، هەر بەم دیالێکتە نوسراونەتەوە، بۆیە هەر بە بڕیاری سیاسی بوێرانەش دەتوانرێ ئەم دیالێکتە بکرێتە دیالێکتی فەرمی هەموو سنوری هەرێمی کوردستان بگرێتەوە، ئەم کارە لەڕووی سیاسەتو زمانەوانەوە بەکارێکی پڕ بایەخ و گرنگ پەسندەکرێت، چونکە هەنگاونانە بەرەو دوارۆژێکی گەشتر.

---

[1] ئەنوەر مەسیفی : 2005 : 145.

[2] فوئاد حەمە خورشید : 1985 : 93.

[3] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە : عیزەدین مستەفا ڕەسول : 1971 : 37.

[4] سەرچاوەی پێشوو : 41.

## 3-1-4/3 ڕاگەیاندن :

یەکێکە لەو هۆکارە گرنگانەی کە یەکگرتوییو زیندوویی زمان نیشان دەدات، بە کۆڵەکەی دروستبوونی زمانی یەکگرتوو دادەنرێت، پەیڕەو کردنی زمانی یەکگرتوو لە ڕاگەیاندنەکانەوە (بینراو - بیستراو) دەبێتە هۆی یەکخستنی هەستو سۆزی نەتەوەیی لای تاکی کورد بەرانبەر بەزمانەکەی، بە پێچەوانەشەوە ئەگەر هەر ڕاگەیاندنەو جۆرێك لە زمان بە ویستی ناوچەچێتی پەیڕەو بکات ئەوا دەبێتە هۆی پەرتبوونی هەستی نەتەوایەتی تاکی کورد، چونکە لە زۆربەی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی جیهاندا تەنیا یەك جۆر زمانی فەرمی پەیڕەو دەکرێت.

## 4-1-4/3 بازرگانیو پیشەسازی:

دروستبوونی بازاڕی هاوبەش لەنێوان نەتەوەو زمانە هاوبەشەکان ڕۆڵو کاریگەری خۆی هەیە لەسەر دروستبوونی زمانی یەکگرتوو، چونکە بەهۆی پەیوەندییە بازرگانییەکانەوە پەیوەندی نێوان زمانە جیاوازەکانو نەتەوە جیاوازەکان دروست دەبێت، کاتێك کەسێك بیەوێت فێری زمانێکی تر بێت، ئەوا هەوڵدەدات زمانە یەکگرتووەکە، یا زمانە فەرمییەکە فێر ببێت، کە ئەمەش وادەکات هەموان لە خەمی دروستبوونی زمانی یەکگرتوو بنو هەوڵ بدەن یەکێك لە دیالێکتەکانی بکەنە دیالێکتی فەرمیو بۆ هەموو کاروبارێکی فەرمی وڵات بەکار بهێنرێت. جگە لەمەش بەهۆی ئەو پێشکەوتنانەی بواری زانستیو تەکنۆلۆجی تەنانەت لە دروستکردنی ئامێرەکاندا زمانی فەرمی زۆربەی وڵاتان بەکاربهێنن، کە ئەمەش وادەکات بەکاتێکی کەمترو خێراتر هەوڵی دەوڵەمەندکردنی زمانی یەکگرتوو بدرێت.

## 5-1-4/3 ئایین:

دیالێکت بەشێکە لە زمان، چەند گۆڕانکارییەکی فۆنەتیکی بەسەردا هاتووەو چەند وشەیەکی تایبەت بەخۆی هەیە، هەر لەچوارچێوەی زمانەکەدا کاردەکات.[1]

هۆکاری ئایینی کۆمەڵ بەو زمانەی پێی نوسراوەتەوە پابەند دەکات، لە سایەی سیستەمێکی دامەزراوەیی کە خاوەنی زمانێکی یەکگرتوو بێت لە بوارەکانی فێرکردنو زانستو لێدوانی ڕاگەیاندنو سیاسیدا بەکاردەهێنرێت.[2] ئایین ڕۆڵێکی گەورەی لەچەند زمانێکدا بینیوە، زمانی ئایین (Religion Language) لە زمانی عەرەبیو هەموو جیهانی ئیسلامیدا، ڕۆڵێکی گەورەی لە دروستبوونی زمانی باڵا-یەکگرتوو بینیوە، هەروەها زمانی لاتینی کە زمانی کەشە ئاینیەکانە لای کاسۆلیك، زمانی عیبریش کە زمانی ئایینی جولەکەیەو زمانی سریانیش زمانی ئایینی مەسیحە لەشامو عێراق، قیبتی لای میسرییەکان، و جوعزی لەکڵێسای حەبەشی (ئەسیوبیا)، ئەم زمانانەش جگە لە عەرەبیو عیبری تەنیا لە چوارچێوەی کەشە

(1) محمود عکاشة : 2007 : 152.

(2) سەرچاوەی پێشوو: 152.

ئایینەکانیاندا بەکار دەهێنرێن.[1] زمانی عەرەبی یەکێکە لەو زمانانەی، کـە زۆرتـرین سـوودی لـە ئـایینی ئیسلام بینیوەو توانیوێتی ببێت بە زمانێکی جیهانی.

## 2-4/3 دیالێکتەکانی زمانی کوردی:

زمانی کوردی وەك هەموو زمانانی تری جیهان چەند دیالێکتێك لـەخۆ دەگرێـت، بـوونی دیـالێکتیش دیاردەیەکی ئاساییە، ڕۆڵێکی فراوان لە گەشەسەندنو پەرەسەندنی فەرهەنگی زمان دەبینێـت، مەبەسـت لـە دەوڵەمەندکردنو فراوانکردنی زمانی یەکگرتووە.

لە هەرێمی کوردستاندا بەهۆی بارودۆخی سیاسییەوە، زمانی کـوردی بـە ئاڕاسـتەی دوو یـەکگرتوویی دەڕوات[2]، کە گرفتی زۆری لە هەموو بوارەکانی زانستو فێرکردندا دروستکردووە. لە وڵاتە پێشکەوتووەکانی جیهاندا ئەم دیاردەیە بەهیچ شێوەیەك بوونی نییە، بەڵام ئەگەر دوو زمان، یا سێ زمانی جیاواز لەیەك وڵاتدا هەبن، ئەوا ئاساییە بە فەرمی بناسرێن. وەکو عێراقو سویسرا ..هتد، بەڵام بـۆ دوو دیـالێکتی یـەك زمـان ئاسایی نییەو بەخاڵی پڕ مەترسی دادەنرێت، کە لە گەڵ ئەوەشدا زمانی کوردی بـەردی بناغـەی ئـەم زمانـە یەکگرتووەی داناوە.

زۆرێك لەمێژونوسو نوسەرو ئەدیبو زمانەوانانی کوردو بیانی، پۆلینی دیالێکتەکانی زمانی کوردییان لەسەر بنەمای جوگرافیو جیاوازی فۆنەتیکیو لێکسیکیو سینتاکسی دابەشکردووە، بۆ نمونـە (شـەرەفخانی بەدلیسی)[3]، (محمد ئەمین زەکی)[4]، (تۆفیق وەهبی)[5]، (شـێخ محەمـەدی خـاڵ)[6] ، (کـەمال فوئـاد)[7]، (فوئاد حەمـە خورشـید)[8]، (سـادق بـەهادین)[9]، (نیعمـەت عـەلی سـایە)[10]، (عەبدولمـەناف رەمـەزان ئەحمەد)[11] ..هتد.

---

[1] محمود عكاشة : 2007: 153.

[2] مەبەست لە هەردوو دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاستو سەرووە، کە لە تەنیا لە هەرێمێك دوو جۆر نوسراوو کاری فەرمییان پێ ئەنجام دەدرێت.

[3] دیالێکتەکانی زمانی کوردی، دەبنە چوار بەشی گەورە:– 1) کرمانج 2)لوڕ 3) کەلهوڕ 4) گۆران، بڕوانە: (شرف خان البدليسي: 1948: 18).

[4] (محمد ئەمین زەکی) دەڵێت: ((وا دەردەکەوێت کەوڵاتی کرمانجیان دوو کۆمەڵەی زمانی سەربەخۆن:– یەکەمیان: (کرمانجیی ڕۆژهەڵات) یا (باشوری ڕۆژهەڵات). دووەمیان: (کرمانجی ڕۆژئاوا) .. هێڵی جیاکەرەوەی نێوانیشیان تا ئێستا نەزانراوە))) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە ((محمد امين زكي بك : 1939 : 336)).

[5] چوار شێوە دیالێکتی سەرەکی دەستنیشان کردووە. بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە(( 1) تۆفیق وەهبی : 1940 گ.گەلاوێژ، ژ.(5 و 6) لاپەڕە(27–31) . 2) تۆفیق وەهبی، و.عەزیز گەردی، کوردو زمانی کوردی، 2002، 45 ، لەگەڵ پەراوێزی 45–46)).

[6] چوار گروپی دیاریکردووە، بڕوانە ((لاپەڕە حەڤدەی پێشەکی فەرهەنگەکەی شێخ محەمەدی خاڵ : 2005 )).

[7] چوار کۆمەڵەی دیاریکردووە، بڕوانە ((کەمال فوئاد : 1971 : 16–24)).

[8] چوار دیالێکتی سەرەکی دیاریکردووە، بڕوانە ((فوئاد حەمە خورشید : 1985 : 40 )).

[9] چوار دیالێکتی سەرەکی دەستنیشان کردووە، بڕوانە ((صادق بهاء الدين ئامێدی :1987 : 25)).

[10] چوار شێوە دیالێکتی سەرەکی دەستنیشان کردووە. بڕوانە ((نیعمەت عەلی سایە : 2004 : 5)).

[11] چوار گروپی دەستنیشان کردووە. بڕوانە ((عەبدولمەناف رەمەزان ئەحمەد : 2009 : 59)).

هەر یەك لەو پۆلێنکردنانە، بۆ کاتو سەردەمێکی جیاواز دەگەڕێنەوە، لەگەڵ ئەوەشدا هەر یەك لەوانە، بایەخو گرنگی خۆیان هەیە، هەرچەندە جیاوازی لە دیاریکردنی دیالێکتە سەرەکێکاندا هەیە، هەریەکەیان بیروباوەڕێکی سەردەمیانەیان پێوە دیارە، زۆربەیان لەسەر ئەوە کۆکن، کە زمانی کوردی لە چوار دیالێکت پێکدێت، کە لەم بەشەدا کراوەتە بنەما، پۆلێنکردنەکەی (فوئاد حەمە خورشید)ە، چونکە زۆر وردو زانستیتر لەوانی تر دێتە بەردەست، بەلای زۆربەی زمانەوانەکانی ئەمڕۆ جێی بایەخوگرنگی پێدانە، لە سەر بنەمای جیاوازی فۆنەتیکیو لێکسیکی نێوان دیالێکتەکانو دابەشبوونی دانیشتوانی کوردستان بونیادنراوە، بە سود وەرگرتن لە هەردوو تیۆری درەختی خێزانی کە زیاتر دیالێکتو بەشە دیالێکتەکان جیا دەکاتەوە، لەگەڵ تیۆری شەپۆلی ئاوی، کە مەڵبەندی دیالێکتەکانو سنوورپانی دیاریکردووە. زۆربەشیان ئاماژەیان بەبوونی زمانی یەکگرتوو (ستاندار) کردووە، لە سێکوچکەی بابان (نالیو سالمو کوردی)یەوە ڕەگی داکوتاوەو چەقو مەڵبەندەکەشی شێوەی (موکری - سلێمانییە)و دەکەونە چەقی کوردستانیشەوە، لەلایەن زۆربەی زمانەوانە کوردەکانی ئەمڕۆ پێشنیاز کراوە، کە دیالێکتی (کرمانجی ناوەڕاست) بکرێتە زمانی یەکگرتوو، لە زمانی فەرمی کوردیدا بەکاربهێنرێت، چونکە ئەم دیالێکتە جگە لەوەی ناوچەیەکی فراوان پێی دەدوێن، خاوەنی زۆرترین بەرهەمی زانستیو ئەکادیمیو هونەریو ئەدەبیو ...هتد. لەبەرئەوەی لەڕێی زمانە یەکگرتووەکەوە دەکرێت چارەسەری هەموو کێشە هەنووکەییەکانی ئەمڕۆی بواری زانستو پەروەردە بکرێت، جگە لەمەش خاوەنی ڕێزمانێکە کەمترین کێشە لەخۆ دەگرێتو فەرهەنگێکی دەوڵەمەندیشی هەیە.. هەموو ئەمانەش ڕێخۆشکەر بوون بۆ ئەوەی ئەم دیالێکتە ببێتە خاوەنی زۆرترین پەڕاوی لێکۆڵینەوە ئەکادیمییەکان.

## 5/3 ڕۆڵی دیالێکتەکانی زمانی کوردی لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمانی یەکگرتوودا:

### 1-5/3 دیالێکتی کرمانجی سەروو:

ئەم دیالێکتە، ڕووبەرێکی فراوانی تورکیا بەرەو باشوورو ڕۆژهەڵات دەکشێت، و بەشێکی باکوری وڵاتانی عێراقو سوریا دەگرێتەوە. گرنگترین نیمچە دیالێکتەکانی بریتین لە ((بایەزیدی، هەکاری، بۆتانی، شەمدینانی، بەهدینانی، دیالێکتی ڕۆژئاوا))، ئەم دیالێکتە تا ڕادەیەك نزیکە لە دیالێکتی ناوەڕاست، جیاوازییەکانی نێوان دیالێکتی سەروو دیالێکتی ناوەڕاست، زیاتر فۆنەتیکین، لەگەڵ هەندێ جیاوازی سیمانتیکی لەنێوان ئەم دوو دیالێکتەدا هەن.

لەم پۆلێنانەی خوارەوە هەوڵدەدەین ئەو وشانەی کە لە دیالێکتی سەرووەوە هاتوونەتە ناو زمانە یەکگرتووەکە (دیالێکتی ناوەڕاست)، بەپێی ژمارەی وشەکان لەم فیلدانەی خوارەوە ڕیزکراون، خراوەتەڕوو:-

1) ناوی تایبەتی مرۆڤ

أ. (ڕەگەزی نێر):

| ز | ئەو ناوانەی هاتوونەتە زمانی یەکگرتوو | سەرچاوەی وشە: کرمانجی سەروو لەگەڵ ئەو واتایەی دەیگەیەنێت |
| --- | --- | --- |
| 1. | خەبات[1] | بەواتای کۆشش‌و هەوڵدان، بەرانبەر (اجتهاد)ی عەرەبیە، جگە لەوەی کە بۆ ناوی مرۆڤ بەکاردێت، وەك پێشکارێك دەچێتە سەر ناوی ڕوداوی (کردن) (خەبات کردن). لە بنەڕەتدا وشەکە سریانییە. فۆرمە سەرووەکەی (خەبت)ە. |
| 2. | دلۆڤان | بەبەزەیی. |
| 3. | زۆزان[2] | کوێستان |
| 4. | شڤان | شوان، تەنیا فۆرمەکە وەرگیراوە. |
| 5. | نێچیرڤان | ڕاوچی، ڕاوکەر. |
| 6. | هەڤاڵ | هاوەڵ، هاودەم، هاوڕێ. |
| 7. | هێژا[3] | (بەڕێز) بۆ کەسێکی شایستەو لایەق بەکاردەهێنرێت. |

ب. (ڕەگەزی مێ):

| ز | ئەو ناوانەی هاتوونەتە ناو زمانی یەکگرتوو | سەرچاوەی وشە: کرمانجی سەروو لەگەڵ ئەو واتایەی دەیگەیەنێت |
| --- | --- | --- |
| 8. | ئاڤا | فۆرمێکی کرمانجی سەرووە. |
| 9. | ئەڤین | ئەوین، خۆشەویستی. |
| 10. | سۆلاڤ[4] | ئاوهەڵدێر، تاڤگە. |

---

(1) بڕوانە: هەژار موکریانی: 1389: 260.
(2) شێخ محەمەدی خاڵ: 2005: 239.
(3) سەرچاوەی پێشوو: 524.
(4) هەژار موکریانی: 1389: 428.

| | | |
|---|---|---|
| .11 | ڤیان | ویستن، فۆرمێکی کرمانجی سەرووە. |
| .12 | هێڤی | هیوا. |
| .13 | نارە، ناری، نارین | بە واتای (ژن) دێن[1] |

پ. (دوولایەن):

| ز | ئەو ناوانەی هاتوونەتە ناو زمانی یەکگرتوو | سەرچاوەی وشە: کرمانجی سەروو لەگەڵ ئەو واتایەی دەیگەیەنێت |
|---|---|---|
| .14 | ئێڤار | بەواتای ئێوارە، دەمەو عەسر. |

2) زاراوە:

| ز | ئەو زاراوانەی هاتوونەتە زمانی یەکگرتوو | سەرچاوەی زاراوە: کرمانجی سەروو لەگەڵ ئەو واتایەی دەیگەیەنێت |
|---|---|---|
| .15 | بەرەڤان[2] | ناوبژیکەر، ناوبژیوان بەرانبەر بە (حکم)ی عەرەبییە، وەك زاراوەیەکی وەرزشی لە زمانی نوسیندا بەکاردێت. |
| .16 | پەیڤ | وشە |
| .17 | پەیڤین | گفتوگۆ، دیالۆگ |
| .18 | جڤاك[3] | کۆمەڵ، ئەنجومەن |
| .19 | گەنگەشە | تاوتوێ، موناقەشە |
| .20 | نها، نەها | ئێستا (زاراوەیەکە لەبواری ڕاگەیاندندا بەکادەهێنرێت) |
| .21 | بزاڤ | بزاوت، جوولە |

(1) بڕوانە فاروق عومەر سدیق: 2011: 128.

(2) لیستەی یەکەمی زاراوەی کارگێڕی (گۆڤاری کۆڕی زانیاری) : 1973 : 464.

(3) لیژنەی وەزارەتی پەروەردە، (2008) زمان و ئەدەبی کوردی بۆ پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی : 229.

3) ئەدەب:

| ز | ئەو وشانەی هاتوونەتە زمانی یەکگرتوو | سەرچاوەی زاراوە: کرمانجی سەروو لەگەڵ ئەو واتایەی دەیگەیەنێت |
|---|---|---|
| 22. | ڕۆندك[1] | فرمێسك، لە بواری ئەدەبدا بەکاردێت. |

### 2-5/3 دیالێکتی کرمانجی خواروو:

ئەم دیالێکتەش، کە ئەم نیمچە دیالێکتانە لەخۆ دەگرێت ((لوڕی ڕەسەن، بەختیاری، مامەسانی، کۆهگلۆ، لەك، کەلهوڕ)) ڕۆڵیان لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمانە یەکگرتووەکەدا بینیوە، هەوڵدەدەین لەم پۆلێنەی خوارەوە بیانخەینە بەرچاو:

1) زاراوە:

| ز | ئەو زاراوانەی هاتوونەتە ناو زمانی یەکگرتوو | سەرچاوەی زاراوە: کرمانجی خواروو لەگەڵ ئەو واتایەی دەیگەیەنێت |
|---|---|---|
| 1. | ئاژن[2] | کون کردن، لە بواری پزیشکیدا بەکاردێت. |
| 2. | کەنیز، کەنیزەك[3] | بۆ خزمەتکاری ڕەگەزی مێینە، وەك زاراوەیەکی بواری مێژوویی بەکاردەهێنرێت، چونکە لە ئێستادا کەنیزەك بەو شێوەیەی کە لەڕابردوودا هەبووە نییە. |
| 3. | وەچە، وەچ[4] | نەوە، زاراوەیەکی مێژووییە. |

---

[1] شێخ محەمەدی خاڵ: 2005: 220.

[2] عەباس جەلیلیان : 2012 : 9.

[3] شێخ محەمەدی خاڵ: 2005 : 385.

[4] عەباس جەلیلیان : 2012 : 443.

2) ناوی شت:

| ز | ئەو وشانەی هاتوونەتە ناو زمانی یەکگرتوو | سەرچاوەی وشە: کرمانجی خواروو لەگەڵ ئەو واتایەی دەیگەیەنێت |
|---|---|---|
| 4. | قاپی | دەرگا، هەندێ جاریش قاپی بەکاردەهێنرێت. |

3) ناوی ئاژەڵ

| ز | ئەو وشانەی هاتوونەتە ناو زمانی یەکگرتوو | سەرچاوەی وشە: کرمانجی خواروو لەگەڵ ئەو واتایەی دەیگەیەنێت |
|---|---|---|
| 5. | شەك[1] | بەرخێکە پێی نابێتە ساڵی دووەم. |

### 3-5/3 ڕۆڵی دیالێکتی گۆران لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمانی یەکگرتوودا:

ئەم دیالێکتە پێکهاتووە لە ((گۆرانی ڕەسەن، هەورامانی، باجەلانی، زازا))، ڕۆڵێکی دیاری لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی کوردی دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاستدا هەیە، بەو پێیەی جیاوازی لێکسیکی لە نێوان ئەم دیالێکتەو سێ دیالێکتەکەی تر زیاترە. هەردوو نیمچە دیالێکتی گۆرانو زازا بە دوو نیمچە دیالێکتی دەوڵەمەند دادەنرێن، لەڕووی کاریگەری بە سەر فەرهەنگی یەکگرتووی زمانی کوردیدا:

1) ناو تایبەتی مرۆڤ

أ- (ڕەگەزی نێر):

| ز | ئەو ناوانەی هاتوونەتە ناو زمانی یەکگرتوو | سەرچاوەی وشە: دیالێکتی گۆران لەگەڵ ئەو واتایەی دەیگەیەنێت |
|---|---|---|
| 1. | ئادان[2] (ز) | زەوی بەپیت |

---

[1] نیعمەت عەلی سایە: 2004 : 18.

[2] شێخ محەمەدی خاڵ: 2005 : 2.

| | | |
|---|---|---|
| 2. | ئارۆ | ئەمرۆ |
| 3. | ئاڤار (ز) | پێستەی خۆشکراو، یا جیابوونەوەی شتێك. |
| 4. | سان[1] | سوڵتان، نازناوی میرانی هەورامانە |
| 5. | شارۆ | کۆکردنەوەی ئەو گوێزانەی کە کەوتوونەتە ژێر درەختەکەوە. |
| 6. | کۆڤان، کووڤان[2] (ز) | داخو خەفەت. ئێشو ئازار. |
| 7. | کۆسار[3] | چیای زۆر، ناوچیا |
| 8. | کۆساران[4] | جێگەی زۆر چیایان |
| 9. | هۆزان[5](ز) | هەڵکەوتووی بلیمەت (علامە) |
| 10. | وارۆ[6] (ه) | لەخوارەوە |

ب- (ڕەگەزی مێ):

| ز | ئەو ناوانەی هاتوونەتە ناو زمانی یەکگرتوو | سەرچاوەی وشە: دیالێکتی گۆران لەگەڵ ئەو واتایەی دەیگەیەنێت |
|---|---|---|
| 11. | پەرواز (پەرۋاز)[7] | فڕین، سەر بە نیمچە دیالێکتی هەورامییە. |
| 12. | تەژنە | تینوو |
| 13. | ساۋی، ساوێ | سێو |
| 14. | ڕازان[8] (ه) | ڕێ زان. |

(1) هەژار موکریانی: 1389: 409.
(2) شێخ محەمەدی خاڵ: 2005 : 374.
(3) هەژار موکریانی: 1389 : 634.
(4) سەرچاوەی پێشوو : 634.
(5) شێخ محەمەدی خاڵ: 2005 : 504.
(6) جمال حبیب الله : 2010 : 976.
(7) سەرچاوەی پێشوو : 249.
(8) سەرچاوەی پێشوو: 516.

| | | |
|---|---|---|
| .15 | لاڤە[1](ز) | هیوا. |
| .16 | هانە (هـ) | کانی. |
| .17 | هایما (هـ) | بەخەبەر. |

2) زاراوە:

| ز | ئەو زاراوانەی هاتوونەتە ناو زمانی یەکگرتوو | سەرچاوەی زاراوە: دیالێکتی گۆران لەگەڵ ئەو واتایەی دەیگەیەنێت |
|---|---|---|
| .18 | ئاوەز (ئاوْەز)[2] | هۆش، فام، وشەکە سەر بە نیمچە دیالێکتی هەورامییە. |
| .19 | باربوو[3] | کۆمەك، یارمەتی دان |
| .20 | بەرسڤ[4] | وەڵام |
| .21 | شیاندن[5](ز) | ڕەوانەکردن |
| .22 | نەیار[6](ز) | دوژمنی ئاشکرا |
| .23 | نوژدار ، نژدار[7] | پزیشکی نەشتەرگەر (جراح)، وەك زاراوەیەك لە بواری زانستی پزیشکیدا بەکاردەهێنرێت، ئەم وشەیە سەر بە نیمچە دیالێکتی زازاییەو زمانی یەکگرتووی دەوڵەمەندکردوە. |
| .24 | نۆژەن[8](ز) | شتی تازە داڕێژراو لە ئاسن، یاخود لە مس. دەستکردنەوە بەکارێك دوای لێ وەستاندنی. |
| .25 | هەسارە[9] | ئەستێرە، وەك زاراوەیەك لەبواری ئەستێرەو گەردونناسیدا |

(1) شێخ محەمەدی خاڵ: 2005 : 423.
(2) جمال حبیب الله : 2010 : 48.
(3) سەرچاوەی پێشوو : 117.
(4) بروانە ((شێخ محەمەدی خاڵ: 2005 : 46 ))، ((لیژنەی وەزارەتی پەروەردە، (2008) زمانو ئەدەبی کوردی بۆ پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی: 91)).
(5) جمال حبیب الله : 2010: 302.
(6) شێخ محەمەدی خاڵ: 2005 : 482.
(7) سەرچاوەی پێشوو : 473.
(8) سەرچاوەی پێشوو : 475.
(9) جمال حبیب الله : 2010 : 1096.

| | | |
|---|---|---|
| | | بەکاردەهێنرێت، وشەکە سەر بە نیمچە دیالێکتی هەورامییە. |

3) ئەدەب:

| ز | ئەو وشانەی هاتوونەتە ناو زمانی یەکگرتوو | سەرچاوەی وشە: دیالێکتی گۆران لەگەڵ ئەو واتایەی دەیگەیەنێت |
|---|---|---|
| 26. | ئەشك[1] | فرمێسك، وشەکە سەر بە نیمچە دیالێکتی هەورامییە. |
| 27. | پەروانە، پەرۊانە[2] | بەواتای پەپوولە، سەر بە نیمچە دیالێکتی هەورامییە. |
| 28. | ڕاڤە[3](ز) | شیکردنەوە |
| 29. | زبارە[4] (ز) | هەرەوەز |
| 30. | زنار[5] | بەردی گەورە، لە بنەڕەتدا وشەکە زازاییە. لە زمانی نوسیندا شیعر بەتایبەتی بەکاردێت. |
| 31. | خامە(ە)[6] | قەڵەم، شوولّ، توولّ، ئاڵا.. |
| 32. | قسوور[7] | خەتا، کەمتەرخەمی. لەشیعردا لەزمانی نوسیندا بەکارهاتووە. |

4) ناوی خواردن:

| ز | ئەو وشانەی هاتوونەتە ناو زمانی یەکگرتوو | سەرچاوەی وشە: دیالێکتی گۆران لەگەڵ ئەو واتایەی دەیگەیەنێت |
|---|---|---|
| 33. | ربە (روب)[8] | دۆشاو، زیاتر بۆ خۆشاوی هەنار کە پێی دەگوترێت (ربە هەنار)، لە بنەڕەتدا وشەکە هەورامییە. |

(1) جمال حبیب الله : 2010: 70.

(2) سەرچاوەی پێشوو : 249.

(3) شێخ محەمەدی خاڵ: 2005 : 215.

(4) بڕوانە ((شێخ محەمەدی خاڵ: 2005 : 234. ))، ((لیژنەی وەزارەتی پەروەردە، (2008) زمانو ئەدەبی کوردی بۆ پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی: 268)).

(5) جمال حبیب الله : 2010: 238.

(6) سەرچاوەی پێشوو: 404.

(7) سەرچاوەی پێشوو : 702.

(8) عەبدولواحید موشیر : 2011 : 102.

5) ناوی شوێن:

| ز | ئەو وشانەی هاتوونەتە ناو زمانی یەکگرتوو | سەرچاوەی وشە: دیالێکتی گۆران لەگەڵ ئەو واتایەی دەیگەیەنێت |
|---|---|---|
| 34. | یانە[1] | وشەیەکە لە نیمچە دیالێکتی هەورامیەوە، وەرگیراوە بە واتـای خـانوو، ماڵو جێگای حەسانەوە دەگەیەنێت. |

6) ناو گۆڤار:

| ز | ئەو وشانەی هاتوونەتە ناو زمانی یەکگرتوو | سەرچاوەی وشە: دیالێکتی گۆران لەگەڵ ئەو واتایەی دەیگەیەنێت |
|---|---|---|
| 35. | لڤین[2] | جووڵانەوە، لە بنەڕەتدا وشەکە زازاییە. |
| 36. | وەشت[3] | باران، لە فرێزی چەسپاوی (بای وەشت) بەکاردەهێنرێت، واتە بای باران، لە بنەڕەتدا وشەکە هەورامییە. |

### 4-5/3 ڕۆڵی نیمچەدیالێکتەکانی تری کرمانجی ناوەڕاست لە دەوڵەمەندکردنی زمانی یەکگرتوودا:

ئەم دیالێکتەش وەك دیالێکتی سەرەکی زمانی کوردی پێکهاتووە لەم نیمچـەدیالێکتانە ((مـوکری، سۆرانی، ئەردەڵانی، سلێمانی، گەرمیانی))، ئەم نیمچە دیالێکتانـە ڕۆڵـی بەرچـاویان لـە دەوڵەمەنـدکردنی فەرهەنگی زمانی کوردیدا هەیە:-

1) زاراوە:

| ز | ئەو زاراوانەی هاتوونەتە ناو زمانی یەکگرتوو | سەرچاوەی وشە: نیمچە دیالێکتەکانی تری ناوەڕاست لەگەڵ ئەو واتایەی دەیگەیەنێت |
|---|---|---|
| 1- | ئەشکەنجە[4] | ئازاردانی کەسێك بۆ ئەوەی دان بە هەڵەکەیدا بنێت، وشەکە لە بنەڕەتدا سەر بە نیمچە دیالێکتی ئەردەڵانە. |

---

(1) جمال حبيب الله : 2010 : 1122.

(2) شێخ محەمەدی خاڵ: 2005 : 426.

(3) بڕوانە ((جمال حبيب الله : 2010 : 1021))، ((عەبدوڵڵا گۆران : 1382 : 44)).

(4) شێخ محەمەدی خاڵ: 2005: 15.

| | | |
|---|---|---|
| -2 | پاژ[1] | (هێندێك لەشتێك، بەش)، مامۆستا مەردۆخ بۆ (جزء) بەکاری هێناوە. |
| -3 | دیباجە، یا دێواچە، یا دێباچە، یاخود دیباچە[2](ئە) | چەند وتەیەکی بەپێزە لەپێشەکی کتێب، یا وەك پوختەی کارنامەی رێککەوتنی سیاسی نێوان دوو گروپ، یا لایەن، دەخرێتە ڕوو، یا پێشەکی کتێب.. |
| -4 | نەوجەوان[3] | هەرزەکار، وشەکە لە بنەڕەتدا سەر بە بەشە دیالێکتی ئەردەڵانە. |
| -5 | شابەڕوو[4] | بەرانبەر (کەستانە)یە، وشەکە لە بنەڕەتدا سەر بە بەشە دیالێکتی ئەردەڵانە و زمانی یەکگرتووی دەوڵەمەند کردووە. |

2) ناوی مرۆڤ (ڕەگەزی نێر)

| ز | ئەو ناوانەی هاتوونەتە ناو زمانی یەکگرتوو | سەرچاوەی وشە: نیمچە دیالێکتەکانی تری ناوەڕاست لەگەڵ ئەو واتایەی دەیگەیەنێت |
|---|---|---|
| -6 | ئەردەڵان | ناوچەی ئەردەڵان |
| -7 | ژێوار[5] | گوزەرانو ژیان، وشەکە لە بنەڕەتدا سەر بە نیمچە دیالێکتی ئەردەڵانە. |

3) ئەدەب:

| ز | ئەو وشانەی هاتوونەتە ناو زمانی یەکگرتوو | سەرچاوەی وشە: نیمچە دیالێکتەکانی تری ناوەڕاست لەگەڵ ئەو واتایەی دەیگەیەنێت |
|---|---|---|
| -8 | پژاڵ[6] | لکی هەرە باریکی دار، وشەکە لە بنەڕەتدا سەر بە نیمچە دیالێکتی ئەردەڵانە. لەزمانی نوسیندا شیعر بەتایبەتی بەکارهاتووە. |

---

[1] شێخ محەمەدی خاڵ: 2005: 63.

[2] بروانە: 1) شێخ محەمەدی خاڵ: 2005: 209–210. 2) هەژار موکریانی: 1389: 331.

[3] شێخ محەمەدی خاڵ: 2005 : 481.

[4] سەرچاوەی پێشوو : 285.

[5] سەرچاوەی پێشوو: 250.

[6] شێرکۆ بێکەس : 2004 : 18.

| | | |
|---|---|---|
| 9- | ترۆم[1] | نەژاد، وشەکە لە بنەڕەتدا سەر بە نیمچە دیالێکتی ئەردەڵانە. |


**5-5/3 خستنەڕووی ئاماری ئەو وشانەی لەم باسەدا وەك نموونە بۆ دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمانی یەکگرتوو خراونەتەڕوو:**

**1) دیالێکتی کرمانجی سەروو (22) وشە.**

**2) دیالێکتی کرمانجی خواروو (5) وشە.**

**3) دیالێکتی گۆران (36) وشە.**

**4) بەشە دیالێکتەکانی تری کرمانجی ناوەڕاست (9) وشە.**




[1] شێرکۆ بێکەس : 2004: 40.

# ئه نجام

1) له زانستی زاراوەدا چەمك دیاری دەكرێتو پاشان زاراوەیەكی گونجاوی بـۆ دادەنرێـت، واتـە چـەمك دەسەڵاتی بەسـەر زاراوەكـەوە هەیـە، چـونكە مـەرجی سـەرەكی زاراوەبـوون خۆبەسـتنەوەیەتی بـە چەمكەوە.

2) بەپێی داتاو ئاماری ئـەو زاراوانـەی لـەم توێژینەوەیـەدا هـەن، ئـەوە دەردەخـەن، لـەناو ڕێگاكـانی دەوڵەمەندكردنی فەرهەنگی زاراوەی كوردیدا، ڕێگای سازكردنی زاراوە بەیارمەتی ئەفێكس (پێشگرو پاشگر) چالاكترین ڕێگایەو لەناو ئەفێكسەكانیشدا پاشگر لە سـازكردنی زاراوەدا چـالاكترە، لـەدوای ئەفێكس ڕێگای لێكدان دێت، لەناو لێكدانیشدا سازكردنی زاراوە بەبێ كۆنجێكشن بـەپیێزترە، لـەناو كۆنجێكشنەكانیشدا كۆنجێكشنی (-ە-) چالاكترە، لەدوای لێكدانیش فرێزی چەسپاو دێت، لەناو فرێزە چەسپاوەكانیشـدا مـۆرفیمی خسـتنەپاڵی (-ی) چـالاكترە، لـەدوای فرێـزی چەسـپاویش كاڵكـە، و گەورەكردنی كەرەستەی خۆماڵی، و وەرگرتن، و پاشان داتاشین، دوابەدوای یەك دێن.

3) بەپێی داتاو ئاماری ئەو وشانەی لەبەردەستدان، لەناو دیالێكتەكانی زمانی كوردی، دیالێكتی گۆران بەپلەی یەكەم دێت كە ڕۆڵی دەوڵەمەندكردنی فەرهەنگی زمانە یەكگرتووەكەدا هـەبووە، دوابـەدوای ئەو دیالێكتی كرمانجی سەروو، دواتریش نیمچـە دیالێكتـەكانی تـری كرمـانجی ناوەڕاسـتو پاشـان دیالێكتی كرمانجی خواروو.

4) ئەو وشانەی كە لە دیالێكتەكانەوە چوونەتە فەرهەنگی زمانە یەكگرتووەكەوە بەپلەی یەك لە (نـاوی تایبەتی مرۆڤ)دا چالاكترن، دوای ئەم (زاراوە) بە پلەی دووەمو دواتریش ئـەو وشـانەی وەك هاوواتـا لەدەقی ئەدەبیدا تەوزیفكراون.

5) لـەناو ڕێگاكـانی دەوڵەمەنـدكردنی فەرهـەنگی زمانـدا، زاراوە ڕۆڵێكـی دیـاری لـە گەشەسـەندنو پەرەسەندنی فەرهەنگی زمانی كوردیدا هەبووە، لەدوای زاراوە دیالێكت دێت، بەڵام بەبەراورد لەگەڵ زاراوە جوڵەو چالاكی كەمترە، چونكە زاراوە بەستراوە بە بوارە زانستییە جیاجیاكانەوەو هەریەك لـەو زانستانە فەرهەنگێكی زاراوەی تایبەت بەخۆیان هەیە، گەشەسەندنو پەرەسـەندنی ئـەو زاراوانـە لـە بوارە زانستێكانیاندا ڕەنگدەدەنەوە.

## سەرچاوەکان

1 ) **بەزمانی کوردی**

**أ ) کتێب:**

1. ئەورەحمانی حاجی مارف، (1975) وشەی زمانی کوردی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد — بەغدا.

2. -----------، (1976) زمانی کوردی لەبەر رۆشنایی فۆنەتیکدا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد- بەغدا.

3. ئەورەحمان عبدالله، (2009 ) فەرهەنگی پەزیشکی (ئینگلیزی — عەرەبی — کوردی) چاپی، دووەم، بلاوکراوەی ئاراس- ژمارە: 919، هەولێر.

4. ئیبراهیم محەمەد جەزا، بابا رەسول غەفور، کەیوان محەمەد رەزا، (2009) فەرهەنگی زەویناسی (ئینگلیزی- کوردی)، چاپی دووەم، چاپخانەی بەدرخان، سلێمانی.

5. بەختیار سەجادی و محەمەد مەحموودی، (2004) فەرهەنگی شیکارانەی زاراوەی ئەدەبی، بلاوکراوەی ئاراس- ژمارە: 329، چاپی یەکەم، هەولێر.

6. بەکر عومەر عەلیو شێرکۆ حەمە ئەمین، (2006) زارو شێوەزار، چاپی یەکەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.

7. بێرنارد کەمریَ، جێرید دایەمەند، دەوگ والن، کـ.دەیڤید هاریسن، و. کامیل محەمەد قەرەداخی، (2007) زمان، چاپی یەکەم، چاپخانەی تیشک، سلێمانی.

8. تالیب حوسێن عەلی، (2011 )، واتاسازی چەند بابەتێکی لێکدانەوەی واتای وشە، چاپی یەکەم، چاپخانەی رۆژهەلات، هەولێر.

9. تۆفیق وەهبی، و.عەزیز گەردی، (2002) کوردو زمانی کوردی، زنجیرە کتێبی گیرفانی دەزگای چاپو پەخشی سەردەم (19)، سلێمانی.

10. جمال حبیب الله (بێدار)، (2010) وشەنامە (هۆرامی —کوردیی ناوەڕاست)، چاپی یەکەم، چاپخانەی سپیرێز، دهۆك.

11. جەمال عەبدول، (2001) بەرکولێکی زانستە زاراوەسازیی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی قەشەنگ، سلێمانی.

12. ----------، ( 2012) رێبەری زاراوە ئامارییەکان (ئینگلیزی-عەرەبی-کوردی)، چاپی یەکەم، چاپخانەی هاشم، هەولێر.

13. حوسێن محەمەد عەزیز، (2005) سەلیقەی زمانەوانییو گرفتەکانی زمانی کوردیی، چاپی دووەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.

14. روزبە، داریوش ئاشوری، د.بەهادین پازارگاد، و. بورهان قانع (2011) فەرهەنگی نویَ، چاپخانەی قانع، چاپی چوارەم، سلێمانی.

15. سابیر بەکر بۆکانی، (2004) فەرهەنگی سایکۆلۆژی (ئینگلیزی- عەرەبی- کوردی)، چاپی یەکەم، سلێمانی.

16. سەلام ناوخۆشو نەریمان خۆشناو، (2010) زمانەوانی، بەرگەکانی (1، 2، 3) چاپی دووەم، چاپخانەی رۆژهەلات، هەولێر.

17. شێرکۆ بێکەس، (2004) گۆڕستانی چراکان، چاپی دووەم، سلێمانی.

18. شێخ محەمەدی خاڵ، (2005) فەرهەنگی خاڵ، چاپی دووەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

19. صادق بهاء الدین ئامێدی، (1987) رێزمانا کوردی – کرمانجی یا ژۆریو ژێری یا هەڤبەرکری، چاپا یەکێ، زانکۆی صلاح الدین، چاپخانەی دار **الشؤون الثقافية العامة**، بەغدا.

20. عەباس جەلیلیان (ئاکۆ)، 2012، فەرهەنگی باشوور تایبەت بە ناوچەکانی کرماشانو ئیلامو لوڕستان، چاپی سێیەم، چاپخانەی کەمال، سلێمانی

21. عبدالرحمن شەرەفکەندی (هەژار موکریانی)، (1389) هەنبانە بۆرینە، چاپی حەوتەم، تاران.

22.

23. عەبدوڵڵا پەشێو، (2002) بەرەو زەردەپەڕ، چاپی دووەم، هەولێر.

24. عەبدوڵلا گۆران، (1382) دیوانی گۆران، چاپی یەکەم، چاپخانەی دالاهو، تاران.

25. عەبدولواحید موشیر دزەیی، (2013) وشەسازی زمانی کوردی، چاپی یەکەم، بلاوکراوەکانی کتێبخانەی ئاوێر ژمارە (109)، هەولێر.

26. ----------، (2010 ) واتاسازی وشەو ڕستە، چاپی یەکەم، چاپخانەی رۆژهەلات، هەولێر.

27. ----------، (2011) زارە کوردییەکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی پاك، هەولێر.

28. عێزەدین مستەفا رەسول، (1971) سەرنجێ لە زمانی ئەدەبی ی یەکگرتووی کوردی، چاپخانەی (**سلمان الاعظمي**). بەغدا.

29. غازی فاتح وەیس، **فاضل مجید**، (1987) زمانو ئەدەبی کوردی، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

30. فاروق عمر سدیق، (2011) لەدایکبوونی وشە، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.

31. فەرشید شەریفی، (2007) فەرهەنگی زاراوەکانی فەلسەفەو زانستە کۆمەلایەتییەکان (ئینگلیزی-فارسی-کوردی)،چاپی یەکەم، لە بلاوکراوەکانی دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، سلێمانی.

32. فەرهاد شاکەلی، (2011) زمانی کوردی لەئاستانەی سەردەمێکی تازەدا، چاپی دووەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.

33. فوئاد حەمە خورشید ، و.حەمە کەریمی هەورامی، (1985) زمانی کوردی دابەشبوونی جوگرافیایی دیالێکتەکانی، چاپخانەی افاق عربیە، بەغدا.

34. قەیس کاکل تۆفیق، (2007) ئاسایشی نەتەوەییو پلانی زمان، چاپی یەکەم، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر.

35. کاردۆ، (2006) فەرهەنگی زاراوەی شانۆیی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئارابخا، کەرکووك.

36. کامیل حەسەن بەسیر، (1978) زاراوەی کوردی، کۆلێجی ئاداب بەشی زمانی کوردی.

37. ------------، (2013) بەراوردکارییەك لە نێوان زمانی کوردیو زمانی عەرەبیدا، چاپی دووەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.

38. کلۆد جێرمانو ریمۆ لۆبلان، و: د.یوسف شەریف سەعید، (2006) واتاسازی، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.

39. کەمال جەلال غەریب، (2012) پرۆژەی زاراوەی زانستیی کوردی، چاپی دووەم، چاپخانەی ئاراس-هەولێر.
40. کوروش سەفەوی، و. دلێر سادق کانەبی (2006) چەند لایەنێکی واتاسازی، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، دەزگای توێژینەوەو بلاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر.
41. کۆمەڵێك نوسەر، و. محەمەدی مەحوی، (2009) مۆدێلو مۆدێلەکانی ڕێزمان، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.
42. گەیلان ئیسماعیل حەسەن هەریری، (2011) فەرهەنگۆکی زاراوە گەلی زانستی بەرهەمی کانزایی دارشتنی کانزاییو لکاندن (ئینگلیزی-عەرەبی-کوردی)، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
43. لیژنەی وەزارەتی پەروەردە، (2008) زمانو ئەدەبی کوردی بۆ پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی، وەزارەتی پەروەردە، حکومەتی هەرێمی کوردستان.
44. مەسعود محەمەد، (2011) زاراوەسازی پێوانە، چاپی دووەم، کتێبی ئاراس-ژمارە: 1093، هەولێر.
45. محەمەد صالح دیلان، (1973) پایزی جاران، نامیلکە شیعر، چاپی یەکەم، چاپخانەی کامەرانی، سلێمانی.
46. محمد معروف فتاح، (1984، 2011) زمانەوانی، چاپی یەکەم، ب.(**دار الحكمة للطباعة والنشر**)، هەولێر)) + ((چاپی سێیەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر)).
47. -----------، (2010) لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی رۆژهەلات، هەولێر.
48. نوری تاڵەبانی ، (2006) فەرهەنگی قانوونی (عەرەبی-کوردی-فەرەنسی-ئینگلیزی)، چاپی دووەم، سلێمانی.
49. نوری عەلی ئەمین، (1960) ڕێزمانی کوردی، (بەرهەمەکانی نوری عەلی ئەمین) چاپخانەی کامەران، سلێمانی.
50. نیعمەت عەلی سایە، (2004) ڕێزمانی کوردی زاری کەلهوڕی، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.
51. وریا عمر ئەمین، (2004) ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، هەولێر.

**ب ) گۆڤار:**

1. ئەنوەر مەسیفی، (2005) مانیڤێستی چوارەمی فۆڕمی گران، گۆڤاری شین، ژمارە (15)، دەزگای چاپو بلاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.
2. ئەورەحمانی حاجی مارف ، (1975) لێکسیکۆلۆژی زمانی کوردیی، بەشی دووەم، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی سێیەم، بەشی دووەم، چاپکراوی گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد.
3. ئیبراهیم ئەمین باڵدار، (1986) زاراوە زمان لەکاروانی زانیاری ئەمڕۆدا، گۆڤاری رۆشنبیری نوێ ژمارە 112، دار **الثقافة** والنشر الكرديه، بغداد.
4. تالیب حوسێن عەلی (2012) زاراوەسازی کوردیو چەند تێبینییەك، کتێبی توێژینەوەکانی کۆنفرانسی زانستیی زمانی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی رۆشنبیری، هەولێر.
5. تۆفیق وەهبی، (1940) گۆڤاری گەلاوێژ، ژمارە (5 و 6)، چاپی دووەم، 2007، سلێمانی.
6. ڕەفیق شوانی، (1998) کاریگەری بزووتنەوەی کوردو فراوانبوونی فەرهەنگی وشەی زمانی کوردی، گۆڤاری کاروان، ژمارە (127)، هەولێر.

7. عبدالرزاق بيمار، (1986) زاراوەكانی ناو كتێبانی قوتابخانە، گۆڤاری رۆشنبیری نوێ ژمارە 111، دار **الثقافة** والنشر الكردیە، بغداد.

8. فاروق عمر سدیق ، (2013) پێزو بەرهەمی وشەی (سەر) لەزمانی كوردیدا، ، گۆڤاری زانكۆی سلێمانی (بەشی B) ژمارە (42) تشرینی دووەم، بەشی زانستە مرۆڤایەتییەكان، زانكۆی سلێمانی.

9. فاروق عمر سدیق ، (2013) جێپەنجەی فرێزی بەلێكسیكبوو لەپەرەسەندنی فەرهەنگی كوردیدا، گۆڤاری زانكۆی سلێمانی (بەشی B) ژمارە (43) تشرینی دووەم، بەشی زانستە مرۆڤایەتییەكان، زانكۆی سلێمانی.

10. فتاح مامە، (2004) تەسكبوونەوەی واتا لەزمانی كوردیدا، گۆڤاری زانكۆی سلێمانی بەشی B، ژمارە (13)، سلێمانی.

11. فەرەیدون عەبدول بەرزنجی و سەباح ڕەشید، (2013) بڵاوبوونەوەی زارو زمانەكان لەژێر ڕۆشنایی تیۆری شەپۆلەكاندا، گۆڤاری ئەكادیمیای كوردی، ژمارە 26، هەولێر.

12. قەیس كاكل و دانا تەحسین، (2013) فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی لەڕوانگەی تیۆری ڤۆستەرەوە، گۆڤاری ئەكادیمیای كوردی، ژ.27، چاپخانەی حاجی هاشم-هەولێر.

13. كامەران رەحیمی، (2007) خەسارناسی وشەسازی لەزمانی كوردیدا، وەرزنامەی زانستی (زمانەوان)-لێكۆڵینەوەیی كۆڕی زانستی زمانی كوردی - ئێران، لەسەر ئەركی دەزگای چاپو بڵاوكردنەوەی ئاراس، هەولێر.

14. كامیل حەسەن بەسیر، (1974) زمانی عەرەبیو كێشەی زاراوەی كوردی، گۆڤاری كۆڕی زانیاری كورد، بەشی یەكەم، بەرگی یەكەم، چاپخانەی كۆڕی زانیاری كورد، بەغدا.

15. كامیل حەسەن بەسیر، (1986) پێناسینی زاراوە، گۆڤاری رۆشنبیری نوێ ژمارە 111، دار **الثقافة** والنشر الكردیە، بغداد.

16. كەمال فوئاد، (1971) زاراوەكانی زمانی كوردیو زمانی ئەدەبیو نووسینیان، گۆڤاری زانیاری، بەغدا، ژمارە (4)، چاپخانەی (دار السلام)، بەغدا.

17. لیژنەی زاراوەی كۆڕ، (1973) زاراوەی كارگێڕی، گۆڤاری كۆڕی زانیاری كورد، بەرگی 1، بەشی 1، بەغدا.

18. -------------،(1975 ) لیستەی چوارەم - زاراوی زمان ، گۆڤاری كۆڕی زانیاری كورد، بەرگی3، بەشی 1،بەغدا.

19. -------------، (1976) زاراوە زانستیەكان، لیستەی زاراوەكانی فەلسەفەو ژیربێژی، گۆڤاری كۆڕی زانیاری كورد، بەرگی چوارەم، بەغدا.

20. مستەفا زەنگەنە، (2003) پێناسەكانی وشە، گۆڤاری كاروان ، ژمارە (169)، هەولێر.

21. محمد معروف فتاح، (1982) ڕێنووسی كوردی لەڕووانگەی فۆنەتیكەوە، گۆڤاری كۆڕی زانیاری عێراق، بەرگی نۆیەم، بەغدا.

22. -----------، (1990) هەندێ تێ بینی دەربارەی ئاوەڵناو، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە (125).

23. -----------، (1989) وشەی لێكدراوی بەستراو لە زمانی كوردیدا، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە (124)، بەغدا.

24. محەمەد وەسمان، (2012) رۆڵی رەگی کار لە زاراوە داناندا، کتێبی توێژینەوەکانی کۆنفرانسی زانستیی زمانی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی رۆشنبیری، هەولێر.
25. مەسعود محەمەد، (1986) زاراوەسازیی پێوانە، گۆڤاری رۆشنبیری نوێ ژمارە 111، دار الثقافة والنشر الكرديه، بغداد.
26. هیوا ئەحمەد و عومەر ئەحمەد، (2013) شیکردنەوەی هەندێك وشەو زاراوەی نوێ لەزمانی کوردیدا، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە (24)، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
27. یوسف شەریف سەعید، (2012) ئاشنابوون بە دیالێکتەکانی زمانی کوردی هەنگاوێکە بۆ لێکگەیشتن‌و چارەسەرکردنی کێشەکان، ك.توێژینەوەکانی کۆنفرانسی زانستیی زمانی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی رۆشنبیری، هەولێر.

**پ) نامەی زانکۆیی:**

1. ئەبوبەکر عومەر قادر، (2003) بەراوردێکی مۆرفۆسینتاکسی لەزمانی کوردی‌و فارسی دا، نامەی دکتۆرا (بڵاونەکراوە)، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی.
2. بازیان یونس محی الدین، (2009) پەیوەندی ئاستی مۆرفۆلۆجی بەئاستی فۆنۆلۆجی‌و سینتاکس، نامەی ماجستێر (بڵاونەکراوە)، کۆلێجی زمان، زانکۆی سەلاحەدین.
3. بەکر عومەر عەلی، (1992) بەستن‌و کرتاندن لەکوردیدا، نامەی ماجستێر (بڵاونەکراوە)، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین.
4. بێستون حەسەن ئەحمەد، (2012) کۆمەڵە وشەو پێکەوەهاتن لەزمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا (بڵاوکراوە)، چاپی یەکەم، چاپخانەی لەریا، بەڕێوەبەرێتی چاپ‌و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، سلێمانی.
5. پەروین عوسمان مستەفا عەللاف، (2009)، واتاو وەرگێڕان، نامەی ماجستێر (بڵاوکراوە)، چاپی یەکەم، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر.
6. تابان محەمەد سەعید حەسەن، (2008) گەشەسەندن‌و پوکانەوەی گەنجینەی وشە لەزمانی کوردیدا، نامەی ماجستێر(بڵاونەکراوە) کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.
7. چۆلی ئەسعەد جراد، (2013 ) زمان لەڕاگەیاندنی بینراودا، نامەی ماجستێر (بڵاونەکراوە)، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی.
8. حاتەم ولیا محەمەد، (2000) فرێزی ناوی‌و فرێزی کاری لەکرمانجی ژووروودا، نامەی ماجستێر (بڵاونەکراوە)، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی.
9. دەرون عبدالرحمن سالح، (2012) ، ئیکۆنۆمی لەئاستەکانی زمانی کوردیدا، نامەی ماجستێر (بڵاوکراوە)، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
10. رێژنە مەعروف حوسێن، (2010) رۆڵی شێوەزارە کۆمەڵایەتییەکان لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی کوردیدا، نامەی ماجستێر(بڵاونەکراوە)، کۆلێجی زمان، زانکۆی سەلاحەددین.

11. رۆژان نوری عبدالله، (2007) فەرهەنگی زمانو زاراوەسازی کوردی نامەی ماجستێر (بلاوکراوە)، چاپی یەکەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.
12. سازان زاهیر سەعید، (2009) پێزی مۆرفیمە داڕێژەکانی بچووککردنەوەو ناسکی لەسازکردنی وشەی نوێدا، نامەی ماجستێر (بلاونەکراوە)، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.
13. شەهاب شێخ تەیب، (2012) بنەماو پێکهاتەکانی زاراوە لەزمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا (بلاوکراوە)، چاپی یەکەم، چاپخانەی کەمال، سلێمانی.
14. شیلان عومەر حسەین، (2009) ئیدیۆم چەشنو پێکهاتنی لەزمانی کوردیدا، نامەی ماجستێر (بلاوکراوە) ، چاپخانەی ڕەنج،مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی.
15. شێرکۆ حەمە ئەمین قادر، (2002) مۆرفیمە بەندە لێکسیکیو ڕێزمانییەکانو ئەرکیان لەدیالێکتی گۆراندا، نامەی ماجستێر (بلاونەکراوە)، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.
16. شێروان حوسێن خۆشناو، (2011) تێروانینێکی نوێ بۆ سینۆنیم لەزمانی کوردیدا، نامەی ماجستێر (بلاوکراوە)، چاپی یەکەم، چاپخانەی دیلان، بەڕێوەبەرێتیی چاپو بلاوکردنەوەی سلێمانی، سلێمانی.
17. طالب حسێن عەلی، (1989) فۆنۆلۆجی کوردیو دیاردەی ئاسانبوونی فۆنیمەکان لەزاری سلێمانی دا، نامەی ماجستێر (بلاونەکراوە) کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.
18. عەبدولمەناف ڕەمەزان ئەحمەد، (2009) ئەتلەسی زمانی (هەرێمی کوردستانی عێراق وەك نمونە)، نامەی ماجستێر(بلاونەکراوە)، کۆلێجی زمان، زانکۆی سەلاحەدین.
19. عەبدولواحید موشیر دزەیی، (2004) واتای کاریگەری لە بواری ڕاگەیاندندا، نامەی دکتۆرا (بلاونەکراوە)، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.
20. فەرهاد تۆفیق حەسەن، (2010) پەیوەندییە سیمانتیکییەکانو هەندێك دیاردەی واتایی لەزمانی کوردیدا، نامەی ماجستێر (بلاونەکراوە) کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی.
21. کەوسەر عەزیز ئەحمەد، (1990) بیردۆزی مۆرفیمو هەندێ لایەنی وشەسازی کوردی، نامەی ماجستێر (بلاونەکراوە)، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.
22. مستەفا ڕەزا مستەفا، (2013) ناوی ئەبستراکتو پێزی مۆرفیمە داڕێژەکانی ناوی ئەبستراکت لەزمانی کوردیدا، نامەی ماجستێر (بلاونەکراوە)، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.
23. نەرمین عومەر ئەحمەد، (2010) بەبەرهەمی لەمۆرفۆلۆژیی کوردیدا، نامەی ماجستێر (بلاونەکراوە)، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی.
24. نەریمان عەبدوڵلا خۆشناو، (2013) زمانی ستانداردی کوردی، نامەی دکتۆرا (بلاوکراوە)، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.
25. هێمن عەبدولحەمید شەمس، (2006) شێوازو دەربڕین لە بۆنە کۆمەڵایەتییەکان، نامەی ماجستێر (بلاونەکراوە)، کۆلێجی پەروەردە، زانکۆی کۆیە.

**ج ) وانەی خوێندنی باڵاو چاوپێکەوتن :-**

1. پ.د. فاروق عومەر سدیق : وانەکانی خوێندنی باڵا – ماجستێر (لێکسیکۆگرافیا).
2. پ.د. فاروق عومەر سدیق: وانەکانی خوێندنی باڵا - ماجستێر (لێکسیکۆلۆجی).
3. پ.د. فاروق عومەر سدیق : وانەکانی خوێندنی باڵا – ماجستێر (زاراوەسازی).
4. پ.د. فاروق عومەر سدیق : وانەکانی خوێندنی باڵا - ماجستێر (مۆرفۆلۆجی).

2 ) **بە زمانی عەرەبی:**

1. ابراهيم انيس، (1995) في اللهجات العربية ، مكتبة الانجلو، الطبعة التاسعة ، مصر.
2. ادريس بن الحسن العلمي، (2002) في الاصطلاح، الطبعة الاولى، مطبعة دار النجاح الجديدة–الدار البيضاء.
3. إسماعيل بن كثير الدمشقي، (2000) تفسير القران العظيم، المجلد السابع، الطبعة الاولى، مؤسسة قرطبة للطبع والنشر والتوزيع، مصر.
4. أحمد مختار عمر، (1998) علم الدلالة، الطبعة الخامسة، عالم الكتب، القاهرة، مصر.
5. أحمد محمد المعتوق، (1996) الحصيلة اللغوية (اهميتها–مصادرها–وسائل تنميتها، عالم المعرفة، الكويت.
6. أحمد بن محمد المعتوق، (2000) المصطلحات العلمية العربية: مكانتها من الرصيداللغوي وطرق تنمية محصول الناشئة منها،مجلة جامعة الملك سعود، المجلد 12، الاداب(2)، الرياض ، المملكة العربية السعودية.
7. أعضاء شبكة تعريب العلوم الصحية، (2005) علم المصطلح لطلبة العلوم الصحية والطبية، مع معهد الدراسات المصطلحية، فاس، المملكة المغربية.
8. جعفر آل ياسين، (1985) الفارابي في حدوده ورسومه، عالم الكتب، ط1، بيروت، لبنان.
9. جميل عيسى الملائكة، (1995) منهجية وضع المصطلح و توحيده، مجلة اللسان العربي، العدد 39، عمان، الاردن.
10. جواد حسني سماعنة، (2000) المعجم العلمي المختص (المنهج والمصطلح)، مجلة مجمع اللغة العربية بدمشق، المجلد (75)، الجزء (4)، سوريا.
11. حسام سعيد النعيمي، (1980) الدراسات اللهجية والصوتية عند ابن جني، سلسلة دراسات (234)، دار الرشيد للنشر، منشورات وزارة الثقافة والاعلام – الجمهورية العراقية.
12. ستيفن أولمان، ترجمة : دكتور كمال بشر، (1986) دور الكلمة في اللغة، الطبعة الثانية عشرة، دار غريب للطباعة والنشر والتوزيع، القاهرة، مصر.
13. شرف خان البدليسي، ت. محمد علي عوني (1948) شرفنامه، الجزء الاول، دار احياء الكتب العربية عيسى البابي الحلبي وشركاه، 1367هـ/ 1948م.
14. عبدالعزيز المطاد، (2006) المصطلح العربي وقضايا التوليد، دراسات مصطلحية، العدد6.

15. علي توفيق الحمد، (2005) المصطلح العربي: شروطه وتوليده، مجلة جامعة الخليل للبحوث، المجلد 2، العدد 1، اربد–الاردن.

16. علي القاسمي، (1980) علم المصطلح النظرية العامة لوضع المصطلحات و توحيدها وتوثيقها، مجلة اللسان العربي، المجلد 18، ج1.

17. علي القاسمي، (1987) النظرية العامة والنظرية الخاصة في علم المصطلح، مجلة اللسان العربي، المجلد 29، ج1.

18. علي القاسمي، (2005) النحت وتوليد المصطلحات العلمية، دراسات مصطلحية، العدد الخامس.

19. فائق خلف سليمان، (2009) المصطلحات المركبة تركيبا اضافيا في كتاب العين (دراسة دلالية)، مجلة سر من رأى، المجلد 5، العدد 14، جامعة سامراء، العراق.

20. ف. بالمر ، ترجمة: مجيد عبدالحليم الماشطة، (1985) علم الدلالة، كلية الاداب، الجامعة المستنصرية، بغداد، العراق.

21. فرحات بلولي، (2010) المصطلح اللساني التداولي قراءة في منهجيات الترجمة، الممارسات اللغوية، العدد 1، جامعة مولود معمري–تيزي وزو، مخبر الممارسات اللغوية في الجزائر.

22. ماجدة توماس حانة، ترجمة: د.ماري شهرستان، (2008 ) اللغة والاتصال في الخطاب متعدد المعاني، الطبعة الاولى، دار كيوان للطباعة والنشر والتوزيع، دمشق، سورية.

23. محمد امين زكي بك، (1939) خلاصة تاريخ الكرد وكردستان، العلامة المفضال معالي محمد امين زكي بك الوزير العراقي سنة 1931، ونقله الى العربية وعلق عليه الاستاد محمد علي عوني 1936، مطبعة السعادة بجوار محافظة مصر سنة 1939.

24. محمد شفيع الدين، (2007) اللهجات العربية و علاقتها باللغة العربية الفصحى: دراسة لغوية، مجلة الدراسات الجامعة الاسلامية العالمية شيتاغونغ، المجلد الرابع، بنغلاديش.

25. محمود السعران، (2008) علم اللغة مقدمة للقارىء العربي، منشورات دار النهضة العربية، بيروت، لبنان.

26. محمود عكاشة، (2007) علم اللغة (مدخل نظري في اللغة العربية)، دار النشر للجامعات، القاهرة، مصر.

27. محمود فهمي حجازي، (1993) الأسس اللغوية لعلم المصلح، ، دار غريب، القاهرة ، مصر.

28. مخلصين، (2008) اثار اللهجات العربية في القراءات السبع، بحث جامعي درجة سرجانا (S1)، قسم اللغة العربية وادبها، كلية العلوم النسانية والثقافة، جامعة مالانج الاسلامية الحكومية.

29. مها خيربك ناصر، (2010) حركية المصطلحات النحوية بين شرعية التداول وعملية الابتكار ، مجلة الممارسات اللغوية العدد (صفر)، الجزائر.

30. مهدي صالح سلطان الشمري، (2012) في المصطلح ولغة العلم، كلية الاداب، جامعة بغداد.

31. ميلكا افيتش، الترجمة: د.سعد عبدالعزيز مصلوح و د.وفاء كامل فايد (1996) اتجاهات البحث اللساني، طبع بالهيئة العامة لشؤن المطابع الاميرية.

32. نبيل عبدالهادي، د.عبدالعزيز ابو حشيش، د.خالد عبدالكريم بسندي، (2003) مهارات في اللغة والتفكير، الطبعة الاولى، دار المسيرة للنشر والتوزيع والطباعة، عمان، الاردن.

33. يحيى عبدالرؤوف جبر، (1992) الاصطلاح مصادره و مشاكله و طرق توليده، مجلة اللسان العربي، العدد 36.

3) **به زمانی ڕوسی:**

1. ن.م. شانسكی، (1972) لێكسیكۆلۆژیای زمانی ڕوسی ئەمڕۆ، چاپی دووەم، بژاركراو، مۆسكۆ.
2. چ.خ.باكاییێف (1957) فەرهەنگی كوردی– ڕوسی، مۆسكۆ.
3. چ.خ.باكاییێف (1973) زمانی كوردی سۆڤێت، مۆسكۆ.

4) **به زمانی ئینگلیزی:**

1. A.P.Cowie, (2013) Semantics, Oxford University Press, printed in Spain by Orymu, S.A.
2. Franks Katamba, (2006) Morphology, Hampshire RG21 6XS, England.
3. George Yule, (2006) The Study of Language, Third Edition, Cambridge University Press, New York, USA.
4. Helmut Felber, (1984) Terminology Manual, Paris, France.
5. H.G.Widdowson, (2009) Linguistics, Oxford University Press, New York, USA.
6. Ingo Plag, (2003) Word-Formation in English, printed in the United Kingdom at the of Cambridge University press, UK.
7. Jean Aitchison, (1992) Teach Yourself Linguistics, British Library Cataloguing in Publication Data, London.
8. John Lyons, (1990) Language and Linguistics, Cambridge University Press, New York,
9. JOHN LYONS, (1995) LINGUISTIC SEMANTICS An Introduction, First Edition, Cambridge University Press ,British Library, U.K.
10. John I. Saeed, (2009) SEMANTICS, Third Edition, printed in Singapore by Utopia Press Pte Ltd.
11. Martin Haspelmath and Andrea D. Sims, (2012) Understanding Morphology, London, England.
12. Norman C.Stageberg, (1981) An Introductory English Grammar, Forth Edition, printed in the United of America.
13. Patrick Bonin, (2004) Mental Lexicon, Copyright by Nova Science, Inc., printed in the U.S.A.
14. R.M.Dixon (1982) where have all the adjectives gone?, Oxford, England, copyright printed in Germany.
15. Sebastian Löbner, (2002) Understanding SEMANTICS, Oxford University Press inc., New York, USA.
16. Seyyed Ayetollah Razmjoo, (2004) FUNDAMENTAL CONCEPTS IN LINGUISTICS, Rahnama Press, Department of Foreign Languages and linguistics Shiraz University, Iran.
17. Sidney Greenbaum and Gerald Nelson, (2009) An Introduction to English Grammar, third edition, Britain.

18. Steven Davis and Brendan S.Gillon, (2004) Semantics: A Reader, Oxford University Press.
19. Victoria Fromkin, ROBERT RODMAN, NINA HYAMS, (2009) An Introduction to Language, New York, USA.

5 ) **ئینتەرنێت:**

1. سحر خياط : محاضرات في مبادىء الاقتصاد الجزئي (www.kau.edu.saFiles 2013/8/3.

2. كـاظم عظيمـى : نيسـان (أبريـل) ٢٠١٠ العلاقـة بـين اللفـظ والمعنـى مـن السـقراط حتّـى علـم الهرمينوطيقـا، (http://www.diwanalarab.com/spip.php?) 2013/7/1.

3. كلارنس لويس بارنهارت.http://en.wikipedia.org/wiki/Vocabulary6/9/2013.

4. عامر الزّنـاتي الجـابري، اشـكالية ترجمـة المصـطلح مصـطلح الصـلاة بـين العربيـة والعبريـة انموذجـا، مجلـة البحـوث والدراسات القرانية، العدد التاسع، (http://jqrs.qurancomplex.gov.sa 3/9/2013)

5. عبـدالعزيز بـن حميـد الحميـد: 2009 : ملخّـص بحـث الـترادف والاشـتراك مظهـران مـن مظـاهر ثـراء العربيّـة (http://www.voiceofarabic.net/).

6. علي القاسمي،(2010) المعجم والقاموس، دراسة تطبيقية في علم المصطلح www.aleflam.net.

7. عفاف خيري https:www.google.iq#q= 6/9/2013

8. جون راي http;//ar.wikipedia.org/wiki John Ray 6/9/2013

9. محەمـــــــــەدی مـــــــــەحوی : چـــــــاوپێکەوتنی تەلـــــــــەفزیۆنی لــــــــە NRT 2013/9/8. (http://www.youtube.com/watch?v=FBb6qHZBOUU).

10. محمود جاسم الدرويش، (2004) اللهجات العربية البائـدة و علاقتهـا بعربيـة القـران الكـريم، مجلـة المختـار للعلـوم الانســـــانية، العـــــدد الثـــــاني، قســـــم اللغـــــة العربيـــــة، كليـــــة الاداب، جامعـــــة عمـــــر المختـــــار. (http://www.omu.edu.ly/Moktar_MG1/Mag.aspx?View=2).

11. Daniel M. Shotrt (2007) Indo-European Languages, part2, (www.danshort.com ieiesatem.htm).
12. ecmd.nju.edu.cn (Zhang Yunfei. 1999. *An introduction to modern English lexicology*. Beijing Normal University Press) 22/8/2012.
13. en.wikipedia.org/wiki/Categorization12/11/2013.
14. George Boeree - language change and evolution webs pace. Ship-edu/cg boer/lang evol.htm.18/6/2013.
15. Richard Nordquist - language change - grammar, about.com.( http://english-language-skills.com 18/6/2013).
16. thinkingout.ru/lex-bilet4.php. Development of Vocabulary. The Basic Word-Stock of the English Language 11/10/2013.
17. www.ciil-ebooks.net/html/lexico/link4.htm.10/8/2013
18. www.vocabulary.co.il/ vocabulary-words-html/, Vocabulary Word Usage & Development.1/10/2013.

# خلاصة البحث

هذه الرِّسالة هي التي تحت عنوان (كلمة اللغة الكوردية و طرق اغنائها)، دراسة وصفية تحليلية مُعرِضاً فيها جميع الطرق التي تؤدي إلى اغناء معجم اللغة، أُلقي الضوء على دور المصطلح واللهجات في إنماء و اغناء المعجم العام للُّغة الكوردية.

يتكون البحث من المقدمة وثلاثة فصول والنتائج مع قائمة المصادر والمراجع، منقسماً إلى:—

الفصل الأول: يحمل عنوان **(معجم اللغة وطرق اغنائه)**، نظرياً مبيِّناً فيه مكونات المعجم اللغة من حيث فعالية الكلمات إلى قسمين أساسيين "المعجم الأساسي والمعجم العام"، مع عرض جميع الطرق التي تؤدي إلى إغناء معجم اللغة بصورة عامة، الكلمة (من حيث الشكل والمعنى) والمصطلح، والعلاقة بين الدال والمدلول حسب نظريات المعنى، ثم المقارنة بين الكلمة والمصطلح حسب نظريات المعنى، مع اللهجة وأسباب حدوثها والمقارنة بين اللغة واللهجة، وفي نهاية المطاف عُرضت الأعمال السابقة التي لها علاقة بموضوع البحث.

الفصل الثاني: تحت عنوان **(دور المصطلح في اغناء معجم اللغة الكوردية)**، مُعرضاً فيه علم المصطلح من حيث المفهوم والشكل، مع أهمية وخواص وتوليد المصطلحات، ثم الاختلاط والتفاعل بين المعجم العام والمعجم الخاص للمصطلحات، مع عرض المشاكل وحلوله للمصطلحات الكوردية، مع إبراز دور المصطلح الذي يؤدي إلى اغناء المعجم الخاص (معجم التخصصات للمصطلحات العلمية)، والّذي يعدُ جزءاً من المعجم العام للُّغة، مع الطرق التي تؤدي إلى تشكيل المصطلح بصورة تطبيقية في اللغة الكوردية.

وفي الفصل الثالث أُشيرَ الى **(دور اللهجات في اغناء معجم اللغة الكوردية)** فيه بحث عن دور ونشاط اللهجات الكوردية في اغناء معجم اللغة الكوردية الموحدة، والذي تستخدم في أكثر المناطق في إقليم كوردستان العراق، مع عرض تأثير كل لهجة من اللهجات الكوردية الأربعة في اغناء المعجم، عن طريق إحصاء الكلمات الدخيلة في المعجم العام للُّغة الكوردية الموحدة، من قبل لهجاتها.

Abstract

This research under the title **(The Kurdish language word and ways to enrich)**, descriptive study analytical exhibition where all the roads that lead to enrich the lexicon of language, highlight the role of the term and dialects in the development and enrich the lexicon General (Vocabulary) of the Kurdish language.

The research consists of the introduction, three chapters and results with a list of sources and references, divided into: -

Chapter One is titled **(Dictionary of the language and methods of beneficiation)**, theoretically indicating the components of the lexicon language in terms of the effectiveness of words into two main categories, "basic word stock and Vocabulary", with all the roads that lead to enrich the lexicon language in general, the word (form and meaning) and the term, and the relationship between the signifier and the signified by theories of meaning, then the comparison between the word and the meaning of the term by theories, with the tone and the reasons for their occurrence and the comparison between language and dialect, and ultimately offered the previous work related to the subject matter.

Chapter Two under the title **(The role of the term in enriching Lexicon Kurdish language)**, an exhibition in which science term in terms of concept and form, with the importance of the properties and the generation of terms, then mixing and interaction between the lexicon and public lexicon own terms, with the presentation of the problems and solutions of the terms of Kurdish, highlighting the role of a term that leads to enrich your dictionary (glossary of terms scientific disciplines), which is part of the general lexicon of the language, with the roads that lead to the formation of the term are applied in the Kurdish language.

In the Third chapter pointed to **(The role of dialects in enriching the lexicon Kurdish language)** the search for the role and activity of the dialects of Kurdish in enriching the lexicon Kurdish language statements, which are used in most areas in the Kurdistan region of Iraq, with the presentation of the effect of each tone of the dialects of the four Kurdish in enriching the lexicon, by counting extraneous words in the lexicon of the language of the Kurdish public statements, by the dialects.